# هێڵەکانی خوێندنەوە

# هێڵەکانی خوێندنەوە

## لێکۆڵینەوە و رانانی کتێب

سەنگەر زراری

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر – ٢٠١٢

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

## • هێڵەکانی خوێندنەوە

- لێکۆڵینەوە و رانانی کتێب
- نووسینی: سەنگەر زراری
- نەخشەسازی ناوەوە:  نووسەر
- پیتچنین و هەڵەگری:  نووسەر
- بەرگ:  جێگر عەبدولجەبار
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: خانی (دهۆك)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٤٢١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٦٢٨)



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: **www.mukiryani.com**

ئیمەیل: **info@mukiryani.com**

# ناوەرۆك


- ناساندن ........................................................ ٧

**- بەشی یەكەم: چەند رۆمانێكی كوردی ........................................ ٩**

- توانا بێسنوورەكانی مرۆڤ لە (شاری مۆسیقارە سپییەكان)دا ........................................ ١١

- كەسایەتی كۆمەڵگای كوردی لە (جەمشیدخانی مامم كە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)............ ٢٣

- مەینەتە مرۆییەكانی (زۆڵ) لە رۆمانی (مامزێر)دا ........................................ ٣٩

- قامچی: لەژێر قامچی خوێندنەوەدا ........................................ ٤٩

- (ژنێك بەسەر منارەوە) شەپۆلی پێچەوانەی بیركردنەوە باوەكان ........................................ ٦٣

**- بەشی دووەم: چەند رۆمانێكی وەرگێڕدراو ........................................ ٧١**

- تاریكستانێك لە چاوەڕوانی هەڵاتنی (هەزار خۆری درەوشاوە)دا ........................................ ٧٣

- (وەرزی كۆچ بەرەو باكوور) و غوربەتێكی هەمیشەیی. ........................................ ٩٩

- دژیەكی كولتوورەكان لە رۆمانی (شیكاگۆ)دا ........................................ ١١٧

- هاوتەریبی كێشەكانی كۆمەڵگا لە رۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان)دا ........................................ ١٢٧

**- بەشی سێیەم: خەرمانە كتێب ........................................ ١٤٣**

- رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ........................................ ١٤٥

- زمان، بوون، شیعر ........................................ ١٤٩

- بێرنارد كۆشنێر ........................................ ١٥٣

- پییەر بۆردیۆ و كۆمەڵناسی فەلسەفی ........................................ ١٥٧

- هوتێل ئەورووپا ........................................ ١٦١

- فەلسەفە ........................................ ١٦٥

- خواجە نەسرەدین................................................................................ ١٦٩
- تێكست.............................................................................................. ١٧٣
- كۆلارەباز.......................................................................................... ١٧٧
- كاروانی ئەندێشە ............................................................................... ١٨١
- دەروازەیەك بۆ ئاشنابوون بە زانستی كەلام ............................................. ١٨٥
- شیعری كراوە لە ئەزموونی نوێی شیعری كوردیدا ....................................... ١٨٩
- لە كەناری هزر و زمان و ئەدەبدا ............................................................ ١٩٣
- ئایندەسازی ........................................................................................ ١٩٧
- دوو كتێب لەبارەی شیعرەوە...................................................................... ٢٠١

**ناساندن:**

ئەم کتێبە دابەش کراوەتە سەر سێ بەش, بەشی یەکەم لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی چەند ڕۆمانێکی کوردییە و بەشی دووەمیش لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕدراوە, دوای خوێندنەوەی هەر یەکە لەم ڕۆمانانە، هەستم کردووە کە توانیویانە ببنە ئاوێنەی کۆمەڵگاکانیان و وەسفێکی وردی یەکێك لە لایەنەکانی کۆمەڵگای خۆیان بکەن, هەر ئەمەش بەشێکە لە پەیامی ڕۆمان, کە دەبێ ببێتە ئاوێنەی کۆمەڵگاکەی خۆی و کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگاکەی بە دەربڕینێکی هونەری و زمانێکی ئەدەبی بخاتەڕوو.

بەم هۆیەوە من لەم چەند ڕۆمانە وردبوومەتەوە و بە پێی توانا لەسەرم نووسیون و قسەم لەسەر کردوون.

هەرچی بەشی سێیەمە, ئەوا ناساندنی چەند کتێبێکە و زانیارییە دەربارەیان, واتا خوێندنەوەی قووڵ نییە, بەڵکو تەنها پێناسەیەکە بۆ کتێبەکان. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بابەتەکانی ئەم بەشە پێشتر وەکو گۆشەیەکی ڕۆژنامەوانی بە ناوی (خەرمانەکتێب) لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو بوونەتەوە, ئەوەش ڕوونە کە گۆشەی ڕۆژنامەوانی ڕووبەرێکی دیاریکراوی هەیە و دەرفەتی درێژدادڕی تێدا نییە, بۆیە ئەم بابەتانە کورت و سنووردارن. منیش ئەم بەشەم هەر لە ژێر ناوی گۆشەکە، واتا (خەرمانەکتێب) داناوەتەوە.

# بەشی یەکەم

## چەند رۆمانێکی کوردی

# توانا بێسنوورەکانی مرۆڤ

# لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: شاری مۆسیقارە سپییەکان**

**نووسەر: بەختیار عەلی**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٥**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند**

ئەگەر چیرۆکی ئەم رۆمانە بەردەوام بووایە و درێژەی بکێشابا، (عەلی شەرەفیار) چیدی نەیدەتوانی بەردەوام بێت لە گێڕانەوەی حیکایەتەکە، بەڵکو دەبوو بیداتە دەست یەکێکی دی و چۆن (عەلی شەرەفیار) بەشێك لە چیرۆکی (جەلادەتی کۆتر)ی گێڕایەوە، ئاواش ئەو کەسەی دوای ئەو دەهات دەبوو چیرۆکی (عەلی شەرەفیار) بگێڕێتەوە و پەیوەستی بکات بە چیرۆکی (جەلادەتی کۆتر)ــەوە، چونکە (عەلی شەرەفیار) پەیوەندییەکی وەکو جاران پتەوی بەو مەملەکەت و سەرزەمینەی ئێمەوە نەما، ئەو دوای ئەوەی بڕیاریدا رۆمانەکەی بە چاپ بگەیەنێت و بەرەو چاپخانە بەڕێکەوت، بەرلەوەی بگاتە چاپخانە، لەلایەن (جەلادەتی کۆتر)ــەوە نامەیەکی پێگەیشت لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، هەر کەسێکیش نامەی لەم جۆرەی بۆ بهاتبا، لەو کەسانەبوو کە دەبوو دەست بە ئیشکردن و خۆئامادەکردن بکات بۆ سەفەرکردن بەرەو ئەو شارە، دەبوو ببێت بە یەکێك لە (پاسەوانانی جوانی).

ئەم شارە، شاری ئەو توانا و جوانییانەی مرۆڤە کە لە شارە ئاساییەکاندا ناتوانرێ وەکو پێویست دەربکەون، جوانییەکان بە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانییەوە، واتا ئەم شارە لەبەرئەوەی ناوی (مۆسیقا)ی بەسەرەوەیە، پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە دەبێ تەنها (مۆسیقار)ەکان بۆی بچن، بەڵکو شوێنی هەموو ئەوانەیە کە بە دڵسۆزی و رۆحییەتێکی پاکەوە تێکەڵی کارەکانیان بوونە و بە جوانترین شێوە ئەدای کارەکانیان دەکەن، هەر بۆیەش چۆن جەلادەتی کۆتری (مۆسیقار) دەچێتە ئەم شارە لەبەر ئەوەی مۆسیقارێکی ئۆریژینالە، (ئۆریژینالْ) بەو مانایەی کە مۆسیقا لە ناخییەوە هەڵدەقوڵێت و بە رۆحییەتێکی پاك دەیژەنێت، نەك بە مەبەستێکی دیارکراوی بۆ نموونە (لە شێوەی سوود و قازانج). دەچێتە ئەم شارە، لەبەرئەوەی بەهۆی فلووتەکەیەوە دەتوانێ بەسەر دەریاکاندا بڕوات، رێگا دوورەکان ببڕێت، برینندارەکان چاك بکاتەوە. بە هەمان شێوەش (عەلی شەرەفیار)ی نووسەر دەچێتە ئەم شارەوە، چونکە نووسەرێکی رەسەنە و نووسینەکانی لە ناخێکی جوان و بە توانا دێتە دەرەوە و کاریگەرییان لەسەر خوێنەرەکانی هەیە. ناو و ناوبانگی گەورەی لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی وڵات بڵاوبۆتەوە. (محەمەدی فیردەوسی)ش دەچێتە ئەم شارەوە، چونکە نیگارکێشێکی جوانە و بە دوای کاری باشدا دەگەڕێت، هەوڵدەدات کاری باش تێکەڵ بەکاری خراپ نەبێت، خۆی و چەند کەسێکی دی لەژێر زەمینێکدا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە (جوانی) بکەن. (دالیا سیراجەدین) و (دوکتۆر موسای بابەك) و (فەهمی بەسری) و (مستەفای شەونم) و (جەلیلی باران) و (شارۆخی شارۆخ) و.. هەموو ئەوانی دیش دەچنە ئەم شارە کە پارێزگاری لەجوانی دەکەن.

*** *** ***

له رۆمانی (***شاری مۆسیقاره سپییەکان***)* دا (بەختیار عەلی) گرنگییەکی زۆری داوە بەو توانا گەورە و جۆراوجۆرانەی کە مرۆڤ هەیەتی، ئەو توانایەی کە هەندێ کەس لەشێوەی (بەهرە) لێیان بەدیاردەکەوێت و خۆیان گرنگی پێدەدەن، یان لە دەرەوەی خۆی گرنگی پێدەدرێت و کەشوهەوای بۆ دەڕەخسێنندرێ، بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە بەکاری بێنن و سوودی لێوەربگرن، هەندێکیش بێئەوەی لە شێوەی (بەهرە) لێیان بە دیار بکەوێت گرنگی بەخۆیان دەدەن و خۆیان دروست دەکەن، بەو مانایەی کە هەوڵدەدەن فێربن و خۆیان فێری زۆر شت دەکەن. هەڵبەت هەندێ کەسیش هەن کە (بەهرەدارن)، بەڵام لەبەر ئەوەی گرنگی بە بەهرەکەیان نادەن (لەبەر هەر هۆکارێکی "خود"ی یان "دەرەکی"ی بێت)، ئەوە بەهرەکەیان وردە وردە دەپووکێتەوە و نامێنێ، بەمەش هیچ سوودێکی لێوەرناگیرێت. هەموو مرۆڤێك توانای گەورەی هەیە، بەڵام ئەم توانایە ئەگەر بەکارنەهێنرێ و گرنگی پێنەدرێ بە دیار ناکەوێ، ئەگەر پەروەردە نەکرێ و کەشوهەوای بۆ نەڕەخسێ یان مومارەسە نەکرێت.

مرۆڤ خاوەنی گوێی دیکەیە کە دەتوانێ شتی زۆر دوورتری پێ ببیستێت لەو شتانەی کە بە گوێی ئاسایی دەبیسرێ.. چاوی دیکە هەیە کە لای سۆفییەکان بە (چاوی دڵ) ناسراوە و شتە دوور و نەبینراوەکانی پێ دەبینرێ، یان وەکو لە زانستی دەروونیدا باس دەکرێ کە لەگەڵ هەر هەستێکی دەرەکییدا، هەستێکی ناوەکی هەیە و شاراوەیە، ئەم هەستانەش بە (هەستی شەشەم) ناسراون.

هەر لەسەرەتاوە، لەم رۆمانەدا باس لەم توانا و هەستە شاراوە و نادیارانەی مرۆڤ کراوە ((هەزاران چاوی نهێنی و شاردراوە لەناخی مرۆڤدایە، ناوەوەی ئینسان پڕە لەچاوی تر، بەڵام ئەو چاوانەمان خەوتوون، دەبێت هەوڵبدەین بگەینە ئەو چاوانە، لە خەویان هەستێنین، هەر یەکێك لەو چاوانە دنیایەك دەبینێت کە بە چاوانی ئاسایی نابینرێن...ل٢٥)).

بەڵێ.. دەبێ ئەو چاوانە لە خەو هەڵبستێنین، بۆ ئەوەی دیوە نادیارەکەی دنیا ببینین، دەبێ توانا جۆراوجۆرەکانی خۆمان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا تاقی بکەینەوە و فێربین، دەبێ ئاگاداری ئەو مەترسییە دەرەکییانە بین کە دەیانەوێت بێن ئەو هەستانەمان بکوژن. لە سەردەمی ئێستاشدا، لە سەرووی هەمووانەوە ئامێرە تەکنەلۆژییەکانن کە هەستەکان دەکوژن و زۆربەی بیرمەندان هۆشداری دەدەن لەو هەڕەشە و مەترسییانەی ئەو ئامێرانە بۆ سەر بیرکردنەوە و تواناکانی مرۆڤ هەیانە، هەرچەندە بە دیوێکدا ئەم ئامێرانە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا مرۆڤ دەکەن بە ئامێرێکی ساردوسڕ، دەیکەن بە رۆبۆتێك، وای لێدەکەن کە هیچ بڕوایەکی بە خۆی نەبێت و تەنها پشت بە ئامێرەکانی لە جۆری (کۆمپیوتەر و مۆبایل و

ئۆتۆمبێل و..) ببەستێت. دەبێ بێدار بینەوە، دەبێ باڵندەکانی ناو رۆمان هەڵفڕێنین و بە کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیا ئەمسەر و ئەوسەر نەکەین، بێگومان ئەمەش بە دانیشتن و دەستەوەستان نابێت، بەڵکو هەوڵ و کۆششی دەوێت ((رۆح لاڵە، شتێکی بێزمان، عەردێکی بێدەنگە، عەردێکە هیچ شتێك تیا ناخوێنێت، وەك دارستانێك وایە پڕ لە باڵدار و جانەوەری خەوتوو، پڕە لە ئامێری مۆسیقی کپ و بێدەنگ، ژوورێکە مرۆڤ پڕی کردووە لە هاوار و دایخستووە، هەندێجار دەنگێك لە دوور دێت و هەموو ئەو شتانەی تۆزی بێدەنگی و خنکان و فەرامۆشی لەسەریان نیشتووە خاوێن دەکاتەوە، ئەو کات هەموو ژیانمان دەگۆڕێت ...ل ٣٤)).

بێدار نەکردنەوەی باڵندە و جانەوەرە خەوتووەکان و والانەکردنی ئەم ژوورە پڕ لە هاوارە، بچووککردنەوەی ژیان و کوشتنی زۆربەی رەهەندەکانییەتی، لەمرۆڤخستنی مرۆڤە، چونکە تواناکانی مرۆڤ تەنها چەند تاکەرەهەندێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەسەر گەلێ بواری جۆراوجۆر دابەشبووە، بۆ نموونە توانا لەڕووی بیرکردنەوە و فەلسەفە و ئەدەب و زانست و نووسین... تواناکانی مرۆڤ لە رووی فێربوونی زۆرترین زانیاری.. ئەو هێزە جەستەییەی کە مرۆڤ هەیەتی و لای زۆرێك لەوانە بە دیاردەکەوێ کە وەرزش دەکەن و وەرزشوانن.. توانای مرۆڤ لە سەفەرە دووروقووڵەکانی بۆ ناو قووڵایی دەریا و دەرەوەی زەوی و داهێنانی ئامێرە ئاڵۆز و وردەکان و...

*** *** ***

زۆربەی کاراکتەرەکانی ناو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەوانەن کە رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە رووداوەکانی ناو رۆمانەکە، لەوانەن کە بەرێژەی جیاواز تواناکانی خۆیان خستۆتەگەڕ و لەوانەن کە بە دوای توانا شاراوەکانی ناو رۆحی خۆیاندا دەگەڕێن، ئەگەر لە (عەلی شەرەفیار)ەوە دەست پێبکەین، عەلی شەرەفیار کە وەکو نووسەر و حیکایەتخوانی ئەم چیرۆکە دەردەکەوێ، لەمیانەی رۆمانەکەوە بەشێوەیەك دەردەکەوێت و ئاماژەی بۆ دەکرێت کە یەکێك لە نووسەرە گەورە و بەناوبانگەکانی وڵاتە، یەکێکە لەوانەی نووسینەکانی زۆر دەخوێندرێتەوە و بەرهەمی نووسینی جوانی پێشکەش بە خوێنەرانی کردووە، ئەمانەش نیشانەی بە توانایی و دڵسۆزی ئەوە لەکارەکەیدا.

(ئیسحاقی لێوزێڕین) مامۆستایەکی گەورەی مۆسیقایە، لای گەلێ مامۆستای بەناوبانگی مۆسیقی و لە زۆر وڵات مۆسیقای خوێندووە و بە دوای فێربووندا گەڕاوە، دواتریش توانا گەورە و سیحراوییەکانی لە کاتی فێرکردنی (جەلادەتی کۆتر) و (سەرهەنگ قاسم)دا بەدیار دەکەوێت.

(سەرهەنگ قاسم) گەنجێکی بەهرەمەندە و ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی فێربوون و هەموو تواناکانی خۆی لە فێربوونی مۆسیقادا سەرف دەکات.

(دالیا سیراجەدین) قوتابی زانکۆ و عاشقی پاك، ئەو کەسەی (خۆشەویستی)یەکەی ئەوەندە گەورە و بەهێزە، ئامادەدەیە لە پێناوی (خۆشەویست)ـەکەیدا وەکو سۆزانییەك کاربکات، تەنها بۆ ئەوەی چارەنووسی (خۆشەویست)ـەکەی بدۆزێتەوە، ئەو کۆمەڵێ فریشتەی هەن کە لە تاریکیدا لەگەڵیان دەدوێت، فریشتەکانی دالیا جوانی و توانا گەورەکانی رۆحی ئەون، چاو و گوێیە نادیارەکانی ئەون، کە لە نادیارەوە بەو هۆیەوە (خۆشەویست)ـەکەی خۆی دەبینێت و دەیدوێنێ.

(دکتۆر موسای بابەك) دکتۆرێکی بەتوانا و ژیاندۆستە، کەمانجەژەنە، هونەرپەروەرە، بەشێکی زۆری ژیانی خۆی بۆ گۆڕان و رزگارکردنی تابلۆ هونەرییە جوانەکان تەرخان دەکات، یەکێکە لە (پاسەوانانی جوانی) و کارە هونەرییەکان دەپارێزێت، تواناکانی ئەو لە کاتی روانین و قسەکردندا زیاتر بە دیار دەکەوێت ((چاوی دەنووقاند و نەیدەکردەوە، وەك ئەوەی بە چاوی داخراوەوە جوانتر تابلۆکە ببینێت، هێند بە کوێری و نیگای ناو دڵ لەبەردەم ئەو تابلۆیەدا دەوەستا، لەشی شەکەت دەبوو...)).

(فەهمی بەسری) مۆسیقارێکی بە توانا و مامۆستایەکی بە تواناشە، تاکە کەسێکە کە لە جیاتی ئەوەی مۆسیقای فێری خەڵك بکات، فێری ئەوەشیان دەکات مۆسیقایان (لەبیر بچێتەوە). ئینجا شارۆخی شارۆخ و جەلیلی باران و محەمەدی فیردەوسی و ئەو مۆسیقارانەی لەگەڵیدان و مستەفای شەونم و هاوڕێ قودسی و رەوشەنی مستەفا سەقزی و.. هەر یەك لەوانە تواناکانیان بەدیارکەوتووە و وەکو رۆح و جەستەیەکی بێکەڵك بە دنیادا ناسوڕێنەوە.

بێگومان بەگەڕخستنی ئەم توانایانە و دەرکەوتنەوەی جوانییەکانی ناو مرۆڤیش هێندە سانا نابێت، بەڵکو پێویستی بە هەوڵی زۆر و ماندووبوونێکی زۆر و قوربانییەکی گەورە هەیە. بۆیەش ئەو توانایەی لەو ساتەوە بە دیار دەکەوێت جیابوونەوەی خۆی لە جەستەی مرۆڤەکە رادەگەیەنێ، واتا لەو کاتەی مرۆڤ بە مانا فیزیکییەکەی مرد و جەستەی لە ژیاندا بە تەواوی سڕایەوە، ئەو توانایە نامرێ ((هەمووومان شتێکی شاردراوە لە رۆحماندا هەیە، بەڵێ وایە، شتێك لە ساتی مردندا نایەوێت لەگەڵماندا بمرێت...ل ١٣٣)).

جگە لەو کەسە توانادارانەی لە رۆمانەکەدا بە دیار دەکەون، کەسانێکی زۆریش هەن خەڵکی عەوامن و دێن و دەڕۆن، واتا رۆڵێکی ئەوتۆ لە رۆمانەکەدا ناگێرن، بەڵکو تەنها وەکو کۆمبارس بە دیار دەکەون، بێگومان ئەمانەش کەسانی بە توانا و بەهرەمەندیان تێدایە، بەڵام بە گشتی ئەمە نیشانەی ئەو کەسانەن کە ژیان تەیدەکەن و تەنها لە خەمی نان و ئاو و

تێرکردنی غەریزەکانی خۆیانن. رۆماننووسیش (بەچاوپۆشی لەوەی رۆمان خۆی پێویستی بە کاراکتەری زۆر هەیە)، پێدەچێ بەشێك لەمانەی بۆ ئەوە دانابێ کە هەم هاوسەنگییەك و هەم بەراوردێك دروست بکات لە نێوان گەڕیدەکان بە دوای فێربوون و خەڵکی رەشۆکی ئاسایی، نموونەی ئەوانەش لەناو رۆمانەکەدا زۆرن لەوانە: (ئەو کەسانەی کە رۆژانە دەهاتنە پرتەقاڵی سپی بۆ کەیف و سەفا و رابواردن.. ئەو سۆزانییانەی کە لە پرتەقاڵی سپی و شاری تەپوتۆزە زەردەکان دەژیان.. ئەو سێ سەربازە کوردەی لەگەڵ (جەلیلی باران) دێن بۆ شاری تەپوتۆزەکان.. خەڵکی ئۆردوگای ئاوارەکان.. خەڵکی گێلاسی سپی.. ئەو دوو فیتەرەی لە چێشتخانەیەکدا لە تەنیشت جەلادەتی کۆتر و مستەفای شەونمدا دادەنیشن و باسی یەکێك لە برادەرەکانی خۆیان دەکەن.. ئەمانە ئەو کەسانەن کە بەڕواڵەت بە دوای تواناکانی خۆیاندا نەگەڕاون و رێژەشیان زیاترە لەوانەی کە تواناکانی خۆیان دۆزیوەتەوە، هەروەکو لە ژیانی واقیعیشدا ئەمە روونە کە هەمیشە ئەوانەی بە دوای تواناکانی خۆیاندا وێڵن کەمینەن، نەك زۆرینە، ئەو زۆرینەیەش کە بە دوای تواناکانیاندا ناگەڕێن، وەنەبێ رێگایان لەبەردەم داخرابێت و نەتوانن هیچ شتێك بکەن... نەخێر، چونکە دەرگای هونەر دەرگای توانا و جوانییەکان، بەڕووی هەموو کەسێکدا ئاوەڵە و لەسەر پشتە، هەر کەس بیەوێت دەتوانێ ببێتە خاوەنی و کۆدەکانی بدۆزێتەوە. ((هونەر رێگایەکی کراوەیە، تا ناکۆتا کراوەیە، بەلاّم رۆیشتن بەو رێگایەدا پێویستی بە شیفرەیەکی تایبەتی هەیە، هەندێك هەن هەموو ژیانیان لەخۆڕا سەرف دەکەن و ئەو شیفرەیە نادۆزنەوە...ل٤٣٨)).

(جەلادەتی کۆتر)ی پاڵەوانی سەرەکی ئەم رۆمانە، لەو کەسانەیە کە بە دروستی بە رێگاکەدا رۆیشتووە و شیفرەکانی دۆزیوەتەوە، ئەو دەیتوانی شتەکان لە تاریکیدا ببینێت، لە بوارەکەی خۆیدا (مۆسیقا) گەیشتبووە لوتکە و دواپلە، هەموو تواناکانی لێ بەدیار کەوتبوو، مۆسیقایەکی ئەفسووناوی دەژەنی، لەلایەکی دیکەوە دیوی نادیاری واقیع و شتەکانی دەوروبەری خۆی دەبینێ. ((جەلادەت هەستی دەکرد ئەو بووە بە مەخلوقێك کە دیوێکی دیکەی دنیا دەبینێت کە کەسی دی نایبینێت...))، هەڵبەت ئەمەش لەخۆوە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی وێڵبوون و گەڕان و ماندووبوونی (جەلادەت)ە بەدوای فێربووندا، لە ئەنجامی ئاوارەیی ئەوە لە ژیاندا، بەمەش نەك تەنها خۆی، بەڵکو هەوڵی بۆ رزگارکردن و خستنەگەڕی کەسانی دیکەش داوە ((من زنجیری زۆر کەسانم شکاندووە، هەتا زنجیرەکانی ناو رۆحی خۆشم هەر خۆم شکاندوومن، ئاوارەبوون ئەوەیە مرۆڤ زنجیری خۆی بشکێنێت و بڕوات...ل٣٢٨))، بەمەش بۆتە (داهێنەر) و لەسەر زەمینێك دەژییێت کە لە دەرەوەی (شوێن) و (زەمان) دایە، بۆتە

ئاوارەیەکی وێڵ، (ئاوارە) نەك بەو مانایەی لەو جوگرافیایەدا ناژییێت کە شوێنی لەدایکبوونی خۆی و باو و باپیرانییەتی، ئاوارە بەو مانایەی کە هەمیشە نیگەرانە، هیچ شوێنێك بە هی خۆی نازانێت، لە هیچ شوێنێکدا ئۆقرە ناگرێت و هەموو کاتەکان بە دوای نهێنییەکانی ژیان و دنیا وێڵە، لەسەر زەمینێك دەژی نە شوێنی ژیانە و نە شوێنی مردن ((هەموو داهێنەرێك کەسێکە لەو هەرێمە دەژی کە نە ژیانە و نە مەرگ...ل٣٢٦)). ئەو کەسانەی کە داهێنەر نین، ئەو کەسانەی کە فێرنابن (یان راستتر نایانەوێ فێر بن)، مانای ئەوە نییە کە هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدا نییە، لە ئەزەلەوە بێتوانا و بێبەهرەن.. نەخێر، بەڵکو ئەوانەن کە خۆیان نایانەوێ فێر بن، ئەوانەن کە ناجووڵێنەوە، بۆ ساتێك خۆیان ماندوو ناکەن، ئێمە باسی ئەوانە ناکەین کە هۆکاری دەرەکی لەشێوەی شەڕ و کەلتوور و کۆمەڵگا و خێزان.. دەبنە رێگر لەبەردەم فێربوون، بەڵکو باسی ئەوانە دەکەین کە دەرفەتی لەبار و گونجاویان هەیە، هەمیشە رێگایەکیان لەبەردەمدایە بۆ فێربوون. ((زۆر شت لەگەردووندا هەن دەیانەوێت تۆ بدوێنن، نامەی تایبەتیان لە سروشتەوە بۆ تۆ پێیە، کاتێك تۆ ناتوانیت لەو نامایە تێبگەیت. ئەو نامەیە دەڕوات و بۆ هەتاهەتایە لەدەست دەچێت...)).

بەدیوێکی دیکە لەم رۆمانەدا پەیوەندییەکی جوان و تەبا لە نێوان (هونەر) و(عەدالەت)دا هەیە ((عەدالەت هەرگیز ئەوە نییە حاکمێکی پیر لەسەر کورسییەکەی خۆیەوە دەریدەکات، بەڵکو ئەو بڕیارەیە کە پارچەیەك مۆسیقا دەریدەکات، شیعرێکی مەزن دەریدەکات، تابلۆیەك بە نهێنی لە رەنگەکانیدا دەینووسێتەوە، ئەوە تەنیا عەدالەت و دواعەدالەتە لەسەر ئەم ئەستێرەیە...ل١٩٧)). ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر هونەرێك، یان هەر کارێکی دیکە لەو کارانەی کە مرۆڤ رۆژانە پێیەوە سەرقاڵ دەبێت، مانەفێستی روحی کارەکە نەبێت "واتا دەربڕی راستەقینە و بابەتییانەی کارەکە نەبێت و کۆپییەکی بێزەوەر بێت، ئەوە عەدالەت لەو کارە و لەو پنتەدا نییە، بە زیادبوونی ناعەدالەتیش لەناو کارەکاندا، ناعەدالەتی کۆی بوار و پنتەکانی ژیان دەگرێتەوە.

*** *** ***

(شاری مۆسیقارە سپییەکان) شاری ئەبەدییەتە، شارێکە شوێنی ئەو کەسانەیە کە نامرن، (نامرن) نەك بەو مانایەی کە لە ژیاندا وەکو جەستە دەمێننەوە و رۆژانە ئێمە هەست بە بوون و ئامادەبوونی جەستەیان بکەین لەناو خۆماندا، بەڵکو شاری ئەو کەسانەیە کە کارە داهێنەرانە و جوانەکانیان هێندە گەورەیە، مردن دەرەقەتیان نایەت و ناتوانێت بیانسڕێتەوە، شاری ئەو کەسانەیە کە کارەکانیان ئەبەدییە ((ئەبەدییەت شارێکی گەورەیە و هەریەکێك لە

ئێمە کوچەیەکین لە کوچەکانی ئەو شارە...ل٦٠١))، بەلاّم هەموو کەسێك هەست بەوە ناکات کە کوچەیەکە لەم شارە و تا سڕانەوەی جەستەشی هەر بەو نەزانییە دەمێنێتەوە، هەیە درەنگ دەزانێ کە خەڵکی ئەم شارە ئەبەدییەیە، هی واش هەیە کە هەر لە سەرەتاوە دەزانێت، دەوروبەرەکەی زوو هەستی پێدەکەن کە زیرەکە یان بەهرەمەندە و گرنگی پێدەدەن ((هەندێ کەس هەن هەر لەسەرەتاوە دەزانن کە ئەوان خەڵکی شاری مۆسیقارە سپییەکانن و هەندێکیش هەن نازانن...ل٥٥١)). مێژووی دروستبوونی ئەم شارە، مێژووی دروستبوونی مرۆڤە، لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا، توانای داهێنەرانەش لەدایکبووە، هەمیشە کەسانێك هەبوونە کە تواناکانیان بە دیار کەوتووە ((ئەم شارە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤەوە لەسەر زەمین بوونی هەبووە...ل٥٥١)). خەڵکی ئەم شارە لە شوێنێکی دیاریکراوی ئەم سەر رووی زەمینە نین، ئەوان بە هەموو شوێنەکانی جیهاندا بلاّوبوونەتەوە، بۆ هەر کەسێك لە هەر شار و شوێنێك، هێڵێك هەیە کە ئەم شارەی پێدەبەستێتەوە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێ بۆی بچێت ((شاری مۆسیقارە سپییەکان بەشێکی تایبەتی هەموو شارەکان و شوێنەکانی دنیایە...ل٥٥١))، کەواتە دەستەوئەژنۆ دانیشتن بە بیانووی ئەوەی جوانییەکان لە مەملەکەتی ئێمەدا نین، قسەیەکی پڕوپووچ و بێمانایە، چونکە جوانی لە هەموو خاڵ و پنتێکی گۆی زەویدا بوونی هەیە.

*** *** ***

هەڵبەت ئەوەی لای ئێمە باو و ئاساییە بۆ (زانین)، (فێربوون)ە، واتا ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شتێك بزانێ، هەوڵدەدات و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی ئەو شتە فێرببێت، کەسانی واش هەن ئەو ئارەزووەیان نییە و هەوڵ نادەن فێربن، بەلاّم ئەم رەوتە مەئلوفە لەم رۆمانەدا تێکدەشکێ و پێچەوانە دەبێتەوە، حاڵەتی وامان بەرچاو دەکەوێ کە مرۆڤ هەوڵی (لەبیرکردن) دەدات، ئەویش نەك بە شێوەی وردە وردە و سروشتی، واتا نەك بەو شێوەیەی کە مرۆڤ بەپێی تێپەڕبوونی کات خۆی شتەکان لە بیربکات، کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی و بەهۆی دوورکەوتنەوە لە کارێك یان مومارەسەنەکردن، شتەکانی بیردەچێتەوە، بەڵکو بەشێوەی (فێرکردن). واتا فێرکردنی (لەبیرچوونەوە).

جەلادەتی کۆتر کاتێك دەچێت بۆ تیاتری (پرتەقاڵی سپی) و مۆسیقا دەژەنێت، هەموو ئامادەبووانی ئەوێ بە جۆرێك سەرسام دەبن و تێکەڵ بەو مۆسیقایە دەبن کە ئاگایان لە خۆیان نامێنێ، چونکە هیچ کات گوێیان لە مۆسیقایەکی لەمجۆرە نەبووە، بەڵکو ئەوەی ئەوان بیستوویانە مۆسیقایەکی بازاڕی بووە بۆ هەڵپەڕین و کەیف و سەفا و بازرگانی و رابواردن لەگەڵ سۆزانییەکان لێدراوە، ئەمجۆرە مۆسیقایەش هیچ کات چێژێکی راستەقینەی مۆسیقی

نەبووە، وەکو ئەو مۆسیقایەی ئێستا جەلادەت لێی دەدات و هەستی پێدەکەن، کە ئەمە مۆسیقای حەقیقییە، لێرەوە دالیا سیراجەدین دەزانێ ئەگەر جەلادەت مۆسیقایەکی لەمجۆرە لێبدات، دواجار کەشف دەبێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە هەمووان دڵیان بەو مۆسیقایە خۆش دەبێت تەنها ئەو نەبێت، تەنها ئەو لەو کاتەی دەیباتەوە ژوورەکەی خۆی پێی دەڵێت ((تۆ گەمژەیت، گەمژەی تەواویت، باوەڕ ناکەم لەم سەر ئەستێرەیە بێمێشکێکی وەك تۆ هەبێت...))، دواتر ئاگاداری دەکاتەوە کە ((گەر لێرە ئەو جۆرە مۆسیقایە لێبدەیت دەتدۆزنەوە و دەتکوژن، وادەزانی کە سەرسامبوون پێت ماچ دەکەن و دەڕۆن، ئێرە تیاترۆخانەیە، شەوان پڕ دەبێت لە ئەفسەر و بەرپرسی ئاسایش، پڕ دەبێت لە پاسەوانەکانی کۆشك، لە پۆلیسی نهێنی، لە جەندرمەی هەیئەتی تایبەتی، لە برادەری کوڕەکانی سەرۆك، لە پاسەوانە تایبەتییەکان، لە پسپۆرەکانی پیشەسازی سەربازی، لەو جەلادانەی خەڵك بەقووندا هەڵدەواسن، خودایە، تۆ بێمێشکیت یا بە ئەنقەست وادەکەیت، هەر مەخلووقێك سەرنجیان رابکێشیت دەچنە بنج و بناوانی...ل١٣٦))، جا بۆ ئەوەی نەیگرن و نەیکوژن، بۆ ئەوەی نەچنە بنج و بناوانی، کە (جەلادەت) خۆی کەسێکە لە رەمکردندا رزگاری بووە و هاتۆتە ئەم شارە و ئێستا لەم شارەدا بە نهێنی شاردراوەتەوە، ناچار دالیا سیراجەدین هەوڵ دەدات کە رێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی مۆسیقای لە بیر بباتەوە، چونکە جەلادەت پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە نازانێ مۆسیقای خراپ بژەنێ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا شتێکی هێندە ئاسانە مۆسیقا لەبیر خۆی بباتەوە و وای لێبێت مۆسیقایەکی خراپ بژەنێت، لەکاتێکدا کە تا ئەوکات هەموو ژیانی خۆی بۆ مۆسیقا کردبووە قوربانی..؟! بێگومان نەخێر.. شتێکی ئاسان نییە، بۆیەش ژیانی جەلادەت لەو رۆژەوەی کە هەوڵی (لەبیرچوونەوە)ی مۆسیقا دەدات، دەبێتە دۆزەخ، بەپلەی یەکەم لەبەرئەوەی مۆسیقا تێکەڵ بەرۆحی بووە و خۆشەویستترین شتە لەلای، بە پلەی دووەمیش لەبەرئەوەی (لەبیرچوونەوە) کارێکی ئاسان نییە ((من لەو رۆژەوە دۆزەخێکی گەورە ژیام، سەفەرێکی ترسناکم دەستپێکرد، سەفەری بیرچوونەوەی مۆسیقا، دەبوایە هەموو ئەو مۆسیقایەم بیربچێتەوە کە فێری بووم...ل ١٣٨))، بەڵام چۆن ئەم مۆسیقایەی لەبیر دەچێتەوە؟! ((مرۆڤ بە درێژایی مێژوو گەلەك تەکنیکی گرنگی بۆ فێربوون گەشەپێداوە، بەڵام مرۆڤ زانستێکی بۆ بیرچوونەوە دانەمەزراندووە، توانای ئینسان لەسەر بیرچوونەوە دەیانجار لە توانای لەسەر فێربوون لاوازترە...ل١٣٨)). لەگەڵ ئەوەشدا بە هەر جۆر و نرخێك با، دەبوو جەلادەت مۆسیقای لەبیر بچێتەوە و فێری مۆسیقای خراپ بێت، چونکە ژیانی ئەو بەند بوو بە لەبیرچوونەوەی مۆسیقا، ئەگەر ویستی ژیانی هەبا، دەبوو مۆسیقای بیربچێتەوە، بە

پێچەوانەشەوە مەرگ چاوەڕوانی دەکرد ((گەر دەیەوێ بە مۆسیقا بژی و خۆشی تووشی کێشەی گەورە نەکات و ئاسوودە بێت، دەبێت هەموو ئەو مۆسیقایەی بیر بچێتەوە کە تا ئێستا فێری بووە...ل١٤٢))، بۆ ئەم مەبەستە دالیا سیراجەدین کەسێك بەناوی (فەهمی بەسری) لەگەڵ خۆیدا دێنێ بۆ لای (جەلادەت)و بە (مامۆستای مۆسیقا) بە جەلادەتی دەناسێنێ، ئەوەی پێڕادەگەیەنێ کە بۆ ئەوەی فەهمی بەسری ژیانی (جەلادەت) لە مەترسی ئاشکرابوون و مەرگ رزگار بکات، لە جیاتی ئەوەی فێری مۆسیقای بکات، مۆسیقای لەبیردەباتەوە!!!

لە ڕاستیدا (فەهمی بەسری) بەڕاستی مامۆستای مۆسیقایە و یەکێکە لەو کەسانەی توانا شاراوەکانی ناو رۆحی خۆی دۆزیوەتەوە، یەکێکە لەو کەسانەی سەر بە شاری ئەبەدییەت، یەکێکە لە سەرنشینانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەر بۆیەش جەلادەت دواتر لە سەفەرەکەیدا بەرەو (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، یەکێك لەوانەی لەوێی دەبینێتەوە (فەهمی بەسری)ـە، بەلاّم ئەو بارودۆخ و زروفەی ئێستا ئەوان تێیدا دەژیان، مۆسیقای راستەقینەی نەك هەر پێویست نییە، بەڵکو مۆسیقا مایەی سەرئێشەیە و ژیان دەخاتە مەترسییەوە. ئەگەر بشلێین بۆچی ئەوان (واتا جەلادەتی کۆتر و فەهمی بەسری) لەوکاتەدا لەجیاتی لەبیرچوونەوەی مۆسیقا و کپکردنەوەی تواناکانیان مەرگیان هەڵنەبژارد؟ رەنگە وەلاّمەکەی ئەوە بێت کە هەم خودی ژیان خۆی لای مرۆڤ خۆشەویستە و هەم ژیانی ئەوکاتیش پێویستی بەو جۆرە کەسانە هەبووە کە لە دەرفەتێك بگەڕێن بۆ ئەوەی شۆڕشێك بەرپا بکەن و جوانییەکان بژیێننەوە. ئاخر ولاّتێك کە (لە ماوەی سی ساڵدا لە سەرباز و سۆزانی زیاتر هیچی پەروەردە نەکردبێت) چ پێویستی بە مۆسیقای راستەقینە هەیە.

بێگومان لەم هەوڵی (لەیادچوونەوەی مۆسیقا)یەدا جەلادەت تەواو بێزار و شەکەت و ماندوو دەبێت، چونکە فەهمی بەسری مامۆستای، چەند وانەیەکی وەڕەسکەری بۆ دادەنێت کە دەبێ پراکتیکیان بکات، تاکو مۆسیقای بیر بچێتەوە.

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی لەناو ئەم رۆمانەدا لەجیاتی هەوڵی فێربوون، هەوڵی (لەبیرچوونەوە) دەدات، (مستەفای شەونم)ە، دوای ئەوەی مستەفای شەونم تووشی حاڵەتێك دەبێت و پەیوەندی نێوان ئەو و (لەیلای نیلۆفەر) ئاشکرا دەبێت، ئەو پەیوەندییەی بەهۆی نیگارکێشانەوە دروستبووە و دەبێتەهۆی لەناوبردن و کوشتنی (لەیلای نیلۆفەر) و برینداربوونی (مستەفای شەونم) خۆی، بەم هۆیەشەوە هەم (مستەفای شەونم) خۆی ئارەزووی بۆ نیگارکێشان نامێنێ و هەم باوك و خزم و کەسەکانی لێی قەدەغە دەکەن کە چیتر نیگار بکێشێت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ تا هونەری نیگارکێشانی لەبیر بچێتەوە، ئەمەش زۆر

ماندووی دەكات ((من زۆر ماندوو بووم تا رەسمم لەبیرچووەوە، تا چەند سالێكیش بەڕێگادا دەڕۆیشتم و هەر بە خەیاڵ رەسمم دەكرد، بەلاّم دواجار لەناو ئەم بازارِ و چێشتخانانەدا لەنگەرم گرت، لێرەدا بەردەوام دەمخوارد.. جەلادەت من چەندین سالّە دەخۆم بۆ ئەوەی بیر لە رەسم نەكەمەوە، بیر لە هەموو شتەكانی دنیا دەكەمەوە تەنیا بۆ ئەوەی بیر لە رەسم نەكەمەوە، ئێرە نیشتیمانی منە.. دەزانی چەند ماندوو بووم تا رەسمم لەبیرچووەوە؟ چەند ئازار و ئەشكەنجەم چەشت تا ئەو نیگاركێشەی ناو خۆمم كوشت؟ دەزانیت؟...ل ٤٦٢)).

كەواتە ئەم رۆمانە تەنها ئەو تواناییانەی مرۆڤمان پێ ئاشنا ناكات كە بۆ (فێربوون) هەیەتی، بەڵكو ئەوەشمان پێدەڵێت كە مرۆڤ لەتواناییدا هەیە ئەو شتانە لەبیر خۆی بباتەوە كە فێریان بووە.

(لەبیرچوونەوە)یەك نەك بە شێوە سروشتییەكەی مرۆڤ خۆی، كە زۆر جار وردە وردە شتی لەبیر دەچێتەوە، بەڵكو (لەبیرچوونەوە) بە مەبەستێكی دیاریكراو و بە شێوەیەكی پلان بۆ دانراو و بەرنامەڕێژكراو، یان وەكو جەلادەت بە هۆی وەرگرتن و خوێندنی چەند وانەیەكی دیاریكراو. كەواتە تواناكانی مرۆڤ زۆر لەوە زیاترە كە لە خەیاڵدانی هەر یەكێك لە ئێمەدا هەیە.

**** شاری مۆسیقارە سپییەكان (رۆمان) - بەختیار عەلی. چاپی یەكەم، ٢٠٠٥، لە بلاّوكراوەكانی نێوەندی رەهەند.***

# کەسایەتی کۆمەڵگای کوردی

**لە (جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)**




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد**

**نووسەر: بەختیار عەلی**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب**

ئەگەرچی ناتوانرێ بەوردی هەموو لایەنەکانی رۆمانێك دیاری بکرێت و لێکبدرێتەوە و راڤە بکرێ، یان وەکو (مالکام برادبری) دەڵێت: "دەکرێ بە وردی و وشە بە وشە لێکۆڵینەوە لەسەر غەزەلێك بکرێت، بەڵام رۆمان کەمتر خۆی بەدەست ئەو جۆرە راڤەکردنانەوە دەدات".[1] ئەمەش لەبەر زۆری و بەرفراوانی ئەو لایەن و بابەتانەی کە رۆمان هەڵگرییەتی، بەڵام ئەمە رێگا لەوە ناگرێ کە لایەنێك یان چەند لایەنێکی رۆمانەکە وەربگیرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. لێرەدا و لەم روانگەیەوە، ئێمە قسە لەسەر چەند لایەنێکی دیاریکراوی رۆمانی (***جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد***)* دەکەین. کە پێمان وایە لایەنی دیارن لە رۆمانەکەدا، لەوانەش:

- سروشتی حیکایەتخوانی رۆمانەکە کە کەسێکی نارۆشنبیرە و رۆمانەکە دەنووسێتەوە، لەکاتێکدا کە هەم پاڵەوانەکە خۆی و هەم هاوکارەکەی دیکەشیان کە لەگەڵیاندایە، کەسانی رۆشنبیرن، بەم پێیەش دەبوو ئەوان جوانتر چیرۆکەکە بنووسنەوە و گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە ئەستۆی ئەواندابا، بەڵام ئەرکی گێڕانەوەکە لە لایەن رۆماننووسەوە خراوەتە سەر شانی کەسێکی نارۆشنبیر، ئەمەش بۆئەوەی پێمان بڵێت: تەنها رۆشنبیرەکان نین کە هەموو شتێك دەزانن و خەڵکی تر تەنها کاریان ژیان بەرێکردن یان رابواردنە (وەکو گێڕەرەوەی ئەم رۆمانە کە زۆری حەز لە رابواردنە)، بەڵکو خەڵکی ئاساییش دەتوانن چیرۆك بگێڕنەوە و بنووسنەوە و بە جوانیش ئەم کارە بکەن.

- سروشتی پاڵەوانی رۆمانەکە: لە زۆربەی رۆمانەکانی دیکەدا، (بەختیار عەلی) شوێنی فەنتازی دروستکردووە و کارکتەرەکانی لەسەر دەجولێنێت، بەڵام لەم رۆمانەدا شوێنەکان شوێنی واقیعین و پاڵەوانی رۆمانەکە کەسێکی فەنتازییە.

- رەخنەگرتن لە پێشەنگ و دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگا: لەم رۆمانەدا کەمتر رەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوانە گیراوە کە پەیوەستە بە خەڵکی رەشۆکی کۆمەڵگا، ئەوەی زیاتر کەوتۆتە بەر رەخنە، بارودۆخی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووس و نووسەران و بەرپرسەکانن، کە ئەمانەش خەڵکی دەستەبژێری کۆمەڵگان و لە بنەڕەتدا ئەرکی پێشەنگیکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا لە ئەستۆی ئەواندایە.

- خەیاڵی دەستکاریکردنی حیکایەتەکان: زۆرجار حیکایەتە دینی و ئەفسانەییەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا تەوزیف دەکرێن و جەوهەری حیکایەتەکە دەستکاری ناکرێت، بەڵام لەم رۆمانەدا هەردوو چیرۆکی (بنەڕەتی مرۆڤ بەپێی گێڕانەوەی چارلز داروین) و چیرۆکی (ئادەم و

حەوا) گێڕدراونەتەوە و هەڵگێڕدراونەتەوە. بەشێوەیەك دەستكاری كراون كە پێچەوانەی گێڕانەوە بنەڕەتییەكەن و گێڕانەوەی لۆژیكییشن، بە جۆرێك ڕەنگە ئەگەر هەر یەكێك لەو چیرۆكانە چەند گێڕانەوەیەكی جیایان هەبووایە لەسەرچاوە بنەڕەتییەكەی خۆیانەوە، ئەوا ئەمەش دەبووە یەكێك لەو گێڕانەوانەی كە باوەڕهێنەرن.

- كەسایەتی كۆمەڵگای كوردی: پێموایە ئەمە لایەنێكی دیاری ئەم ڕۆمانەیە و بەشێوەیەكی ورد و جوان لەرۆمانەكەدا باس لە سیفەتەكانی (كەسایەتی كۆمەڵگای كوردی كراوە). لە خوارەوە هەم باسی هەندێك لەو سیفەتانە دەكەین و هەم ئاماژە بەوەش دەكەین كە مەبەستمان لە (كەسایەتی كۆمەڵگای كوردی) نەك (كەسایەتی تاكی كورد) چییە؟

## بێكەڵكترین حیكایەتخوان:

حیكایەتخوان لەم ڕۆمانەدا، كەسێكە ڕۆشنبیر نییە و ئاستی ڕۆشنبیرییەكەی زۆر لاوازە، لەناو كەسوكاری خۆیدا بە بێكەڵكترین كەس دادەنرێت، ((من و سمایل بێكەڵكترین كەسی ناو خێڵی خۆمان بووین... دوو گەنج كەس چاوەڕوانی شتێكی باش و پاشەرۆژێكی ڕوونی لێ نەدەكردین...ل٨))،[٢] تەنانەت نەیدەویست خۆشی ڕۆشنبیر بكات و ئارەزووی خوێندنەوەی نەبووە، كەسێكە زیاتر مەیلی كاتبەسەربردن و رابواردنی هەیە، ((دەمویست كاتی خۆم لە گەڕانی ئازاد و سەرەڕۆیی و خانمبازیدا ببەمەسەر...ل١٠-١١))، ((ئەوەندەی دەمویست كات ببەمەسەر هیچی دیم مەبەست نەبوو...ل٩٣)).

ئەم حیكایەتخوانە تەواوی بەسەرهاتەكانی جەمشیدخانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەنووسێتەوە، بەڵام نەك نووسەر نییە، بەڵكو خوێنەریش نییە و لە ژیانیدا تاقە كتێبێكی نەخوێندۆتەوە. ((لەیادم نەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان كتێبێكی ڕاستەقینەم لەمسەر بۆ ئەوسەر خوێندبێتەوە...ل١٢٢))، جگە لەوەی كەسێكی ناڕۆشنبیرە، كەسێكیشە لەسەرەتاوە جەمشیدخانی پاڵەوانی ڕۆمانەكەی خۆشناوێت و جەمشیدخانیش ئەوی خۆشناوێت، ((ئێستا دەبوو دەستبەرداری هەموو شتێك ببم و خۆم بۆ خزمەتی یەكێك تەرخانبكەم كە خۆشم نەدەویست...ل١٢)). هەرچەندە لە كۆتاییدا هەندێ خۆشەویستی بۆ جەمشیدخان دروست دەبێت، بەڵام ئەم خۆشەویستییە زیاتر لە ڕوانگەی جووڵانی سۆز و بەزەییە بۆ كەسێكی ناتەواو و نائاساییی، نەك خۆشەویستییەكی ڕەها.

لێرەدا ڕۆماننووس کارێکی وای کردووە (سالارخان)ی حیکایەتخوان ناچار بێ چیرۆکی ئەم کابرایە بگێڕێتەوە، چونکە لەلایەك جەمشیدخان لەگەڵ هەموو کەوتنە خوارەوەیەکدا تەواوی یادەوەرییەکانی بیر دەچێتەوە، بەمەش ئەگەر خۆی چیرۆکەکەی بۆ بگێڕابایەوە، ئێمەش وەکو سمایل (کە ئەویش یاریدەدەری جەمشیدخانە) نائومێد دەبووین، لەبەرئەوەی جەمشیدخان خۆی دەکرد بە پاڵەوانی ئەفسانەیی و شتی زۆر خەیاڵی بۆ دەگێڕاینەوە، هەروەکو هەوڵیشی دا چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە و بنووسێتەوە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو شتی زۆر خەیاڵی نووسیبوو ((دوای مانگێك یاداشتەکانی خۆی لە فایلێکی سووردا دا بە سمایل... سمایل دوو ڕۆژ لەسەری دانیشت و دواتر بە دەرئەنجامێکی زۆر نائومێدکەرەوە هاتەوە، خان لە سەفەرەکەیدا لەبری ئەوەی باسی گەشتی ڕاستەقینەی خۆی بکات، قسەی لەگەشتێك کردبوو کە تێیدا ئەو سەرداری کەشتییەکی گەورە بووە، دێوی گەورە هاتوونەتە بەردەمی، پەری ئاو فریویانداوە، کەوتۆتە دوورگەیەکەوە هەمووی خانمانی قەشەنگ بووە، لە جێگایەکدا بووە بە دیلی جانەوەرێکی گەورەی یەکچاو...ل١٢٠)).

لەلایەکیتر ئەگەر ئەرکی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بکەوتبایە ئەستۆی (سمایل) کە ئەویش وەکو (سالارخان)ی حیکایەتخوان پەتگری جەمشیدخانە و وەکو ئەویش برازایەتی، لەویش ڕۆشنبیرترە و بەردەوام کتێب دەخوێنێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی چیرۆکەکە بگەیەنێتە ئەم شوێنەی ئێستای، چونکە سمایل زوو دەکەوێتە ناو ژیانی تایبەتی خۆی و دەبێتە ڕۆژنامەنووس و کەمتر لە سالار ئاگای لە چیرۆکەکەی جەشید هەیە و دواتریش زوو دەکوژرێت.

کەواتە یەکێك لە گرنگییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە ئەو کەسەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دوو سیفەتی تێدایە، هەردوو سیفەتەکەش هی ئەوە نین وای لێ بکەن چیرۆك بگێڕێتەوە، کەچی دەیگێڕێتەوە، ئەم دوو سیفەتەش:

یەکەم: کەسێکە ڕقی لە پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەبێتەوە و بەشێوەیەکی بابەتییانەش ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، واتا ئەم ڕقەی لە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی هەیە و ئەو ڕقەش کە پاڵەوانەکە بەرامبەر بەو هەیەتی، نابێتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکە لە بەرژەوەندی خۆی ئاوەژوو بکاتەوە و لەبەرژەوەندی خۆی بینووسێتەوە، لەکاتێکدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەردەوام ئازاریشی دەدات.

دووەم: کەسێکی نارۆشنبیرە و لە ژیانیدا کتێبێکی بە تەواوی نەخوێندۆتەوە. ئەم کەسە نارۆشنبیر و ناجیدییە، دەبێتە کەسێکی ڕۆشنبیر و نووسەرێك کە چیرۆکێکی جیدی و ئاڵۆز دەنووسێتەوە.

ئەم کارەی رۆماننووس بە بۆچوونی من بۆ ئەوەیە کە پێمان بڵێت: ئەرکی نووسین و گێڕانەوە و گەیاندن بەشێوەیەکی گشتی بۆ کەسانێکی قەڵەم بەدەست قۆرغ نەکراوە و هەر ئەوان پاڵەوانی گۆڕەپانەکە نین، بەڵکو دەشێ کەسانی بێ قەڵەمیش ئەم کارە بکەن و تیاشیدا سەرکەوتوو بن. هەروەها پێمان بڵێت: مەرج نییە تەنها بتوانین چیرۆکی ئەوانە بگێڕینەوە کە خۆشمان دەوێن، دەکرێ چیرۆکی کەسانێکیش بە شێوەیەکی بابەتییانە بگێڕینەوە کە رقمان لێیان دەبێتەوە.

## پاڵەوانێکی کاغەزئاسا:

(جەمشیدخان)ی پاڵەوانی ئەم رۆمانە کەسێکە دەفڕێت، ئەمەش هەرچەندە لە چیرۆك و رۆمانە جیهانییەکاندا هەیە، بەڵام بۆ رۆمانی کوردی شتێکی نوێیە، بەختیار عەلی لە وتارێکدا بەناوی (دەربارەی ئەدەبیاتی فڕین)[٣] هەم بۆ وەڵامی ئەوانەی کە پێیان وایە فڕینی مرۆڤ لە رادەبەدەر ناواقیعییە و نابێت لە ئەدەبدا بەکار بهێنرێت، هەمیش بۆ ئەوەی لەوە ئاگادارمان بکاتەوە کە ئیدیعای ئەوە ناکات ئەو بیرۆکەی فڕینی مرۆڤی لە رۆماندا داهێنابێت، ئاماژە بە چەندین رۆمان و فیلمی جیهانی دەکات کە فڕینی مرۆڤیان تێدا بەکار هاتووە و "فڕین مێژوویەکی زۆر دووردرێژی لە ئەدەب و فەنتازیادا هەیە (...) خەیاڵی فڕین و بەرزبوونەوە لە زەوی خەیاڵێکی نوێ نییە، چیرۆکی مرۆڤ و فڕین رۆژانە دووبارە دەبێتەوە"،[٤] لە ئێستاشدا "فەزنتازیای فڕین دوا سنووری خۆی بڕیوە و وەك ئەوە وایە ئێمە لەسەردەمی پاڵەوانە فڕیوەکاندا بژین".[٥] کەواتە.. بەوەدا کە رۆمان واقیع ناگێڕێتەوە، دەبێ لە ناواقیعیەوە نزیك بێت و جۆرێکیتر لە ژیانمان بۆ وێنا بکات، کە ژیانی واقیعی نییە "رۆمان لە ژیان خۆی ناچێت، ئێمە لەمیانەی ئەمەدا دەرفەتمان هەیە ژیانێکیتر بژین، وەك پامۆك دەڵێت: ژیانێك بە تەنیشت ژیانەوە لەهەمانکاتدا ژیانێك ژیانی راستەقینە بوارمان پێ نادات".[٦] کەواتە ئەگەر رۆمان هەمان ئەو ژیانە واقعییە بگێڕیتەوە کە لە ژیانکردنی ئێمەدا بوونی هەیە ئەوا دەبێتە شتێك لە شێوەی مێژوو یان گێڕانەوەی بیرەوەری، بۆیەشە رۆمان ژیانی ئاسایی نییە، بەڵکو "رۆمان ژیان دادەهێنێت و دروست دەکات و دواتر هەر ئەو وردەکارییانەی کە دایهێناون لە ژێر کۆنترۆڵیان دەگرێت و ئامادەیان دەکات و سوودیان لێ وەردەگرێت".[٧]

لەم رۆمانەدا، بەختیار کار لەسەر شوێنکاتێکی واقیعی دەکات و زۆربەمان بەو شوێن و بەو سەردەمە ئاشناین و تیایدا ژیاوین کە لە رۆمانەکەدا باس کراوە، شوێنەکە کوردستان و

عێراق و بەشێکی ئێران و بەشێکی تورکیا و یۆنانە، سەردەمەکەش کۆتایی سالآنی حەفتاکان تا سەردەمی ئەمڕۆیە، بەلآم ئەوەی ناواقعی و فەنتازییە، کەسایەتی جەمشیدخانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، جگە لە فڕینەکەی (وەك ئاماژەمان پێدا کە داهێنانی بەختیار نییە) ئەوەی من پێم وایە داهێنانی ڕۆماننووسە، تەنکی و لاوازییەکەی جەمشیدخانە ((بڕوانە...ل٢٤)) ئەم تەنکییەش لە ڕۆمانەکەدا لەبەر دوو شت پێویستە.

یەکەم: ئاسانی فڕینی جەمشیدخان کە دەبێ هۆکارێك هەبێ بۆ فڕینەکەی، چونکە ئەگەر ئەو کێش و قەبارەی وەکو مرۆڤی ئاسایی با، ئەوا هیچ پاساوێك نەبوو بۆ فڕینەکەی.

دووەم: ئەگەر خۆی بیتوانیبا بفڕێت و جگە لە تەنکییەکەی هۆکارێکی دیکەی لەبەردەستبا بۆ فڕین و پێویستی بە کەس نەبا بیفڕێنێت، بۆ نموونە ئەگەر باڵی هەبا پێی بفڕێت، ئەوا هیچ پێویستی بەو دوو هاوەڵە نەدەبوو کە هەمیشە لەگەڵیدان، بەتایبەتیش حیکایەتخوان، لەم حاڵەتەشدا حیکایەتەکەی ئەو نەدەگێڕدرایەوە، چونکە جەمشیدخان خۆی ناتوانێ چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە و یادەوەرییەکانی نامێنن. (کە ئەم نەمانی یادەوەرییەش بەشێکی گرنگی ڕۆمانەکەیە و دەربڕی سایکۆلۆژییەتی کەسایەتی کوردە، بەوەی هەمیشە مێژووی خۆی لەبیردەچێتەوە و خۆشی و ناخۆشییەکانی لەبیر نامێنێ).

## ڕەخنە لە دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگا:

ئەم ڕۆمانە کە شوێنەکەی کوردستانە و کاتەکەی لە کۆتایی حەفتاکانەوە دەست پێدەکات تا سەردەمی ئەمڕۆ، ڕەخنەی لە چەند کەموکوڕی و ناتەواوییەکی جەوهەری گرتووە کە لەم شوێنکاتەدا هەن. ڕەخنەکانیش لە خەڵکی هەژار و ڕەشۆکی کۆمەڵگا نین، بەڵکو لە خەڵکی دەستەبژێر و پێشەنگی کۆمەڵن.

وەکو ڕەخنەیەك لە گرنگی نەدان بە زمان و بەرەوپێش نەبردنی زمان لە کۆمەڵگای ئێمە، دەنووسێت: ((ئەم زمانە خۆرهەلاتییانەی ئێمە زمانی زانست نین، بەڵکو زمانی حوشتر لێخوڕین و هێستر بەخێوکردنن...ل٢٠)).

ڕەخنەیەکی توند لە زۆربوونی ڕێژەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ئەو فەوزایە دەگرێت کە بەناوی (ڕۆژنامەگەری کوردی)یەوە دروست بووە، ڕەخنە لە زۆربوونی ئەو قەڵەمبەدەستانە دەگرێت کە بە نووسەر خۆیان دەناسێنن و خۆیان پێ هەمووشتزانە، ((شتێك کە سەیرم لێ

دەهات ژمارەی بێشوومارى ئەو هەزاران هەزار نووسەرە بوو کە لەناکاو لە ولاٌتی ئێمەدا وەك مێروولە قەتارەیان بەستبوو، دەشیانتوانی لەسەر هەموو شتەکانی جیهان بنووسن، لە دەرپێی کورتی ئەکتەرەکانەوە بیگرە تا سەر گەندەڵی سەرۆك حیزب و پەرلەمانتارەکان..ل١٢٦)).

لەلایەکی تر رەخنە لە دەسەلاٌتدارانی ولاٌت دەگرێت و وەك دەستبەسەرداگرتنی هەموو شتێکی میللەت لە لایەن ئەوانەوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە هەموو سەرزەمینی ئەم ولاٌتە بۆتە موڵکی دەسەلاٌتداران. ((لەم نیشتیمانەدا مرۆڤ لە هەر جێگایەکی ئاسمانەوە بەربێتەوە، هەر دەکەوێتە ناو موڵکی مەسئولێکەوە...ل١٣٥)).

رەخنەگرتنی تایبەت لەم سێ شتە: (گرنگی نەدان بە زمان و بەرەوپێش نەبردنی)، (زۆری و بۆری رێژەی رۆژنامە و گۆڤارەکان و ئەو نووسەرانەی پێیان وایە هەموو شتێك دەزانن)، هەروەها (بوونی ولاٌت و هاوولاٌتیان بە موڵکی دەسەلاٌتداران). هاوپەیوەستییەك لە نێوانیاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەی رێژەی بلاٌوکراوەکان لە زیادبووندایە و نووسەران بێشوومارن، کەچی گرنگی بە زمان نادرێت کە گەورەترین و جەوهەریترین هۆکار و ئامرازی کاری ئەوانە و بەرپرسە بالاٌکانی ولاٌتیش جگە لە تەملیککردنی هەموو خاکی ولاٌت و هاوولاٌتیان بۆ خۆیان، ئاگایان لە پرسێکی گرنگی وەکو بلاٌوکراوە و رۆژنامەکان و گرنگیدان بە نووسەران و زمان نییە و هەر خەریکی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، لەکاتێکدا جگە لەوەی ئاگایان لە کێشەکانی کۆمەڵگا بەگشتی نییە، کێشەی نەبوونی زمانی هاوبەش و گرنگی نەدان بە زمانی ستاندار و بەرفراوان نەکردنی زمان بەهۆی وەرنەگێڕانی سەرچاوە و چەمکە جیهانییەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و وەکو پێویست، یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی نێو بواری فەرهەنگ و نووسینی ئێمە.

چوونی جەمشیدخان بۆ دەرەوەی ولاٌت، رزگاربوونە لەو کەسایەتییە ئالۆزە و گەڕانەوەیە بۆ سەر کەسایەتییەکی مرۆڤانە، ئەمەش رەخنەیەکی دیکەیە لە ولاٌت بەوەی کە ئەم ولاٌتە چیتر شوێنی ئەوە نییە مرۆڤایەتی خۆمانی تێدا ببینینەوە، بۆیەش لە دەرەوەی ئەم نیشتیمانە هەست بەڕێز و حورمەت دەکات و کێشی بەرەو ئاساییبوونەوە دەڕوات ((دواجار لە زەوییەکدا گیرساوەتەوە کە سەرزەمینی خۆیەتی و وەك دوا وێستگەی ژیانی تەماشای دەکات...ل١٤٩)).

تا ئەو کاتەی لەم ولاٌتە لەگەڵ حیکایەتخواندا بوو، بەسووك سەیری دەکرد و وەك خزمەتکارێك لێی دەڕوانی، بەلاٌم ئێستا کە لەم مەملەکەتە نەماوە، بیرێکی مرۆڤانەی هەیە و سوپاسی هاوکارییەکانی دەکات، ((سوپاسێکی زۆری من دەکات کە هەموو ژیانم پەتگری ئەو بووم و لە میحنەتی گەورە گەورە رزگارم کردووە...ل١٥٠)).

جەمشیدخان لە نامەکانی بۆ حیکایەتخوان ئەوەش دەخاتەڕوو کە لە دەرەوەی وڵات کێشی بەرەو زیادبوون دەڕوات و حەکیمەکان هەمیشە چاودێری دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەم وڵاتەدا گەڕانەوە بۆ مرۆڤانەبوون کارێکی زەحمەتە و لە دەرەوەی ئەم وڵاتە بەدی دێت.

بەڵام حیکایەتخوان کە لە ناوەوەی وڵات دەژییێت، بە پێچەوانەی جەمشیدخان، کێشی لە کورتی دەدات، بۆیە لە کۆتایی رۆمانەکەدا دەڵێت: ((ئەو هەستەم لا دروست دەبێت کە با دەمبات، توند خۆم بە دەرگاکەوە دەگرم، بۆ ئەوەی نەکەوم، هەست دەکەم ئەمە سەرەتای ترسێکی کتوپڕی منە لە با و ئاسمان...ل١٥١)).

ئەم هەستکردن بە فڕینە و ترسی وەرینی یادەوەرییەکان ((ل١٥١))، سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکێکی هاوشێوەی چیرۆکی جەمشیدخانە و بە وازهێنان لە وڵات لە کۆڵی دەبێتەوە، دەنا دەبێ ئەویش هەمان کەسایەتی ئاڵۆز و ئەو مەینەتییانە بژییێت کە جەمشیدخان تیایدا ژیا. بۆیەشە هەر زوو تا نەکەوتۆتە ناو ئەم بارودۆخە و نەفڕیوە، دەچێتەوە ژوورەوە و دەست دەکات بە نووسینەوەی چیرۆکەکەی، تا ئەویشی لەدەست نەچێت.

## خەیاڵی دەستکاریکردنی حیکایەتەکان:

هەمیشە لەرۆماندا ئەگەر چیرۆکە مێژووی و ئەفسانەیی و زانستییەکان تەوزیف بکرێن، زیاتر وەکو خۆیان بەکاردەهێنرێنەوە، یاخود هەر هیچ نەبێ دەستکاری ناوەرۆکەکەی ناکرێت، بەڵام لەم رۆمانەدا دوو چیرۆك بەکارهێنراون کە بەتەواوی ناوەرۆکەکانیان دەستکاری کراوە و بەشێوەیەك گێڕدراوەنەتەوە کە باوەڕهێنەرن، ئەوانیش بریتین لە چیرۆکی (ئادەم و حەوا) و چیرۆکی (بنەڕەتی مرۆڤایەتی) بە پێی گێڕانەوەی (چارلس داروین) لە کتێبی (بنەڕەتی جۆرەکان).

بەپێی تیۆرەکەی داروین، (بنەڕەتی مرۆڤ) مەیموون بووە، بەپێی سەردەم و قۆناغە دوورودرێژەکانی ژیانی گەشەی کردووە و گەیشتۆتە ئەو شێوەیەی ئێستای و بووە بە مرۆڤ، بەڵام جەمشیدخان لەم رۆمانەدا کە خۆی بە ئاسماندا دەفڕێت، بیرۆکەی ئەوە دێتە خەیاڵی کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا باڵندە بووە نەك مەیموون و خۆشی لەمبارەیەوە وەك نموونەیەکی زیندوو تەماشا دەکات ((لە ساتەکانی فڕیندا بیرۆکەیەك پەڕیبووە خەیاڵی و دەیویست تیۆرەیەکی دژ دابڕێژێت و بیسەلمێنێت کە مرۆڤ لە باڵندەوە گەشەی کردووە نەوەك لە مەیموونەوە...ل١٩)).

بۆیەش هەوڵدەدات تیۆرەیەکی تایبەت بە خۆی دابڕێژێت و ئەو بیرۆکەیەی خۆی بەشێوەیەکی زانستی بسەلمێنێت، ((جەمشیدخان رای وابوو کە سەیرکردنی مرۆڤ بۆ خودا وەك مەخلوقێك کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەنوارێت و لە بڵندییەوە ئادەمیزادان دەبینێت، دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری دێرینی مرۆڤ، دەمانێك خۆی توانیوویەتی بفڕێت، ئەو پێی وابوو خودای ئاسمان هیچ نییە جگە لە یادی مرۆڤ بۆ باپیرە ئاسمانی و باڵدارەکانی خۆی، بەڵگەی دووەمیش: جەمشید دەیگوت لە یاساکانی داروینەوە وەری گرتووە و ئەوەیە کە ئەگەر مانەوە بۆ باشترین و بەهێزترین بێت، ئەوا مرۆڤ بەراورد بەو دڕندە بەهێز و بێڕەحمانەی لەناو سروشتدا بوون، گەر باڵی نەبووبێت، هیچکات باشتر و بەهێزتر نەبووە تا بمێنێتەوە، بەڵگەی سێهەمیش خۆی بوو کە بە بڕوای ئەو دەلیلێکی زیندووە بۆ ئەسڵی باڵداری مرۆڤ...ل٢٠)).

بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگای نامەوە گفتوگۆ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆی زیرەك دەکات، بەڵام ناگاتە هیچ ئەنجامێك.

چیرۆکی دووەم: چیرۆکی حەزرەتی (ئادەم و حەوا) و دەرکردنیانە لە بەهەشت، ئاشکرایە کە بەپێی گێڕانەوە ئایینییەکە لە دەقی قورئاندا (کە بنەمای هەموو گێڕانەوەکانی دیکەشە)، حەزرەتی ئادەم بە هۆی ئەوەی لەو درەختە دەخوات کە خودا لێی قەدەغەکردووە، لە بەهەشت دەردەکرێت، شەیتانیش بۆیە نەفرەتی لێ دەکرێت چونکە سوجدەی بۆ ئادەم نەبردووە، دوای ئەوەش هانی ئادەمی داوە بۆ ئەوەی لە درەختە حەرامەکە بخوات بۆ ئەوەی گومڕا بێ و نەفرەتی لێبکرێت و لە فەرمانی خوا دەربچێت.

بەڵام جەمشیدخان کە دەبینێ خەڵك زۆر سەفەر دەکەن و لەشوێنێکدا ئۆقرە ناگرن، بیرۆکەی ئەوە دێتە خەیاڵی کە مرۆڤ لە بنەڕەتەوە، واتا لە (ئادەم و حەوا)وە حەزی لە سەفەر بووە، حەزرەتی ئادەم داوای لە خودا کردووە شوێنێکی دیکەی جیا لە بەهەشتی بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی سەفەری بۆ بکات، خوداش بەم داوایەی ئادەم رازی نەبووە و بۆ ئەوەی کەڵکەڵەی سەفەر لە زەینی ئادەم وەدەرنێت، ئەو درەختەی بۆ دروست کردووە و پێی گوتووە لەم درەختە بخوات، ئینجا سەفەر بکات (بە پێچەوانەی دەقە دینییەکە کە خودا درەختەکەی لێ قەدەغە دەکات، لەمەدا هانی دەدات) ئەمەشی بۆ ئەوە بووە کاتێ ئەم درەختەی خوارد درەختەکە ئەوەندە خۆشە، ئادەم کەڵکەڵەی سەفەری لەلا نامێنێ و حەز دەکات لەلای ئەم درەختە بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە سوودی نەبووە و ئادەم بڕوا بەمە ناهێنێ، هەروەها ئەم چیرۆکە بە جۆرێك دەگێڕێتەوە کە شەیتان هانی ئادەم و حەوا دەدات بۆئەوەی لەم درەختە بخۆن و رازیان

بکات کە لە بەهەشت بمێننەوە (دیسان بە پێچەوانەی دەقە دینییەکە) بەڵام شەیتان لەمەدا سەرکەوتوو نابێت و دەکەوێتە بەر نەفرەتی خوا. ((بڕوانە لاپەڕەکانی...١٠٢-١٠٣-١٠٤)).

## کەسایەتی کۆمەڵگای کوردی:

لەم رۆمانەدا (کەسایەتی کۆمەڵگای کوردی) لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا خراوەتەڕوو، لێرەدا ناڵێم: (کەسایەتی تاکی کورد)، بەڵکو دەڵێم: (کەسایەتی کۆمەڵگای کوردی)، چونکە هەرچەندە بابەتی کەسایەتی شتێکە زیاتر پەیوەستە بە (تاك)ەوە و شتێکی خودییە، بەڵام دواجار کۆمەڵگاش وەك (کەسێکی مەعنەوی) و (یەکە)یەکی جیا لە کۆمەڵگا یان نەتەوەی دیکە، خاوەن کەسایەتی خۆیەتی و "ئەو سیفەتانەی بەسەر (تاکەکانی) کۆمەڵگادا زاڵن وێنەی کۆتایی کۆمەڵگا دیاری دەکەن".[٨] فەیلەسوفی ئینگلیزی هێربەرت سپۆنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣) دەڵێ: "بۆئەوەی لە کۆمەڵگا بگەین، پێشتر دەبێ شارەزاییمان لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەبێ، بەمجۆرە پەیبردن بە سروشت و رەفتاری کەسەکان لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی گشتی، رێگا بۆ ناسین و تێگەیشتنی کۆمەڵگا و نەتەوە ئاسان دەکات".[٩]

بەهۆی دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی جیا کە هەریەکەیان خاوەنی کولتوور و سایکۆلۆژییەتی تایبەتن، کەسایەتی کوردیش بەسەر کولتووڕە جیاوازەکانی ئەم وڵاتانە دابەش بووە و هەر پارچەیەکی کوردستان، جگە لە کاریگەری خودی کورد خۆی وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن پێکهاتەکانی نەتەوە، (زمان و مێژوو و خاکی.. هاوبەش)، کاریگەری ئەو وڵاتانەشی لەسەرە کە کەوتۆتە ژێر دەستیان، کوردانی تورکیا کاریگەری کولتووری تورکی و کوردانی ئێران کاریگەری کولتووری فارس و کوردانی سوریا و عێراقیش کاریگەری کولتووری عەرەبیان لەسەرە، بۆیەش کورد خاوەنی کولتوور و کەسایەتییەکی تێکەڵ و ئاڵۆزە.

ڕووداوەکانی رۆمانی (جەمشیدخانی مامم) لەسەرزەمینی کوردستان و هەندێك ناوچەی عێراق و چەند شوێنێکی تر روو دەدەن و باس لە کەسایەتی کۆمەڵگای کوردی ئەو پارچەیە دەکەن کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عێراق، کەواتە بەشێکی کەسایەتییەکەی هی کۆمەڵگای کوردی خۆیەتی و بەشێکیشی هی کۆمەڵگای عێراقییە. دیارترین سیفەتی ئەم کۆمەڵگایەش، واتا کۆمەڵگای عێراقی، ئەوەیە کە خاوەنی کەسایەتییەکی دووکەرتە و یەك ڕووی نییە. "کۆمەڵگای عێراقی گیرۆدەی دەستی دیاردەی دووکەرتبوون بووە، ئەوەی دەبێتەهۆی

دروستبوونی ئەم دیاردەیە، بارودۆخی کۆمەڵگایە، کاتێك کە تاکەکەس دەکەوێتە ژێر دوو بارودۆخی دژیەك لە بەها و خورەوشت، ئەوکاتەی ژینگەکەی ناچاری دەکات کە بێتە ژێرباری ئەم دوو خورەوشتە دژیەکە، بەمەش ئەم کەسە تووشی دووکەرتبوونێك دەبێت لە کەسێتییەکەیدا"،[١٠] ئەم سروشتەش واتا "دوانە کەسێتی هەر لەسەردەمانی کۆنەوە لە عێراقدا بوونی هەبووە".[١١] دیارە ئەم سروشتەش تایبەت نییە بە کەسایەتی کۆمەڵگای عێراقی، بەڵکو لەناو زۆر کۆمەڵگای دیکەش هەیە، "کۆمەڵناس کیمیل یۆنگ لەسەر تاکەکەسی ئەمەریکی دەڵێت: تاکەکەس لە ئەمەریکادا تووشی دوانە کەسێتی بووە، بەهۆی بەها مەسیحییەکانی وەك هێمنی کە لەسەردەمانی پێشووەوە بۆیان ماوەتەوە و بەها کۆمەلآیەتییەکان (تووڕەیی) کە لە ژینگەکەیاندا رووبەڕووی دەبنەوە، ئەم هۆکارانەش بێگومان دەبنە هۆی دووکەرتبوونی کەسێتیان".[١٢]

کوردیش کە لە هەمان کولتووری عێراقی و ناو هەمان چوارچێوەی جوگرافیدا دەژی، هەڵگری سیفەتی دژ بەیەکیشە و خاوەنی کەسایەتییەکی دووکەرتبووە، بە پێی لێکۆڵینەوەکان "مرۆڤی کورد هەست بە لاوازی دەکات و باوەڕی بەخۆی نییە و هەرواش باوەڕی بە دوارۆژ نییە، ئەوەش تا بڵێی سلبیانە کار دەکاتە سەر چالاکی و رەفتار و هەڵسووکەوتی رۆژانەی".[١٣]

لەبەرامبەریشدا هەندێکی تر وای دەبینن کە "(ئازایەتی) یەکێکە لە سیفەتە دیارەکانی کورد و یەکێك لەو سیفەتانەیە کە هەمیشە کوردی پێ دەناسرێتەوە".[١٤] هەروەها "نووسەرانی بیانی کە لەمەڕ کەسایەتی کوردیان نووسیوە، بە کەسایەتییەکی کراوەیان لەقەڵەم داوە".[١٥] لەلایەکی تر کەسایەتی کورد واپێناسە کراوە کە "پڕە لە کەموکوڕی، لاوازی، بێ هەڵوێستی، هەلپەرستی و دووڕوویی، زوو لە خۆگۆڕان، بێگانەپەرستی و خۆبەزلزانین بەرامبەر خەڵکی هەژاری هاوزمان".[١٦]

بەجۆرە کەسایەتی کورد بە پێی لێکۆڵینەوەکان خاوەنی گەلێ سیفەتی سلبی و ئیجابی و دژبەیەکە، لەم رۆمانەدا ئەم دژبەیەکییە بەتەواوەتی لە کەسایەتی جەمشیدخان خراوەتەڕوو کە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری لە سیفەتەکانی جەمشید روودەدات و بەدیار دەکەوێت، لەوانەش (ئازایی و ترس، سۆز و توندڕەوی، هەستکردن بە کەمی و غرووری...) تا ئەوەی لە کۆتاییدا حیکایەتخوانیش هەست بەو دووکەرتبوون و دوالیزمییەی کەسایەتی جەمشیدخان دەکات ((لەو ماوەیەدا کەرتبوونێکی کوشندە و ترسناکم لە هەموو کارەکتەری خاندا بینی کە پێشتر هەستم پێ نەکردبوو...ل١٢٤)).

دەکرێ ئەو سیفەتانەی لە جەمشیدخاندا هەن و لە کۆمەڵگای کوردییەوە وەرگیراون، بەم جۆرە بخەینەڕوو.

- ئازایەتی: جەمشیدخان کەسێکی ئازایە و لە هیچ ئەشکەنجەیەك سڵ ناکاتەوە، لە کاتێکدا نوێترین ئامێری ئەشکەنجەدانی بەعسییەکان لەسەر ئەو تاقی دەکرێتەوە و زۆر ئەشکەنجە دەدرێت، ((جەمشید بە خۆگرییەکی گەورە و پاڵەوانیێتییەکی بێ وێنەوە بەرگەی ئەشکەنجەی زیندانەکانی گرتووە، ئازایەتی جەمشید و هیچ نەدرکاندنی وەها ئەفسانەیی بوون، کارێك دەکەن جەلادەکان دەرهەقی هونەر بنوێنن و جار دوای جار شێوازی تازەتر و توندتر لە ئازاردانیدا بگرنە بەر، بەلاّم بێئەوەی شتێکی ئەوتۆیان دەست بکەوێت...ل٣))

- ترس: لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا جەمشید هێندە دەترسێت کە تەواو پێچەوانەی ئازایەتییەکەیەتی، ((ژیانی ئەو پڕبوو لە ترس، هێندەی هەوڵم دەدا ترسی لە شتێك بڕەوێنمەوە، سامی شتێکی دی دەچووە دڵییەوە (...) دەبایە زۆر لەگەڵیدا ماندوو بم تا ئەو ترسەی لەدڵدا لاببەم...ل٥٣)). لە قۆناغێکی دیکەدا هیچ باوەڕی بەخۆی نییە و پێی وایە کە کەس نایەوێ یارمەتی بدات، ((خودایە بۆ کەسێکی ئیفلیج و کەساسی وەك من لەم سەرزەوییە جێگام نابێتەوە، بۆ... بۆ دڵسۆزێکم نییە؟...ل٥٥))، ئەمە لەکاتێکدایە کە خۆشیان دەویست و هەرچی شتێکی بویستبا باوك و برا و برازاکانی بۆیان جێبەجێ دەکرد، تەنانەت حیکایەتخوانیش کە سەرەتا رقی لێ دەبووەوە، پاشان خۆشی دەوێت ((دواتر جەمشیدخانم خۆشویست و بۆخۆی و لەبەر خۆی لەگەڵیدا بووم...ل٥٦)).

- سۆز و توندڕەوی: جەمشیدخان کەسێکی سۆزدارە و ئەو کاتەی لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران کاری هەواڵگری پێدەکەن، هەمیشە بەدزییەوە بۆ ئەو خێزانانە دەگری کە بەهۆی ئەوەوە خوێنی رۆڵەکانیان دەڕژێ، ((ئیتر بەهۆی منەوە خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن، بەهۆی منەوە منداڵی زۆر هەتیوو دەبێت و دایکانێکی دوور کە من نایانناسم، جگەریان دەسووتێت، من رۆژێك لە رۆژان نەمویستووە لە شەڕدا بەشدار بم...ل٣٠)).

لەگەڵ ئەو سۆزەشدا سیفەتێکی پێچەوانەی هەیە کە ئەویش ئەوەیە کەسێکی توندڕەوە لەبیروباوەڕدا، ئەوکاتەی کۆمۆنیست بوو، بیروباوەڕەکەی بەتووندی وەرگرتبوو، لەکاتێکدا لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر بوو، ئەوکاتەی دەبێتە کەسێکی نەتەوەیی، زیادەڕەوی تێدا دەکات ((خانی مامم وای لێدێت وەك ولاّتپەروەرێکی راستەقینە ناوی دەڕوات و هەر وەك کوردێکی توندڕەویش بیردەکاتەوە...ل٧٩)).

کاتێك دەبێتە کەسێکی دیندار، زۆر پەیوەست دەبێت بە ئایین و هەمیشە لەپێناو خوا چاوەکانی بە فرمێسکە ((جەمشیدخان باوەڕی وابوو تامردن بانگەشەی ئیمان دەکات و پەیامێکی خودایی پێیە کە دەبێت بیگەیەنێت..ل٨٩)).

ئەوکاتەی دەبێتە کەسێکی دنیاییش، جگە لە رابواردن و ژیانی خۆشگوزەرانی شتێکی دیکەی بیرنامێنێتەوە، ((ئیستا جەمشید جگە لە باسی ژیانی خۆشگوزەران و سەفاکردن، خەیاڵی دیکەی نەبوو..ل٩٤))، ئەوکاتەی دەشبێتە کەسێکی عاشق، زیادەڕەوی تێدا دەکات ((تازە عاشق بووم وەك گەمژەیەك.. ئا.. وەکو گەمژەیەك...ل٦٤)).

- خیانەتنەکردن لە بێگانە و بێ وەفایی بەرامبەر کەسانی نزیك: ئەمە یەکێکە لە سیفەتەکانی کەسایەتی کورد کە بەرامبەر بێگانە وەفادارە و خیانەتی لێناکات، بەڵام بەرامبەر کەسانی نزیك و هاوزمان بێ وەفایە، جەمشیدخانیش کەسێکە دڵسۆزە بۆ بێگانە و خیانەتیان لێ ناکات، ئەوکاتەی گروپێك لە خەڵکی کورد و بێگانە بەقاچاغ لە تورکیاوە بۆ یۆنان دەبات ڕێزیان دەگرێت. ((گەرچی ئەو لە بارِ و خانەکانی لەشفرۆشیدا. پیاوێکی شەهوەتبازبوو، دەیخواردەوە، دەستی دەبرد شەڕی دەکرد، بەڵام لەناو گروپەکاندا، بەحورمەتەوە مامەڵەی لەگەڵ ژناندا دەکرد، بە گشتی ئەخلاقێکی بەرزی کارکردنی هەبوو کە هێندەی تر ناوبانگی دەرکردبوو...ل١٠٧)).

لەبەرامبەردا بێ وەفایە بەرامبەر نزیکترین کەس لێیەوە کە هەموو ژیانی خۆی کردە قوربانی ئەو، ئەویش حیکایەتخوانەکەیە، کە برازایەتی و هەمیشە بە سووك سەیری دەکات، تا دەگاتە ئەوەی ((رۆژ دوای رۆژ زیاتر وەك خزمەتکارێك مامەڵەی لەگەڵدا مندا دەکرد، هەستم دەکرد مەیلێکی بەهێزی تێدا خولقاوە بۆ ئەوەی ئازارم بدات...ل١٢٣)).

- هەست بەکەمی دەکات و هەمیشە پێی وایە کەموکوڕی هەیە، ((ئاخ ئەگەر ئینگلیزییەکی تەواوم بزانیبایە وەك ئەوەی ئینگلیزەکان دەیزانن، ژیانم هەمووی دەگۆڕا و دەبووم بە مامۆستا لە زانکۆ...ل ٣٠)). بەڵام بە پێچەوانەشەوە هەمیشە غrووری هەبووە و لوتبەرزبووە، ((ئەشکەنجەی زۆر گەرچی بەوجۆرە ئەفسانەییە کێشی مامە جەمشیدی داگرتبوو، بەڵام هیچی لە دەعیە و غروری دانەبەزاندبوو، زیندان نەوەك نەیتوانی بوو جەمشید تێکبشکێنێت، بەڵکو بە فیز و بە هەواتری کردبوو...ل١٠)).

ئەم سیفەتانە و چەندین سیفەتی دیکەی کەسایەتی کورد لە رۆمانەکەدا خراونەتەڕوو، لەوانەش "سەخاوەت و راڕایی و ئالۆزی لە بیروباوەڕ و کەسایەیەتیدا". کە ئێمە پێمان وایە ئەوانەی باسمان کرد سیفەتە سەرەکییەکان بوون لە رۆمانەکەدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


* جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد- رۆمان - بەختیار عەلی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم (٢٠١٠).

١- رۆمان چییە؟- کۆمەڵێك نووسەر، و: جەواد مستەفا، دەزگای توێژینەوە و بلاٌوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك). چاپی یەکەم (٢٠٠٨). ل,٩٠

٢- ئەوەی لە نێوان ئەم دوو جووت کەوانەدا بێت ((...)) لە رۆمانەکە وەرگیراوە.

٣- دەربارەی فڕین- بەختیار عەلی، بەشی یەکەم، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٢٣٩)، ٢٠١٠/٨/٣١. ل٥.

بەشی دووەم، ژمارە (٢٤٠)، ٢٠١٠/٩/٧، ل,٥

٤- دەربارەی فڕین- بەختیار عەلی، بەشی یەکەم، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٢٣٩)، ل,٥

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- هونەری رۆمان و ئێمە- سەردار عەزیز، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٢٣٧)، ٢٠١٠/٨/١٧. ل,١٤

٧- رۆمان چییە؟ ل٩٨.

٨- **شخصية المجتمع، د. محمد القويز**، ماڵپەڕی (www.alriyadh.com).

٩- کەسایەتی کورد و چەند تێبینییەك- سەعد عەبدوڵلاٌ، گۆڤاری سەنتەر برایەتی، ژمارە (٢٦)، کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢)، ل,٧

١٠- لێکۆڵینەوەیەك لەسەر سروشتی کۆمەڵگای عێراق- د. عەلی وەردی. و: بەرزان ئەحمەد، لە بلاٌوکراوەکانی خانەی چاپ و بلاٌوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم (٢٠٠٥)، ل,٣١٨

١١- هەمان سەرچاوە، ل,٣٢٣

١٢- هەمان سەرچاوە، ل,٣٢٢

١٣- کەسایەتی کورد و چەند تێبینییەك- سەعد عەبدوڵلاٌ، ل,٩

١٤- سیما و خەسڵەتەکانی تاکی کورد- ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٦)، کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢)، ل,٢٢٨

١٥- کەسایەتی کورد و چەند تێبینییەك- سەعد عەبدوڵلاٌ، ل,١١

١٦- سیما و خەسڵەتەکانی تاکی کورد- ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، ل٢٢٩.

# مەینەتە مرۆییەکانی (زۆڵ)

# لە رۆمانی (مامزێر)دا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: مامزێر**

**نووسەر: کاروان عومەر کاکەسوور**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٨**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

لەناو کۆمەڵگا نەریتی و دواکەوتووەکاندا، هەمیشە مرۆڤی (زۆڵ) باجی تاوانێك دەدات کە تاوانی خۆی نییە و ئەو لێی بەرپرسیار نییە، (زۆڵ)ەکان لەبەرچاوی خەڵك بە سووك سەیر دەکرێن، لەبەر ئەوە نا کە ئەوان پایەیان لە مرۆڤ لە خوارتر و کەمترە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە ئەنجامی هەڵە، یان تاوانێکی دایك و باوکییانەوە، یان کەسانێکەوە خولقاون، (ئەوە ئەگەر تاوان و هەڵەش بێت، چونکە هەندێکجار رەنگە تاوان و هەڵەش نەبێ، یان ئەگەر هەڵەش بێت، بەهۆی کۆمەڵگاکەوە بووە کە رێگر بوونە لەبەردەم بەیەکگەیشتنی دایك و باوکی ئەو کەسە (زۆڵ)ە، نەك ئەوەی خودی دایك و باوکەکە تاوانبار بن).

لە ئایینی ئیسلامدا، کەسی (زۆڵ) هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کەسانی دیکەی ئاسایی و نابێ جیاوازی پێ بکرێت لە حوکمە شەرعییە گشتییەکاندا، بەڵکو مامەڵەکردن و حوکمدان لەسەر ئەویش، دەگەڕێتەوە سەر کردەوەی خۆی، وەك هەر کەسێکی دیکە، ئەگەر کەسێکی باش بوو، باشە و ئەگەر خراپیش بوو، خراپە (ئەمە بە مەفهومە دینییەکەی)، بەڵام وەك دەزانین زۆرجار لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، ئایین و ئایدۆلۆژیاکان بەلاڕێدا دەبرێن و خراپ سوودیان لێ وەردەگیرێ. یەکێك لەو مەسەلانەش کە لەناو ئایینەکاندا بەلاڕێدا دەبرێن، مەسەلەی باجدانی کەسانێکە لە جیاتی کەسانی دیکە و وەرگرتنەوەی تۆڵەیە لە کەسانێك لەجیاتی کەسانی دی، بۆ نموونە" دایکێك یان خوشکێك یان برایەك لەناو خێزانێکدا کردەوەی ناشرین (ناشرین بە پێوەری ئەو کۆمەڵگایانە) ئەنجام بدات، دەبێ کەسانی دیکەی ناو خێزانەکە باجەکەی بدەن و (وەکو دەڵێن) پێیەوە سەرشۆڕ و شەرمەزارن!! یان دایك و باوکی کەسانی (زۆڵ)، بەوە تاوانبارن کە کاری ناشەرعییان کردووە و (زینا)یان کردووە، ئەم کۆمەڵگایە، نەك هەر ئەو کەسە (زیناکەرانە!!) قبوڵ ناکات، بەڵکو ئەو منداڵە بێگوناهانەش قبوڵ ناکات کە لەمانەوە پەیدا دەبن.

***　　***　　***

رۆمانی (***مامزێر***)* ی کاروان عومەر کاکەسوور، جگە لەوەی زمانێکی فیکری و میتۆلۆژی قووڵی تێدا بەکار هاتووە و بە جوانی میتۆلۆژیای تێدا تەوزیف کراوە، جگە لە بەکارهێنانی فەنتازیا و ئەلتەرناتیڤی مێژوو لە رۆمانەکە (وەکو کاروان خۆی دەڵێت) و جگە لە لایەنە جیاوازەکانی دیکەی رۆمانەکە، کە دەشێ خوێندنەوەی زۆر و جیاوازیان بۆ بکرێ، ئەم رۆمانە بە قووڵیش کێشە کۆمەلایەتییەکانی کەسایەتی مرۆڤی (زۆڵ) لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەردەخات، کە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین هەندێك لەسەری بوەستین.

*** *** ***

(مامزێر) کە کەسێکی (زۆڵ)ە، بۆتە پاڵەوانی سەرەکی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، ئەو وێنای کەسێکی (زۆڵ)ە لە ناو کۆمەڵگا جوولەکەکاندا، بەڵام دەشێ ئەو مەینەتییانەی ئەو (زۆڵ)ە لەم ڕۆمانەدا هەیەتی، بەشێکی مەینەتییەکانی هەر کەسێکی دیکەی (زۆڵ) بێت لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی دیکەشدا، ئەمەش تاڕادەیەك ڕێگامان پێ دەدات کە لە کەسایەتی مامزێردا، کەسایەتی مرۆڤی زۆڵ بەشێوەیەکی گشتی ببینینەوە.

ئەگەرچی لە ناو ئێمەدا، زۆڵەکان بە کەسانی ساختەچی و چالاك و فێڵباز و تەڵەکەباز و.. دەناسرێن و ئەگەر کەسێك هەرەپاس و ساختەچی بێت، خەڵك پێی دەڵێن (زۆڵ)، بەڵام لە ڕاستیدا کەسایەتی زۆڵ، لە ناخەوە کەسایەتییەکی تێکشکاوە و هەست بە فەرامۆشکردن دەکات، ئەگەر کەسایەتی زۆڵ بەو شێوەیەش هەرەپاس و ساختەچی بێت، لە ئەنجامی نەبوونی پەروەردەیەکی دروستە بۆ ئەم کەسە، دەنا (زۆڵ)یش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا نییە و وەکو ئەوان مرۆڤە، بەڵکو زۆڵەکان مەینەتی و ناخۆشییەکانی ژیانیان زیاتریشە، وەکو بەشێکی لەم ڕۆمانە بەدیار خراوە.

*** *** ***

یەکەم مەینەتی کە لە ڕۆمانی (مامزێر)دا نیشان دەدرێت، ئەوەیە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە هیچ ناوێکی نییە، لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، (زۆڵ) کەسێکە کە کەمجار بەناوی خۆی بانگ دەکرێت، یان ئەگەر ڕووبەڕووش بەناوی خۆی بانگ بکرێت، ئەوا لە پاشملە ناو و ناتۆرەی لێ دەنرێت و لێدەبینرێتەوە و بە (ئەو زۆڵە) یان (ئەو بیژییە- وەکو لە هەولێر دەڵێن) دەناسێنرێ و ئەمەش نەك وەك سیفەتێکی ئاسایی کە ئەو مرۆڤە هەیەتی، بەڵکو بۆ گاڵتەپێکردن و ئیهانەکردن و بە کەم سەیرکردن.

نەبوونی ناوی پاڵەوان لەم ڕۆمانەدا، بەدیارخستنی یەکەمین مەینەتی کەسانی (زۆڵ)ە کە لە سەرتاپای ژیانیان لەکۆڵیان نابێتەوە و لەگەڵیان دەژی، (زۆڵ) ئەو کەسەیە کە هەمیشە فەرامۆش دەکرێت و لە ناو کۆمەڵگادا گرنگی پێ نادرێت، ئەم گرنگی نەدانەش وەنەبێ تەنها لە کاتێکی دیاریکراو بێت، بەڵکو لە کۆی ژیانە و لە هەموو کات و شوێنە جیاوازەکانە. لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا، مامزێر وا وەسفی خۆی دەکات کە کەسێکی دیلە، بەڵام لەناو هەموو دیلەکانی دیکە جیاوازی پێ دەکرێت ((لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنها چاوی منیان

نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پڕووکێنەرە، تەنها پرسیار لە من ناکەن...ل٥)).

لێرەدا مامزێر باسی حاڵەتێك دەکات کە لەوپەڕی زەلیلی و لاوازیدایە و (دیل)ە و بە دەستی چەند چەکدارێکی ریشن دەسگیر کراوە، بەلاّم تەنها چاوی ئەویان نەبەستۆتەوە و پرسیار لەو ناکەن، ئەمە جۆرێکە لە فەرامۆشکردن و گرنگی پێنەدان و بەکەمزانین، بە جۆرێك کە دوژمنیش گرنگی پیّ نادەن.

لە شوێنێکی پێچەوانەی ئەمەدا کە باسی ئەوە دەکات باوکی دەسەلاّتداری ولاّتە و خانەوادەکەیان لەوپەڕی هێز و توانادایە و هەموو براکانی پلە و پایەیان هەیە، کەچی لەوێشدا ئەو هەر فەرامۆشکراوە، ئەوەتا دەڵێت: ((بەلاوەیان نابووم، لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا ناوم نەدەهات و کەم کەس دەیزانی "باوك!!"م بێجگە لەو پێنج کوڕەی منیشی هەیە...ل٦)).

نەك تەنها لەسەر ئاستی ولاّت، بەڵکو لەناو کۆشکیشدا هەر فەرامۆش کراوە، لەکاتێکدا کە ئەگەر کەسێکی دەسەلاّتدار کوڕێکی هەبێت و نەیەویّ بەدیاری بخات و پلە و پایەی پیّ بدات و گەورەی بکات، هەر هیچ نەبیّ شوێنێکی شایستەی بۆ دابین دەکات و چەند ئامرازێکی خۆشگوزەرانی پێویستی دەخاتە بەر دەست، ئەو دەڵێت: ((لە ژووری تەنیشت ئەو ناندینە گەورەیەی کارەکەرەکان بە سەرپەرشتی "شازیاران" خواردەمەنیان تێدا ئامادە دەکرد، تەختێکی نووستن و مێزێکی نارێکم هەبوو و کەس نەیدەبینیم...ل٨)).

کەواتە چ لە کاتی (دیلێتی) و چ لەو کاتەی خێزانەکەی ئەو لە دەسەلاّتدا بوونە و بە حیساب ئەو کوڕی دەسەلاّتداری یەکەمی ولاّتە. بەلاّم هەر فەرامۆش کراوە. تەنانەت دایك کە نزیکترین کەسە لە منداڵەکانییەوە، ئەوی فەرامۆش کردووە و گرنگی پیّ نادات، چونکە زۆرجار دایك، هەبوونی منداڵی زۆڵ، بە مایەی مەینەتی و ئەو نیگبەتییانە دەزانیّ کە لە ژیانیدا دێنە پێشی، ((دایکم هەر لە سەرەتای تەمەنمەوە گوێی لیّ نەدەگرتم...ل٦)).

(مامزێر) لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی لە کۆشك بوونە، (واتا لە دەوروبەری ئەو بوونە) بە زمانێك قسەیان کردووە کە ئەو لێیان تێنەگەیشتووە، تەنها ئەو کاتانە لێیان تێگەیشتووە کە (وەکو خۆی دەڵێت) بە "زمانی رەسمی ولاّت" قسەیان کردووە، واتا هەر کەسێکی (زۆڵ). تەنها لە زمانی رەسمی قسەکردن تێدەگات، چونکە زمانی هەموو خەڵکەکەیە و هەموو خەڵکیش نازانن کە ئەو کەسە (زۆڵ)ە، بەلاّم لەو زمانە لۆکاڵییە تێناگات کە لە ناوخۆ (لەناو ئەو کەسانەی دەزانن ئەو کەسە (زۆڵ)ە قسەی پیّ دەکەن، یاخود

ئەو کەسە نزیکانەی ئەو نایانەوێ ئەو لە گفتوگۆکانیاندا بەشدار بێت و هەمیشە پەراوێزی دەخەن، لەکاتێکدا ئەو هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەو جیاوازنەبوونەش لە کاتی باسکردنی برا هاوشێوەکەی دەردەخات. لە باسکردنی برا هاوشێوەکەی کە لەو دەچێت، دەیەوێ ئەو جیاواز نەبوونە بخاتە ڕوو، دەیەوێ ئەوە بڵێت کە ئەویش وەکو براکانی دیکە مرۆڤە و هیچ جیاوازییەکی نییە، کەچی ئەوان نەك لە کاتی خۆشی، بەڵکو لە کاتی خۆ لێ تووڕەکردنیشدا ئەو فەرامۆش دەکەن و خۆ لەوانی دیکە تووڕە دەکەن، بەلاّم بە جۆرێك وەلایان ناوە کە بایی خۆ لێ تووڕە کردنیش نییە، لە شوێنێکدا باسی تێکچوونی حاڵەتی دەروونی باوکی دەکات کە چۆن لە هەموو کەسێك تووڕە دەبێت، تەنانەت کتێب و کەلوپەلەکانیتریش دەدڕێنێ، بەلاّم ئەو لەمەشدا حیسابی بۆ ناکرێت و فەرامۆش دەکرێت، ((بەسەر برا هاوشێوەکەمدا هاواری دەکرد...ل٢٢)). دەیەوێ بڵێت: منیش هەمان شێوە و رەگەزی ئەو بووم، بەلاّم هیچی بە من نەدەگوت، نەك لەبەرئەوەی من هیچ تاوانێکم نەبوو، یان لەبەرئەوەی منی خۆشتر دەویست لەوانیتر، بەڵکو لەبەرئەوەی منی فەرامۆش کردبوو.

*** *** ***

لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەمیشە باوك دەسەلاّتی یەکەم و رەهایە و ئەمەش زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای بێزار کردووە. لەمڕووەوە گەلێ قسە لەسەر باوکسالاری کراوە، بەلاّم کەسی (زۆڵ) هەمیشە بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێت و هەوڵی ئەوە دەدات کەسێك بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لەم گۆشەگیری و فەرامۆشییە گشتییە رزگاری بکات و ببێتە خاوەنی، پێشی وایە کە یەکەم کەسێك بتوانێ ببێتە ئەو فریادڕەسە، (باوك)ە.

بە درێژایی رۆمانەکە کاتێ باسی باوکی ناو کۆشکەکە کراوە، بەم شێوەیە "باوك!!" لەناو جووت کەوانەیەکەوە نووسراوە و دوو نیشانەی سەرسوڕمانی بەتەنیشتەوەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مایەی سەرسوڕمان و جێگای گومانە کە ئایا بەڕاستی ئەمە باوکییەتی؟! ئەگەر باوکییەتی ئەی ئەم فەرامۆشکردنە بۆچی؟! بۆچی ئەوی لە کونجێکی کۆشك فڕێداوە، لەکاتێکدا براکانی دیکەی تەنانەت برا هاوشێوەکەشی پۆست و پایەی گرنگیان لە ولاّت پێدراوە و هەر یەکەی ئەرك و دەسەلاّتی خۆی هەیە؟! بەلاّم ئەو بە جۆرێك فەرامۆشکراوە کە تەنانەت ئاگاداری بارودۆخی بنەماڵەکەشیان نییە. لە خەڵکەوە دەزانێت باوکی بۆتە دەسەلاّتداری یەکەمی ولاّت و خۆی ئاگای لە هیچ نییە، چونکە هیچیان پێی نەگوتووە، ((لە سەرجەمی هوتافەکانیان و ئەو گوتانەیش، کە لە

نێوان خۆیاندا دەریاندەبڕین، دەگەیتە ئەو باوەڕەی، کە سەرۆکی کودەتاکە "باوك!!"تە و دایکیشت بە سیفەتی یەکەمین ژنی ولاّت گەیشتۆتە کۆشك...ل١١٦)).

بەلاّم (مامزێر) هەمیشە بەدوای باوکێك دا دەگەڕێت نەك بۆ دلّنیایی، واتا نەك بۆ ئەوەی دلّنیا بێت کە ئەوە باوکییەتی، بەلّکو وەکو هەر کەسێکی تر، دەیەوێ باوکی هەبێت، باسی ئەو پیاوانە دەکات کە دەهاتنە لای دایکە بەرگدرووەکەی تاکو جلیان بۆ بدرووێت، ((هیوات دەخواست یەکێ لەو پیاوانە باوکت بێت و بە فێلّی جلدوورین هاتبێتەوە، بەلاّم ئەگەر واش بووایە ئاسان نەبوو بزانیت کامیانە...ل٤١)).

لە هەموو شوێنێکدا بۆ باوك گەڕاوە تا بە هەر شێوەیەك بێت بۆنی باوکایەتی لە لایەکەوە بۆ بێت، ((ئەو مرۆڤە نەخۆش و چلّکنانەی لە ڕاستیدا قێزت نەدەهات لێیان بڕوانی، لەپڕ وات دەزانی رۆحی باوکتیان تێدا بەرجەستە بووە و بەزەییت پێدا دەهاتنەوە...ل٤٣)).

هەمیشە بیری لە هەبوونی باوکی کردۆتەوە و ئەم بیرە وازی لێ نەهێناوە، ((نەتدەزانی لە کوێوە ئەو باوەڕە خزاوەتە مێشکتەوە، کە باوکت فریشتەیەك بووە لە دنیای پاکی و دلّی بە "دیدیلاز"ێکی گلاّوی ئەم دنیا پیس و پۆخلّەدا چووە...ل٤٣)).

لە شوێنێکدا باسی پیاوێك دەکات کە دەستی لەگەلّ دایکی تێکەلّ کردووە، هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی کە ئەو پیاوە باوکییەتی، کەچی لەپڕ لەناو گێرانەوەکەدا دەلّێت:
((ئەو سەرنجە پەنهانانەی مێردی دایکم سەرتاپای شتەکانی لێگۆڕیم...ل١٩)).

یان دەلّێت:

((نازانم بۆچی هەر ئەوسا دەمویست مێردی دایکم بە "باوکە!!" بانگ بکەم...ل٢٠)).

*** *** ***

(خۆبەکەمزانین) وەك حالّەتێکی دەروونی، هەستێکە لەگەلّ زۆرێك لە (زۆلّ)ەکاندا دەژییێت و هەمیشە دەیانەوێ رابردووی خۆیان بشارنەوە و نایانەوێت رابردووی ژیانیان ئاشکرا بێت. لێرەدا مامزێر کە ئەو حالّەتە خۆبەکەمزانینەی تێدا بەدیار دەکەوێت، تەنانەت نایەوێ خۆشی حەقیقەتەکانی ژیانی خۆی بە بیر خۆیدا بێنێتەوە و دەیەوێ لە رابردووی خۆی تێنەگات، باسی ئەوە دەکات کە زۆر برا هاوشێوەکەی خۆی بینیوە، بەلاّم هەرگیز نەیویستووە لێی نزیك بێتەوە و لێی تێبگا و لەگەلّی بدوێ بۆئەوەی راستییەکان لە زاری ئەو برا هاوشێوەیەی نەزانێت، ((منیش نەمدەویست بیدوێنم، نەك هەر لەبەرئەوەی زمانی ئەوم نەدەزانی، بەلّکو لەوەش

دەترسام ئەو بەم زمانەی من بێتە دەنگ و لەو ڕێگایەوە بە حەقیقەتەکان بگەم، کە ئەمەش بۆ من، خۆی لە ترسێکی ئیجگار گەورەدا دەبینییەوە...ل٨)).

ئەمەش لە ئەنجامی ترسێکەوەیە کە تا دوا سات لەگەڵیدا دەژییێت و تەنانەت نایەوێ لەگەڵ کەسێکدا خۆشەویستی بکات کە گومانی ئەوەی هەبێت دواجار ڕاستییەکانی ژیانی ئەو بزانێت، بۆیەش لە سەرەتا کچێکی پۆلەکەیانی خۆش دەوێت بەناوی "گوڵدای پۆلانی"، بەڵام دواتر کە کچێکی دیکە دەدۆزێتەوە زمانی نییە، خۆشەویستی ئەوی دەچێتە دڵەوە کە (فریدا)یە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو بێزمانە ڕاستییەکانی ژیانیشی بزانێت، ناتوانێ بیانگێڕێتەوە، بەڵام ترسی هەر لێی هەیە و لەوە دەترسێ ڕۆژێك لە ڕۆژان زمانی بێتەوەبەر و شتەکان ئاشکرا بکات، ((نەشتدەزانی چییە ئاوا دەتتۆقێنێت.. وەك بڵێی یەکەم گوتە کە بەسەر زمانیدا بێت، هەواڵی مەرگی تۆ بێت.. یان ئاشکراکردنی نهێنییەکی گەورەی ژیانت بێت...ل١٠٢)).

بەڵام لەگەڵ ئەو ترسەشدا، هەر ئەوی بەلاوە باشترە لە کەسێکی بە زمان، بۆیەش تا دواسات و کۆتایی ڕۆمانەکە، هەر چاوەڕوانی ئەوە، لەگەڵ ئەوەی دەزانێ بەهۆی ڕووداو و شەڕەکانی شارەوە، کچەکە لەگەڵ باوکی ماڵەکەیان جێهێشتووە و چارەنووسیان نادیارە، بەڵام هەر لەبەر دەرگایان دەمێنێتەوە و لە چاوەڕوانیدایە، ((تا بەیانی لەوێ ئێشکت گرت، بەشکو لەپڕ پەیدا بێت...ل ١٢٢-١٢٣)).

*** *** ***

(مامزێر) کەسێکە بەهۆی ئەو ئەتمۆسفێرەی دەوروبەر بۆیان خولقاندووە و گرنگی پێنادەن، هیچ کاتێك متمانەی بە خۆی نییە. بۆیەش لە سەرەتای گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە هۆشداری ئەوە دەدات کە، ((من هەرگیز ناتوانم ڕووداوەکان وەکو خۆیان بگێڕمەوە. هەمیشە کەسەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.. سنوورەکانی کات و شوێن دیار نامێنن.. سیمای ئەفسانەیی بە خۆیانەوە دەگرن...ل٥)).

دەشێ ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی ژیانی مامزێر ڕاست بن، بەڵام ئەو بەهۆی متمانەبەخۆنەبوونەوە ئەم هۆشدارییە بدات، ئەمەش بە درێژایی ڕۆمانەکە بەسەریدا زاڵە و ترسێکە کە جورئەتی ئەوەی پێ نادات بە باوەڕی تەواوەوە قسە و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، هەمیشە گومانی لە خۆیەتی، ((هیچ گەڕانەوەیەکم لەوەی پێشووم ناچێت... هەرجارەی سەربردەیەك هەڵ دەبەستم و وا دەزانم تەواو ژیانم ئاوایە، کەچی هێندەی پێناچێت پاشگەز دەبمەوە و بەشێوەیەکی جیاوازتر ڕابردووم دادەڕێژمەوە...ل٢٥-٢٦)).

هەر کەسێك دەتوانێ خەیاڵی پەناگەیەك، یان یارمەتیدەرێك بکات بۆ رزگاربوونی خۆی لەو دۆخە ناخۆش و ئاڵۆزەی کە تێیدایە. لەم رۆمانەدا ئاماژەیەکی جوان هەیە بۆ ئەوەی کە نووسین و خوێندنەوە، دەتوانێ ببێتە یەکێك لەو یارمەتیدەرانە و مرۆڤ لە تەنیایی و گۆشەگیری رزگار بکات. مامزێر کەسێکی رۆشنبیر و خوێندەوارە، زۆر کات بۆ رزگاربوون لە حاڵەتە دەروونییە ناخۆشەکانی، پەنا بۆ خوێندنەوە و نوسین دەبات، ((من لێرەدا مۆڵەق وەستاوم... زمانم بیرچۆتەوە... دەنگم دەرناچێت... هاواریش بکەم کەس گوێم لێ ناگرێت... هیچ چاوێك، نە دۆستانە و نە دوژمنانە لێم ناڕوانێت... نەخێر، منیان بەلاوە ناوە... کەواتە من ئێستا ئارەزووی نووسین لە هەرکاتێکی دی زیاتر هەڵم دەقرچێنێت... ل٢٧)).

ئەمەش ئەوە دەردەخات نووسین یەکێکە لەو فریادڕەسانەی دەتوانێ لە غیابی دایك و باوك و کۆمەڵگا و دەوروبەر، تاڕادەیەکی باش شوێنی ئەوان بگرێتەوە و تەنیایی بڕەوێنێتەوە.

**** مامزێر (رۆمان) - کاروان عومەر کاکەسوور، چاپی یەکەم، (٢٠٠٨)، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم.***

## (قامچی)

## لەژێر قامچی خوێندنەوەدا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: قامچی**

**نووسەر: کاروان عەبدوڵڵا**

**ساڵی چاپ: ٢٠١١**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

رۆمانی (**قامچی**)[١]ی کاروان عەبدوڵڵا، دەقێکە دەکرێ بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بخوێندرێتەوە و پرسیاری زۆری لەبارەوە بکرێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند ڕوویەکەوە لێی بدوێین و سەرنجی خۆمانی لەبارەوە بنووسین.

**ڕۆمان، یان ژیاننامە:**

بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، بە بۆچوونی من زیاتر لەوەی هەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانێك بکەین، هەست بەوە دەکەین کە ژیاننامەی کەسێك دەخوێنینەوە کە باسی مەینەتییەکانی خۆی دەکات، لەو کاتەوەی چۆتە قوتابخانە، تا ئەو کاتەی خۆی دەبێتەوە بە مامۆستا.

ئەم ڕۆمانە لەبەر چەند هۆکارێك وەکو ژیاننامە دەردەکەوێت کە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند خاڵێك لەو خاڵانە دەستنیشان بکەین.

هەروەها هەوڵ دەدەم قسە لەسەر چەند لایەنێکی دیکەی ڕۆمانەکەش بکەم.

(ستارو بنسکی) لە پێناسەیەکی سادەی ژیاننامەدا دەڵێت: "ژیاننامە: ژیاننامەی کەسێکە کە خۆی دەیگێڕێتەوە".[٢] کاروان لەم ڕۆمانەدا بەلایەنی کەم بەشێکی زۆری ژیانی خۆی تێکەڵی ئەم ڕۆمانە کردووە و ڕووداوەکانیش خۆی دەیانگێڕێتەوە، واتا حیکایەتخوانێك کە خۆشی پاڵەوانی سەرەکییە، بە شێوەی کەسی یەکەمی تاك ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. شوێنی ڕووداوی ڕۆمانەکە شاری (ڕواندز)ە، کە هەمان زێدی ڕۆماننووسە و لە کاتی لە دایکبوونییەوە تا تەواوکردنی قوناغە بەراییەکانی خوێندنیش، لەوێ ژیاوە. ئەگەر بڵێین ئەمە هەموو وردەکارییەکی ژیانی تێدا نییە و هەندێ شتی تێدایە دوورە لە ژیاننامەی کەسی، ئەوە ئەمە لە ژیاننامەشدا بەدی دەکرێت، چونکە "ناتوانرێ ژیاننامەش بە ڕاستگۆیی تەواو بگێڕدرێتەوە، بەڵکو ئەویش تووشی لەبیرچوونەوە و لەبیرخۆبردنەوە و قرتاندن و بۆزیادکردن و دەستکاریکردن دەبێ".[٣] هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ هەندێ شتی لە ژیاندا بەسەر هاتووە لە بیری نەماون، یان هەندێ شت هەن نایەوێ بیانگێڕێتەوە و پێی باش نییە ئاشکرا بکرێن، هەندێك شت هەن بە زیادەیان دەزانێ و... بەم هۆیەشەوە "هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ژیاننامە تێکەڵی نووسینەوەی مێژوو و یادەوەرییەکان و یادەوەری ڕۆژانە بکرێت".[٤] هەروەها ئەگەری ئەوەش زۆرە کە ژیاننامە تێکەڵی کارە ئەدەبییەکان بکرێت، لەوانەش ڕۆمان و چیرۆك.

یەکێك لە رەگەزە گرنگ و بەرچاوەکانی رۆمان بوونی (گرێ)یە، کە پاڵەوانی رۆمانەکە لە هەوڵی کردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم گرێیەدا دەبێت، (گرێ) یەکێکە لەو رەگەزانەی رۆمان لە ژیاننامە جیا دەکاتەوە، مەرجە لە رۆماندا (گرێ)یەکی سەرەکی هەبێت تا بە هۆیەوە خوێنەر پەلکێش بکرێت و پەرۆش بێت بۆ کردنەوەی گرێیەکە و بەردەوامبوونی تاکۆتایی رۆمانەکە بە مەبەستی گەیشتنە ئەنجام، بەلاّم مەرج نییە (گرێ) لە ژیاننامەدا هەبێت، چونکە ژیاننامە بەسەرهاتی ژیانی رۆژانەی کەسێکە و خوێنەر دەیەوێ وردەکارییەکانی ژیانی ئەو کەسە بزانێت، زیاتر لە وردەکارییەکانی رۆژانەی رووداوەکان ورد دەبێتەوە و گرێیەك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی خوێنەر پەرۆشی کردنەوەی بێت، لە رۆماندا "گرێ دەستپێکردنی ئەو ململانێیەیە کە جووڵەکان دروست دەکات و رووداوەکانی چیرۆکی رۆمانەکە بەرەو پێش دەبات، ئەو دیمەن، یان رووداوەیە کە ژیانی پاڵەوانەکە دەگۆڕێت و بەرەو خاڵێکی دەبات بۆ چارەسەرکردن و کردنەوەی گرێیەکە".(٥)

لە رۆمانی (قامچی)دا، چەند گرێیەك (کە دەشێ لێرەدا من ناویان بنێم چەند وردەگرێیەك) بوونیان هەیە، بەلاّم گرێیەکی سەرەکی کە لە سەرەتای رۆمانەکەوە خوێنەر رابکێشێت و ببێتە هێڵی درامی سەرەکی رۆمانەکە بوونی نییە، کەواتە نەبوونی گرێش، دەبێتە یەکێکی دیکە لەو خالاَنەی کە ئەم دەقە زیاتر لە ژیاننامە نزیك دەکەنەوە نەك رۆمان، چونکە لە رۆماندا خوێنەر چاوەڕێی ئەنجامی کۆتایی و بوونەوەی تەواوەتی گرێیە سەرەکییەکەیە، بەلاّم لە ژیاننامەدا خوێنەر چێژ لەو رووداوانە وەردەگرێ کە بە تێپەڕینی کاتەکان بەسەر کەسی گێڕەرەوەدا هاتووە، یان بینیوونی و دەیانگێڕێتەوە.

لەم رۆمانەدا چەند کەسایەتییەك بەدیار دەکەون کە خوێنەر بەپەرۆش دەبێ بۆ زانینی چارەنووسیان و وەکو ئاماژەم پێدا، وەکو وردەگرێ بەدیار دەکەون، لەوانەش:

- چیرۆکی (سەبۆ سوور) لە لاپەڕە (٥٢) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٧٠) کۆتایی دێت.
- چیرۆکی (سەلیم چوورچە)، کە لە لاپەڕە (٧٠) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٧٧) کۆتایی دێت.
- چیرۆکی (خەلیفە حوسێن)، کە لە لاپەڕە (٩٠) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٩٤) کۆتایی دێت.
- (فەقێ شێت) چیرۆکەکەی لە نێوان لاپەڕەکانی (٩٧) و (٩٨)دایە.
- (میرۆ سەرسپی) چیرۆکەکەی لە لاپەڕە (١١٣) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (١٢٠) کۆتایی دێت.

هەر یەکێك لەمانە دەتوانرێ وەکو چیرۆکێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێن، چونکە لە شوێنێکی دیاریکراوی رۆمانەکە دەستپێدەکەن و دواتریش لە شوێنێکی دیاریکراو کۆتاییان پێ دێ، ئەگەرچی هەندێك لەو کاراکتەرانە تا کۆتایی رۆمانەکەش جار جار ناویان دەهێنرێتەوە، بەڵام لە راستیدا رووداوی چیرۆکەکانیان بەو شێوەیەی کە خوێنەر رابکێشن دیاریکراوە و لەو شوێنە تەواو دەبێت کە ئێمە دەستنیشانمان کردووە.

ئەگەرچی بەیەکگەیشتنی پاڵەوانە حیکایەتخوانەکە لەگەڵ (رەیحانە)، وەکو گرێیەك بە دیار دەکەوێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەم گرێیە لەسەرەتاوە نییە و بەو جۆرە نییە کە خوێنەر تەنیا چاوەڕوانی ئەنجامی چارەسەری ئەو گرێیە بێت، بۆیە ناکرێ وەکو گرێی سەرەکی رۆمانەکە تەماشای بکەین. ئەگەر رەیحانە وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی رۆمانەکە و وەکو گرێیەك پێشکەش بکرابا، دەبوو زوو ناوی بهێنرێ و وەسفی رووخسار و هەڵسووکەوتی بکرێت، هەروەها کەسایەتی سەرەکی نابێ ون بێ، بەڵکو دەبێ لەگەڵ رووداوەکانی رۆمانەکەدا بڕوا و رۆڵی کاریگەری لە هەموو رۆمانەکەدا هەبێت، راستە رەیحانە تا کۆتایی رۆمانەکە دەمێنێتەوە و لە سەرەتاکاندا بەدیار دەکەوێت، بەڵام چیرۆکی راستەقینەی ئەو لە لاپەڕە (٨٠)ەوە دەستپێدەکات. ((لەبەر خۆمەوە دوعام دەکرد و لە خوا دەپاڕامەوە کە رەیحانە لێم دوور نەکەوێتەوە، هەر دوای ئەو دیدارە گۆڕانێکی سەیر لە ژیانم روویدا، شەوانە تا درەنگانێك نەدەخەوتم، رەیحانە لەبەرچاوم ون نەدەبوو...ل٨٠)).[٦] کەواتە بە هۆی ونبوون و ئامادەنەبوونی رەیحانە بە شێوەیەکی بەردەوام، ناتوانرێ وەکو گرێی سەرەکی رۆمانەکە لێی بڕوانرێ.

ئەوەی لەم رۆمانەدا خوێنەر وردە وردە رادەکێشێت گرێیەکی سەرەکی نییە، بەڵکو زمان و بابەت و ناوەرۆك و ئەو وردەگرێیانەیە کە لە رەوتی رووداوەکانی رۆمانەکە دێنە پێش و چارەسەر دەبن و خوێنەر بەرەو خۆیان کێش دەکەن.

یەکێکی تر لەو شتانەی کە پێویستە لە رۆماندا هەبێ و بە بێ هەبوونی رۆمانەکە کەموکوڕی تێدەکەوێت، بەڵام مەرج نییە لە ژیاننامەدا هەبێت، (وەسف)ە. وەسفی کاراکتەرەکانی رۆمانەکە و وەسفی ئەو شوێنەی کە رووداوەکانی رۆمانەکەی تێدا روودەدات و وەسفی ئەو کەلوپەلانەی لە رۆمانەکەدا بەکار دەهێنرێت، وەسف یەکێکە لە رەگەزە گرنگە پێکهێنەرەکانی رۆمان و چیرۆك، بەلایەنی کەم رۆماننووس دەبێ وەسفی کاراکتەر و شوێنە سەرەکییەکانی رۆمانەکەی بکات. وەسف "وێنەی ئەو رووبەر و باکگراوندانە دەکێشێ کە

رووداوەکانی تێدا روو دەدات، بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە و دەیخاتە پێش چاوی خوێنەر، رۆمان هونەرێکی خوێنراوە و پشت بەو رووداو و شتانە دەبەستێ کە بە وشە دروست دەکرێن".[٧]

لە رۆمانی (قامچی)دا، رۆماننووس وەسفی کاراکتەر و شوێن و کەلوپەلەکانی نەکردووە، ئەمەش زیاتر لە رۆمانبوونی دوور دەخاتەوە و لە ژیاننامەی نزیك دەکاتەوە، "کاتێ رۆمانی (قاهیرەی نوێ)ی (نەجیب مەحفوز) دەخوێنینەوە، وا هەست دەکەین کەسایەتی (مەحجوب عەبدولدایم) کەسێکی راستەقینەیە و لە گۆشت و خوێنە، ئەویش بە هۆی ئەم هەموو وردەکارییەی کە نووسەر وەسفی کردووە، سیمای دەموچاوی، ئەو ژوورەی تێیدا دەژی، ئەو شوقە ناوازەیەی کە تێیدایە، ئەو شەقامەی کە لەوێوە دەیگەیەنێتە کۆلیژ و پێیدا دەگەڕێتەوە، ئەو رێگایەی پێیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و لای خانەوادەکەی".[٨]

بەلاّم لەم رۆمانەدا گرنگی بە وەسفکردن نەدراوە. تەنانەت گرنگی بە ناوهێنانی کاراکتەر و شوێنەکانیش نەدراوە، بۆ نموونە جگە لە ناوی پاڵەوانی رۆمانەکە کە هاوکات حیکایەتخوانی رۆمانەکەشە (سەرمەد)، ناوی کاراکتەرەکانی دیکە درەنگ دەهێنرێ و بە بێ هۆ دوا دەخرێن، ناوەکان پێشتر بە ناوی هاوڕێکەم، کچەکەی تەنیشتم، هاوپۆلەکەم، برا گەورەکەم، دایکم، باوکم و.. ناو دەبرێن، دواتر و دوای چەندین رووداو ئینجا ناویان دەهێنرێ، یەکەم ناوهێنانی رۆمانەکە لە لاپەڕە (٣٦)ە کە ناوی (عەزەگورو)ە لە کاتێکدا کە زوو باسی ئەو کاراکتەرە کراوە، واتا تا لاپەڕە (٣٦) جگە لە ناوی خۆی (سەرمەد) هیچ ناوێکی دی ناهێنێ، ئەمەش درەنگە، چونکە کاراکتەرەکان لەسەرەتاوە بە دیار دەکەون، تەنانەت (رەیحانە) کە دواتر رۆڵێکی نیمچە سەرەکی لە رۆمانەکەدا دەگێڕێ و تا کۆتایی رۆمانەکە بەردەوام دەبێت، کەچی تا لاپەڕە (٥٢) ناوی ناهێنرێ، لە کاتێکدا رۆمانەکە (٢٠٦) لاپەڕەیە، ئەمەش دەکاتە چواریەکی رۆمانەکە، لێرەدا دیسان ئەوە دێتەپێش کە ئەگەر (رەیحانە) وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی و گرێی سەرەکی رۆمانەکە پێشکەش بکرێت، ئەوا دەبێ زوو ناوی بهێنرێ و وەسف بکرێت. هەروەها برا گەورەی پاڵەوان و حیکایەتخوانی رۆمانەکە (خەلیل)، سەرەڕای ئەوەی لە لاپەڕەی یەکەمی رۆمانەکەوە لە ناو رووداوەکان بەدیار دەکەوێت، بەلاّم نەك هەر وەسفی ناکرێت، بەڵکو ئەویش لە کۆتاییەکانی رۆمانەکەدا و لە لاپەڕە ((١٦٨)) ناوی دەهێنرێت.

"دانیال دیفۆ لە رۆمانەکەیدا، هیچ شوێنێکی لەندەنی سەدەی نۆزدە نامێنێ کە وەسفی نەکات".[٩] رووداوەکانی ئەم رۆمانە لە (رواندز) رویانداوە، بەلاّم رۆماننووس هیچ وەسفی ئەم شارە ناکات، لە کاتێکدا یەکێکە لە شارە جوانەکان و یارمەتیدەرە بۆ وەسف، (خەرەندی

رواندز) ئەگەر ناوبانگی لە شارەکە زیاتر نەبیٚ کەمتر نییە، هەندێك ڕووداوی ڕۆمانەکە لەو خەرەندە ڕوودەدەن، بەلاٚم دیسان وەسفی ئەوێش ناکات، ڕۆماننووس دەیتوانی وەکو وێنەیەکی جوان و ڕەنگاوڕەنگ ئەم شوێنانە بخاتە بەرچاوی خوێنەر و وایان لێبکات کە خوێنەر بیانبینیٚ، چونکە "هەموو وردەکارییەکانی وەسف بۆ ئەوەیە باوەڕ بە خوێنەر بێنی کە ئەو لە نێو دنیایەکی ڕاستەقینەیە نەك دروستکراوی خەیاڵی خوێنەر".[١٠] نەك وەسف، بەڵکو تەنانەت وەکو درەنگ ناوهێنانی کاراکتەرەکان، زۆر درەنگتر ناوی شارەکەش دەهێنیٚ و تەنیا یەکجار لە لاپەڕە (١٧٤) ناوی (رواندز) دەهێنیٚ، ئەویش ئەو کاتەی گفتوگۆیەك لە نێوان حیکایەتخوان و مامۆستایەك ڕوو دەدات لەسەر مانای ناوی شارەکە.

ئەگەر ناونەهێنانی کەسەکان، یان وەسف نەکردنیان هۆکارێکی لە پشتەوە بێت، ئەوا ئاساییە، بۆ نموونە هەندیٚ ڕۆمان هەن، تەواویش دەبن ناوی هەندیٚ کاراکتەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، ئەمەش مەبەستێکی تایبەتی لە پشتە، بەلاٚم دواخستنی ناوهێنان یان وەسف نەکردن، لەم ڕۆمانەدا وەکو لە خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە بە دیار دەکەوێت، هیچ مەبەستێکی لەپشتەوە نییە، کەواتە ئەم ڕۆمانە لە وەسفکردن و شێوازی ناوهێنانی کاراکتەرەکان، کەمتەرخەمی تێدایە.

### سەرنجی زمانەوانی:

هەڵبەت لە نووسینی ڕۆماندا، زۆرجار ڕۆماننووس بە هۆی زۆری ڕووداوەکانەوە، یان بە هەر هۆیەکی دیکە تووشی ئیشکالی زمانەوانی و تێکەڵبوونی هەندیٚ لە ڕووداوەکان و دووبارەکردنەوەی هەندێك ڕستە و دەربڕین دەبێت، ئەم ڕۆمانەش بەدەر نییە لەو ئیشکالانە، لێرەدا هەندێکیان دەخەمەڕوو.

- ((من کە چوومە پۆلی یەکی سەرەتایی، تەمەنم پێنج ساڵ و نیو بوو، لەبەر ئەوەی خزمی بەڕێوەبەر بووم وەرگیرام...ل١٤)). ئەم دەربڕینە بە شێوەیەکی نزیك لەمە لە شوێنێکی دیکەش دووبارە کراوەتەوە. ((من لە تەمەنی پێنج ساڵ و نیودابووم کە لە قوتابخانە وەرگیرام، ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە بۆرە خزمایەتییەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا هەبوو..ل٢٣)).

دووبارەکردنەوەی ئەم دەربڕینە و بەم شێوەیە کە تەنیا نۆ لاپەڕەیان لە نێواندایە، هیچ پێویست نییە و خزمەتی دەقەکە ناکات، ئەگەر لە جاری دووەم دووبارەش نەکرابایەوە هیچ

کاریگەری لەسەر کۆنتێکستی دەقەکە نەدەبوو، بەڵکو هەر پێویستیش بوو دووبارە نەکرێتەوە. دەکرا لە جاری دووەم بۆ نموونە تەنیا بنووسرابا (بەهۆی ئەو خزمایەتییەی لەگەڵ بەڕێوەبەر هەمانبوو...) و درێژە بە دەقەکە بدرابا، یان دەربڕینێکی تری لەم شێوەیە.

- ((ئەو رۆژە دەیانگوت (سەبۆ سوور) دوو مشکی لەگەڵ خۆی هێنابوونە پۆلەکە...ل٥٢)) حیکایەتخوان ئەمە بە جێناوی کەسی سێیەمی بکەر نادیار دەگێڕێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حیکایەتخوان خۆی لەوێ ئامادە نەبووە، کەچی دواتر کە باسی بەزموڕەزمی رووداوەکە دەکات، خۆشی دەخاتە ناو رووداوەکان، ((هەر یەکێکمان لە شوێن خۆیەوە کتێبێکی بەرز دەکردەوە و تووند لە رەحلەکەی بەردەمی خۆی دەدا...ل٥٢))، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دواتر حیکایەتخوان هەر خۆی تۆمەتبار دەکرێت بەوەی مشکەکانی هێناوەتە ژوورەوە، کەواتە نەدەبوو رستەکەی سەرەتا بە بکەر نادیار بنووسرابا وەکو ئەوەی خۆی لەوێ نەبووبێ، چونکە خۆشی لەوێ ئامادەبووە.

- ((لە پشت دیواری خانووی کەسێك دانیشتم، کە نەمدەزانی هی کێیە...ل٩٦)) خانوو هی کەسێك نییە، هی خێزان یان خانەوادەیەکە، دەشێ هی تاکە کەسێکیش بێت، بەڵام کە نەزانی هی کێیە؟ حەتمەن بە بینینی خانوو بیرت بۆ خێزانێك دەچێت نەك کەسێك، (کەسێك) لەم رستەیەدا هەڵەیە و دەکرا هەر نەشنووسرێت، رستەکە بەمجۆرە بەس بوو، (لە پشت دیواری خانووێك دانیشتم کە نەمدەزانی هی کێیە).

- ((گوێم لێ بوو چەکدارێك بە یەکێکی دیکەی دەگوت:...ل١٩٣)). دوو رستە دواتر دەنووسێت ((کە سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد، بە غەیری ئەو چەکدارە کەسێکی دیکەم لە ژوورەکەدا نەبینی...ل١٩٣)). ئاماژە بە چوونە دەرەوەی هیچ کەسێکیش ناکات، چ بە ئاگای ئەو، یان بە بێ ئاگا، کەواتە بێ هیچ ئاماژە و هۆیەك لە رستەی یەکەم باسی دوو کەس دەکات، کەچی لە رستەی دووەم تەنیا یەك کەس بەدیار دەکەوێت و کەسی دووەم باسی نامێنێ و بزر دەبێ.

- ((پێی رابگەیەنم کە چەند رۆژێکی دیکە دایکم دەنێرمە داخوازی و...ل١٧٦))، لە هەمان جێژوان و هەمان شەو، چەند ساتێك دواتر دەنووسێت: ((ناتوانم ئەو خەبەرە خۆشەت پێ بڵێم کە بەیانی دایکم دەنێرمە داخوازیت...ل١٧٨))، لە سەرەتا باسی چەند رۆژێکی دیکەیە، دواتر دەبێتە بەیانی، لەکاتێکدا بە گوێرەی ناواخنی قسەکان، ئەو پێشتر لەگەڵ دایکی لەسەر کاتەکە رێککەوتوون و بڕاوەتەوە، کەواتە نووسەر لێرەدا تێکەڵییەکی لا دروست دەبێت.

ئەمە بەشێکە لەو سەرنجە زمانەوانیانەی کە هەمبوون، هەڵبەت ئەم جۆرە ئیشکالانە لە ڕۆماندا ئاساییە و ڕۆماننووسانی دیکەش ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ئیشکالانە دەبنەوە، بۆ نموونە، لە ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی ڕۆماننووسی سودانی (تەیب ساڵح)دا، لە شوێنێکدا "چەند جارێك ئەوە چەند بارە دەبێتەوە کە مستەفا سەعید (پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە) چەقۆی بەدەستەوەیە و دەیەوێ جین مۆرسی ژنی پێ بکوژێت، کەچی لە کات و ساتی کوشتنی جین مۆرسدا کە هەر چەقۆی بەدەستەوەیە، دەڵێ: بە سینگم پاڵم بە خەنجەرەکەوە نا، تا هەمووی لە سینگیدا، لە نێوان مەمکۆلانیدا ختم بوو.

(مارکیز)یش لە نۆڤلێتی (کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنێرێت)دا هەڵەیەکی زەقی لەو بابەتەی کردووە، لەسەرەتای نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: (کوڕەکەی کۆلۆنێل بە چەقۆ کوشتیان)، کەچی لە دوا دوایی نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: (بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا ئەو کابرایەی بینی کە تەقەی لە کوڕەکەی کرد)".(١١) کەواتە ئەم هەڵەکردن و بە هەڵەداڕۆیشتنە لە نووسینی ڕۆماندا، چاوەڕوانکراوە.

***     ***     ***

بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم کتێبە چ ژیاننامە بێت، یان ڕۆمان، هەروەها سەرەڕای سەرنجە زمانەوانییەکان، بەها ئەدەبییەکەی خۆی لە دەست نادات و لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەمە دەقێکی جوانی ئەدەبییە، لەوەش کەم ناکاتەوە کە ئەم کتێبە چەند کێشەیەکی جەوهەری کۆمەڵگای ئێمەی لە ژێر ناوی ڕۆمان بە جوانی و بە وردی خستۆتەڕوو. ڕۆمانیش دەقێکی ئەدەبی زۆر گرنگە و دەشێ ڕووداوەکانی ژیان بگێڕێتەوە و وردەکارییەکانی ژیان و کێشە و گرفتەکانی ژیان بخاتەڕوو، "لە ڕوانگەی هەندێ لەو ڕۆماننووسانەوە بایەخی ئەو شێوازە ڕۆمانەی کە ڕووداوەکانی ژیان دەگێڕێتەوە، لەوەدایە کە توانای توێژینەوەیەکی پراکتیکی هەیە لە هەموو وردەکاری و بابەتە دەوڵەمەندەکانی ژیان".(١٢) ئەم کتێبەش بابەتە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگای ئێمەی بەرچاو خستووە، لێرەوە هەوڵ دەدەم قسە لەبارەی ئەو گرفتانە بکەم کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگای ئێمەوە هەیە و لەم دەقەدا بە جوانی تیشکیان خراوەتەسەر.

## وێنای پەروەردەی ناتەندروست لە کۆمەڵگا:

یەکێك لەو کێشە گرنگ و دیارانەی کۆمەڵگای ئێمە کە لەم ڕۆمانەدا باس کراوە، کێشەی ناتەندروستی پەروەردە و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێیە، بە تایبەتیش لای منداڵ و لای قوتابی لە سەرەتاکانی دەستکردنی بە خوێندن، ئەم ڕۆمانە لە رووی وێناکردنی ئەم پەروەردە ناتەندروستەوە، کاریگەری خۆی هەیە و وێنایەکی جوانی پێشکەش کردووە، "کاریگەری نووسینی ڕۆمان پشت بە دوو تایبەتمەندی دەبەستێت، پتەوی ناواخن و سروشتەکەی وەکو زەرورەتێکی پێویست، ئەو چیرۆکەی ڕۆمانێك دەیگێڕیتەوە، دەبێ پتەو بێ بۆ ئەوەی ئەو پتەو نەبوون و شاشییەی کە هەیەتی، وەکو شتێکی رەسەن و پڕ لە ژیان دەرکەوێ". (١٣) ناواخنی ئەم ڕۆمانە و بابەتەکەی لەمڕووەوە کاریگەرن و دەقەکەیان پتەو کردووە.

ئاشکرایە کە کۆمەڵگای ئێمە لە رووی سیستەمی پەروەردەوە، خاوەنی پەروەردەیەکی ناتەندروست و دواکەوتووانەیە، بەڵام "نابێ کۆمەڵگا دواکەوتنی خۆی بەسەر سیستەمی پەروەردەدا بسەپێنێ، بە پێچەوانەوە دەبێ پەروەردە گەشەی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ". (١٤) کەچی کۆمەڵگا لە وڵاتی ئێمەدا توانا و سیستەمی خۆی بەسەر بواری پەروەردە و شوێنی پەروەردەکردن کە هەنگاوی یەکەمی دوای ماڵ قوتابخانەیە، دەسەپێنێ، ئەم ڕۆمانە لەسەرەتاوە ئەم راستییە بە جوانی دەخاتەڕوو ((ئەو کاتەی بۆ یەکەمینجار تخووبی ماڵەوەمانم بڕی و بازم دایە نێو پۆلەکانی قوتابخانە، دڵم بەوە خۆشبوو، هیچ نەبێ نیوەی وەختی رۆژەکان، بە دوور لە شەق و زرمەی شەپازللەی باوکم و برا گەورەکەم، هەندێ جاریش دایکم، بەسەر دەبەم ...ل٥)) بەڵام کارەکە بەو جۆرە نابێ کە ئەو پێشبینی کردووە ((بینینی یەکەم دیمەنی قوتابخانە و شەپۆلی پڕ هاتوهاواری منداڵان و سیمای تووڕە و ترشی هەندێ مامۆستا، خەم و ترسێکی قووڵیان لەدەروونمدا رووالند...ل٥))، کەواتە قوتابخانە نەیتوانیوە خۆی لە ماڵ دابڕێ و کەشێکی لە ماڵ باشتر و گونجاوتر بۆ قوتابیان دروست بکات، هۆکاری هەمووو ئەمەش ئەوەیە کە "پەروەردەی ئێمە لەسەر ئەو خورافەتە بەندە کە قوتابخانە دەبێت تەواوکەری ماڵەوە بێت، ئەم بۆچوونە کارێکی کردووە کە ئەو عەقلییەتەی ماڵ بەرهەمی دەهێنێت، قوتابخانەش هەمان عەقلیەت و ئەخلاقیات بەرهەم بهێنێتەوە". (١٥)

یەکێك لە ناتەندروستییەکانی ئەم پەروەردەیە ئەوەیە کە بە شێوازی جۆراوجۆر، هەم لە ماڵ و هەم لە قوتابخانە، لە سەرەتاوە بەناوی پەروەردە و ئامۆژگاریکردنەوە، ترس لە ناخی

منداڵان دەچێنرێت. بەجۆرێك كە ئەگەر چاكەیەكیش بەرامبەر ئەو منداڵە ترسێنراوە بكرێت، منداڵەكە یان قوتابییەكە باوەڕ ناكات چاكەی بەرامبەر كراوە و ترسی لێ ناڕەوێتەوە، ((من زۆر ترسابووم (...) چاوەڕێ بووم زللەیەكم پێبكەوێ، كەچی زۆر بە نەرمی دەستێكی بەسەرمدا هێنا، لە خۆشیان هەردوو چاوم پڕ فرمێسك بوون...ل٢١)).

لەم جۆرە سیستەمی پەروەردەكردنەدا مامۆستاكان شانازی بە توندوتیژییەوە دەكەن ((ئەو مامۆستایانەی كە ناوبانگیان بە تۆقێنەر و زەبروەشێن دەركردبوو، بە شانازییەوە بۆیان دەگێڕامەوە كە چۆن دەست و پەنجەی قوتابییەكانیان شین و مۆر كردووە، جاری وا هەبوو گلەییان لە یەكتر دەكرد كە چۆن مامەڵەی توندتریان لەگەڵ قوتابییە شەڕاوییەكان نەكردووە...ل١٦٧)) لەم جۆرە پەروەردەیەدا مامۆستا پێی وایە قوتابی گەرای شەیتانی لە هەناویدا هەڵگرتووە ((ل١٦٨)) و پێویستە لەم شەیتانبوونە پاك بكرێتەوە.

مامۆستایان خۆیان بەوجۆرە نابینن كە ئەوان لە دەزگایەكی باڵاتر لە كۆمەڵگان و دەبێ لەوێوە پەروەردەی تەندروست بۆ كۆمەڵگا پەخش بێتەوە، "هەندێك لە مامۆستایانی كوردستان بیرۆكەیان لەسەر پەروەردە، لەو تێگەیشتنە باوە تێنەپەڕیوە كە لە خێزانەوە دەیهێنن بۆ قوتابخانە، ئەخلاقیاتی پەروەردە لە ئەخلاقیاتی باوی كۆمەڵگا جیانەبۆتەوە".[١٦] بۆیەش ئەم كۆمەڵگایە ناتوانێ تاكی تەندروست دروست بكات، یان تاكەكان چەندە خۆیان هەوڵ بدەن، زەمانەتی ئەوە نییە بتوانن گەرای دواكەوتنەكانی كۆمەڵگا لە هەناوی خۆیان دەربكەن. ئەم ڕۆمانە ئەم بابەتەی بە جوانی خستۆتەڕوو، (سەرمەد) هەرچەندە هەوڵ دەدات بە شێوەیەكی مەدەنییانەی دوور لە توندوتیژی ڕەفتار بكات، ((زۆرم هەوڵ دەدا دەست لە هیچ قوتابییەك نەوەشێنم...ل١٧٦))، بەڵام ناتوانێ تا سەر لەسەر ئەم خواستەی بەردەوام بێت، دواتر ئەویش وەك مامۆستاكانی دیكە لە قوتابیان دەدات و توندوتیژی زۆریان بەرامبەر دەكات، تەنانەت ئەو توندوتیژییە دەگوازێتەوە بۆ ماڵەوەش و بەرامبەر (ڕەیحانە)ی خێزانیشی توندوتیژی ئەنجام دەدات.

یەكێكی تر لەو بابەتە گرنگانەی ئەم ڕۆمانە دەیخاتەڕوو، كێشەی (شێت)ەكان یان ئەو كەسانەیە كە باری دەروونیان ناتەواوە، كۆمەڵگای ئێمە نەك تەنیا گرفتی ئەوانە چارەسەر ناكات و یارمەتیان نادات، بەڵكو گرفتەكانیان قووڵ دەكاتەوە و مەینەتییەكانیان زیاتر دەكات، كۆمەڵگا و تێگەیشتنی دواكەوتووی كۆمەڵگا، هۆكارێكی گرنگە لە دوورخستنەوەی زیاتری ئەم شێتانە لە مرۆڤە ئاساییەكان و ئەنجامدانی جیاكاری بەرامبەریان، لەم ڕۆمانەدا شێتەكان بە جوانی مەینەتییەكانی خۆیان دەردەبڕن و كێشەكانیان دەخەنەڕوو، بۆ نموونە بڕوانە

لاپەڕە ((١٣٨)) هەروەها تەماشاکەن شێتێك چۆن باسی پەیوەندی نێوان خۆی و قوتابخانە دەکات. ((ئەم قوتابخانەی پشتمان دەبینن، ئەمە وەستا عەزیزی باوکم دروستی کرد، بۆ ئەوە نەبوو منی تێدا فەلاقە بکرێ، بۆ ئەوە نەبوو من لەناویدا زیندانی بکرێم، زۆرجار هاتۆتە سەرم ئەوەی باوکم دروستی کردبوو بیڕووخێنم...ل١٣٨)).

هەروەها ئەم رۆمانە بە جوانی باسی پەیوەندی نێوان ئاغا و خەڵکی ئاسایی دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن ئاغا لەناو کۆمەڵگا هەموو شتێکی لەدەست دێت، زیاتر لەوەش بە جوانی باسی ئەو پێگە و دەسەڵاتە رەمزییە دەکات کە ئاغا هەیەتی، بە شێوەیەك ئەگەر خودی ئاغا خۆشی کەسێکی باش بێت، یان هەڵوێستی باشی هەبێ، داروودەستە و منداڵ و خزم و کەسەکانی بە هۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتە رەمزییەکەی ئاغاوە، خراپەکاری ئەنجام دەدەن، بڕوانە (عەزەگوڕو)ی کوڕە گەورەی ئاغا، لە منداڵییەوە بە هۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتی باوکییەوە خراپەکاری دەکات، هەموو جارێکیش کە لێی ئاشکرا دەبێت، ئاغای باوکی سەرکۆنەی دەکات، واتا ئەم رۆمانە ئەوە دەخاتەڕوو کە مەرج نییە خودی ئاغا خۆی کەسێکی خراپەکار بێت، بەڵام خزم و کەس و دەوروبەرەکەی، دەسەڵاتە رەمزییەکەی ئەو، خراپ بەکار دەهێنن.

واتا بە گشتی ئەم رۆمانە جۆرێك لە لێکۆڵینەوەیە لە مەینەتی خەڵکانی جۆراوجۆری ناو کۆمەڵگای ئێمە بە گەورە و بچووکەوە.

## فەنتازیا و خەیاڵ:

هەبوونی چەند چیرۆکێکی خەیاڵی لەم رۆمانەدا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە رۆماننووس دەستێکی باڵای هەیە لە فەنتازیا و دروستکردنی خەیاڵ، ئەمەش گرنگییەکی زیاتری بە رۆمانەکە داوە، بۆ نموونە بڕوانە ئەو چیرۆکەی کە هەموو کەسەکان تێیدا دەبنە سێبەر و ململانێ لە نێوان قوتابیان و مامۆستاکاندا دروست دەبێ ((ل١٠٤)). خەون بینین بە پیرەژنێکی کورتی سەر سپی، لەو کاتەی کە حیکایەتخوان لەسەربان دەکەوێتە خوارەوە و چەند رۆژێك کەوتۆتە نەخۆشخانە ((ل١٠٥)). خۆپیشاندانی شێتەکان و هەڵبژاردنەکانیان ((ل١٣٣)). زۆربەی ئەم چیرۆکانەش بە جۆرێك چنراون، کە خوێنەر تا تەواوبوونی چیرۆکەکە نازانێ ئەمە خەیاڵە، بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش خوێنەر رادەکێشن و لێزانی رۆماننووس پیشان دەدەن.

لە لاپەڕە ((١٧٨))دا، نزیکەی بە دوو لاپەڕە باسی گرنگی ئاوێنە دەکات لە لایەن حیکایەتخوان، بە جۆرێکی زۆر جوان ئاوێنەی تەوزیف کردووە، بەڵام ئەم باسە لەگەڵ بابەتەکەی دواتر بەیەکەوە گرێ نەدراوە و لە هیچ شوێنێکی دیکەش باسی ئاوێنە ناکات، لەکاتێکدا دەڵێت: ((بە درێژایی ژیانم ئەوەی نەختێك هێوربوونەوەی پێ دەبەخشیم و گرێکوێرەکانی دەروونمی شل دەکردەوە، ئاوێنە بوو...ل١٧٨)) ئاوێنە بەو تێڕوانینەی لەوێ باس کراوە، دەکرا ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی بگێڕێ و پێگەیەکی دیاری هەبێت، چونکە تەنیا بەم دوو لاپەڕەیەی کە باسی ئاوێنەی کردووە، وێنایەکی جیا لە وێنا باوەکانی بە ئاوێنە بەخشیوە و ڕۆڵێکی کاریگەری پێداوە، ئەگەر زیاتر و لە میانەی ڕووداوەکاندا باسی کردبا گرنگتر دەبوو.

ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی جوان نووسراوە و چەندین دەربڕین و وێنای جوانی تێدایە، ((سەیرە ئەو جادەیەی بەردەمم دەڵێی دەئاوسێ، یان دەڵێی شتێك لە ژێرەوە پفی دەدا...ل٩٥)) ئەمە وێنای کەسێکە سەری گێژ دەخوات و کە دنیا لەبەرچاوی دەشێوێ. نووسەر بە دەربڕینێکی جوان وێنای کردووە. کە باسی ئەوە دەکات لەناکاو تێکڕا قوتابیان لە پۆل دەست بە قسە دەکەن، بە دەربڕینێکی جوان دەنووسێت: ((لەو دەمە وەك سەدای ڕەهێڵە بارانێکی لەناکاو کۆمەڵە دەنگێکی تێکقژقژاو لە پۆلەکەمان بەرزبووەوە...ل١١٠)).

ئەمانە وەك نموونەن و زۆر دەربڕین و وێنای جوانی تر لەناو ئەم ڕۆمانە دەبینینەوە، هەروەها ئەو نامەیەی کە ڕەیحانە بۆ سەرمەدی دەنووسێت ((ل١٤٧)) دەربڕین و وێناکانی زۆر جوانن و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- قامچی، (ڕۆمان)- کاروان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠١١). لە بلاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی.

٢- **السيرة الذاتية- الروائية: غصن مطعم بشجرة غريبة – مثالاً. عدنان حسين أحمد.**
www.ahewar.org

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- **الرواية.** (ناوی نووسەری لەسەر نییە).
www.feedo.net

٦- ئەوەی لە نێوان ئەم دوو جووتکەوانەدایە ((...)) لە ڕۆمانەکە وەرگیراوە.

٧- **الوصف الروائي، سالم الحسيني.**
www.shathaaya.com

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- هەمان سەرچاوە.

١١- وەرزی کۆچ بەرەو باکوور، (ڕۆمان)- ئەلتەیب سالح. و: سەباح ئیسماعیل، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٦٨٣)، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠٠٧). ل,١٨١

١٢- ڕۆمان چییە؟ کۆمەڵێك نووسەر- و: جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠٠٨)، لە بلاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی. ل,١٠٥

١٣- (١٢) نامە بۆ ڕۆماننووسێکی لاو- ماریۆ فارگاس یۆسا، و: شیرین. ك، لە بلاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر. ل,٤٤

١٤- هەندێك سەرنج دەربارەی سیستەمی پەروەردە و ستراتیژی گۆڕانکاری لەم سیستەمەدا- بەختیار عەلی، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (٥). ل,٢٠٤

١٥- هەمان سەرچاوە ل,٢٠٦

١٦- هەمان سەرچاوە ل٢٠٦.

(ژنێك بەسەر منارەوە)

# شەپۆلی پێچەوانەی بیرکردنەوە باوەکان




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: ژنێك بەسەر منارەوە**

**نووسەر: شێرزاد حەسەن**

**ساڵی چاپ: ٢٠١١**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج**

هەڵبەت لە نووسینێکی وا کورتدا ناتوانرێ قسە لەبارەی هەموو لایەنەکانی کتێبێکدا بکرێت، تەنها ئەوەندە دەکرێت کە یەکێك لە لایەنەکانی وەربگری و قسەی لەبارەوە بکەی، ئەوەی من دەمەوێ لەم رۆمانەدا (***ژنێك بەسەر منارەوە***)* لێی بدوێم، ئەوەیە کە (شێرزاد حەسەن) بە جۆرێك ئیشی کردووە، وێنای زۆربەی ئەو شتانەی باسکراون، بەو جۆرە نین کە لە زەین و خەیاڵی ئێمەدا هەن و پێچەوانەن، واتا وێنای کەس و شتەکان بەوجۆرە باوە نین کە ئێمە لە واقیعدا دەیانبینین و سەودا و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، بەڵکو نەخشێکی دیکەیان هەیە و وێنەکان بە جۆرێکی دی دارێژراونەتەوە کە ئێمە بەدەگمەن لەم جۆرە وێنایە، یان راستتر هێماکانی ئەم وێنایانە دەبینین، بەتایبەتیش: منارەکە و شادی و هۆمەر و بەهرام کە کاراکتەرە سەرەکییەکانی رۆمانەکەن.

زۆربەی جار لە کتێبەکاندا واباوە کە کەسێکی پیر ئاماژەی نەوەی کۆن و وەستانی بیرکردنەوە و دواکەوتن و رێگرییە لە پێشکەوتن. ئافرەت هێمای چەوسانەوە و بێدەسەلاتی و زوڵمێکی بێدەنگانە و بێ بەرگرییە. گەنج هێمای نوێبوونەوە و بیرکردنەوەی تازەیە، بەلاّم ئەمانە لەم کتێبەدا جیاواز لەم هێمایانە، یان بە پێچەوانەی ئەم هێمایانە بەکار هێنراون.

لە چرکەساتی یەکەم بینینی ئەم کتێبە، وردتر لە ساتی بینینی بەرگی کتێبەکە، رەنگە وا بێتە بەرچاو کە منارەکە لەم رۆمانەدا هێمایە بۆ نێرینەیی و پیاوسالاری، بە تایبەتیش بەوەدا کە ژنێك و منارەیەك بەیەکەوە بوونەتە ناونیشان بۆ کتێبەکە، تەنانەت بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەش، دەشێ ئەو پرسیارە بێتە پێشێ کە ئایا ژنێك چ پەیوەندی بەسەر منارەوە هەیە؟! بۆچی تا ئەو رادەیە شەیدای منارەکەیە کە هیچ کاتێك لە خەیاڵی ناچێتە دەرەوە ((کە لە خەو بێدار دەبیتەوە، یەکەمین شت بیری لێ بکەیتەوە بینینی منارەکەیە، وەك ئەوەی غەریبی بالاّی بکەیت و بالاگەردانی بیت، بە دڵەخورپێ و بە هەنگاوی خێرا و چووست و چالاکانە، خانمانە رووەو باڵەکۆنەکە مل دەنێیت و لەوێوە پڕ بە هەردوو چاوە کاڵەکانت لە منارەکە دەڕوانیت...ل١٠))، تەنانەت هیچ شەوێك لەبەر منارەکە ناچێتەوە ماڵی باوکی، چونکە ئەو دوو شەوەی دەچێتەوە ماڵی باوکیشی، منارەکە بە شڵەژاوی دێتە خەونی و گلەیی لێ دەکات کە بۆچی ئەمی بەجێهێشتووە؟! بەلاّم کاتێ دەکەوینە قولاّیی خوێندنەوەی رۆمانەکە، ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم منارەیە پەیوەندی بە نێرسالارییەوە نییە، بەڵکو هێمایە بۆ مێژوویەکی دێرین، مێژوویێك کە هەڵگری پاکێتییە و (شادی) هیچ شتێکی نەماوە بڕوای تەواوی پێی هەبێ، جگە لە منارەکە، ئەگەرچی ئەو کەسەی عاشقی منارەکەیە ئافرەتێکی

شۆخ و شەنگە، ئەمەش دیسان دەمانخاتە زەینی ئەوەی کە بۆچی ئافرەتێك عاشقی منارەیەك دەبێت و ئەو پرسیارەمان لەلا گەلاڵە دەبێ کە ئاخۆ هۆکارەکەی ئەوە نییە، کە ئەو ئافرەتە تووشی چەپاندن بووبێ، هەروەکو لە کتێبەکەشدا یەکێك لەوانەی ماستەری دەروونناسی تەواوکردووە، بڕوایەکی لەو جۆرەی لەلا گەلاڵە دەبێ ((ئەم بێوەژنە دیارە چییەتی، عوقدەی خەساندنی هەیە و هیچی تر، بێجگە لەو کەپتە زۆرەی کە مێردە پیرەکەی نەیتوانیوە هیچی بۆ بکات، بە کورتی و بە کوردی تێر نەبووە، ئەم بەزمی مار و منارەیە جگە لەو دەردی بێبەشبوونە لە سۆز و سێکس هیچی تر نییە، ئەو ژنە لەتاو تەماعی شتێکی دیکە خووی داوەتە ئەم منارەیە...ل١١٣-١١٤)). بەڵام دواتر بەوەدا کە رۆماننووس ناخی ئەو کەسایەتییەمان بۆ بەیان دەکات، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم پەیوەستبوونە بە منارەکەوە، پەیوەستبوونێکی رۆحییە و پەیوەندی بە نەمانی بڕوا بە مرۆڤەکانی دەوروبەر و ئەو کەسانە هەیە کە مێگەلئاسا دەژین، نەك کەبتی سێکسی یان شتێکی لەم جۆرە، پەیوەستبوونە بە رەسەنێتی و وەستانەوەیە دژی ئەو قەرەباڵغییەی خەریکە بە ناوی نوێگەرییەوە هەموو شتەکان ناشرین دەکات، واتە جگە لە مێژوویێکی پاك و دێرین، منارەکە سیمبولی مانەوە و خۆڕاگرییشە لە بەرامبەر ئەو شتە نوێیانەی کە لە سەردەمی ئێستادا هەن، وەك بینا بەرزەکان و سوپەرمارکێت و ئەو بابەتە بازرگانی و هوتێلە خنکێنەرانەی کە شارەکانیان تەسك و تەنگەبەر کردۆتەوە، منارەکە سیمبولێکە بۆ زیندووهێشتنەوە و درێژەدان بەو مێژووە پاك و رەسەنە.

(شادی) کە هاوئاهەنگ لەگەڵ منارەکە پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، بێوەژنێکی بێکەسە، بە هۆی ئەوەی ئەو تاکە کەسێکە نایەوێ منارەکە بڕووخێنرێ و بکرێتە مۆڵ و سوپەرمارکێت و بینای بەرز و.. هەموو خزم و کەسوکارەکەی و کەسایەتییە ناودارەکانی شارەکە دژی دەوەستنەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەو ئافرەتە (بەتایبەتیش بێوەژنە) زەبوون و بێدەسەڵاتانەی بەردەوام لە کۆمەڵگای ئێمە دەچەوسێنرێنەوە و زوڵمیان لێ دەکرێت و ئەوانیش توانای هیچ بەرگرییەکیان نییە، شادی ئافرەتێکی هۆشیارە و رووبەڕووی هەموو هەوڵەکان دەبێتەوە، بێ ئەوەی هیچ ترسێکی هەبێت، بە تەنیا لەو خانووە کۆنەی بەرامبەر منارەکە دەژی و پارێزگاری لە منارەکە دەکات، ئەو ئافرەتێکی شێوەکارە، وێنەی هەموو ئەو باڵندە و پەپوولە کوژراوانە دروست دەکات کە لەسەر دەستی پیاوەکان دەکوژرێن،

ئەمەش هەولْ و هێمایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کوشتارە و قەرەبووکردنەوەی ژیانیان و تۆڵەکردنەوەیان لە رووی دەروونییەوە.

خاڵێکی تری خۆڕاگریی ئەم ئافرەتە ئەوەیە کە لە تەمەنێکی زووەوە دەکرێتە ژن و کچێتی لەدەستدەدات، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە ناخەوە بڕووخێ و ژیانی لە لا ببێتە هیچ، وەکو کەسێکی هۆشیار و زیرەك، ئەم نهێنییە لای خۆی دەپارێزێ و رێگا نادات بەهۆی ئەمەوە ببێتە قوربانی و بکوژرێ و بەناوی کڕینەوەی ناموس (وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمە باوە) بخرێتە ژێر گڵ، کەواتە وەکو زۆربەی ئافرەتانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، شادی کەسێکی دەستەپاچە و بێ دەسەڵات نییە، بەڵکو کەسێکی هۆشیار و بە ئیرادەیە و گۆڕان ئەنجام دەدات، هەم بە هۆی تابلۆکانی کە هەر یەکە لە بەهرام و هۆمەر کاتێ ئەو تابلۆیانە دەبینن، هەموو جارێك تەواو بەخۆیاندا دەچنەوە و تووشی راچڵەکان دەبن، هەم لە پەیوەندیشی بە مرۆڤەکان، بۆ نموونە ئەو کەسێکی وەکو هۆمەر لە کەسێکی پیاوکوژ و هەمیشە چەکبەدەستەوە، دەکاتە مرۆڤێکی پاك، وەکو هۆمەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت.

(هۆمەر) کەسایەتییەکی دیکەیە لە رۆمانەکەدا کە پێشمەرگەی کۆنە و هێمایە بۆ نەوەی کۆنی پێش راپەڕین، لە یەکەم بینینەوە لە لایەن شادی، وەکو کەسێکی پیاوکوژ و دنیاویست دێتە بەرچاو، بەڵام دواتر دەردەکەوێ کە کەسێکی مرۆڤ دۆستە، یاخود دەگۆڕێت بۆ کەسێکی مرۆڤدۆست و بیرکردنەوەی پێچەوانەی بیرکردنەوەی هاوئاستەکانی خۆیەتی لە رۆمانەکەدا، کە خەریکی پارە کۆکردنەوە و رابواردن و بەرزکردنەوەی بینای چەند قات و دروستکردنی هوتێل و مۆڵەکانن.. ئەو ئارەزوویێکی بۆ ئەم جۆرە شتانە نییە.

شتێکی باوە کە پیاوێکی پیری وەکو ئەو، داوای ئافرەتێکی گەنجی وەکو شادی بکات و وازی لێ نەهێنێ، ئەمە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و لە رۆمانەکەشدا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە بیرکردنەوە جیاوازەکەی ئەم پیاوەیە، بەو تەمەنەوە کاتێ دەزانێ شادی بە ناشەرعی کراوەتە ژن، نەك تووشی شۆکێکی ئەوتۆ نابێت کە جارێکی دی بەلای ئەو ئافرەتەدا نەچێتەوە، یان بە سووك سەیری بکات و بە ئافرەتێکی بێ رەوشتی دابنێ، بەڵکو لەوکاتەدا سۆزی بۆی زیاتر دەبێت و ئەوەی بۆ پێشنیار دەکات کە ئەگەر شووشی پێ نەکات، رێگا بدات یارمەتی بدات بۆ ئەوەی لە لای ئەو پزیشکانەی پێیان دەزانێ، پەردەی کچێنییەکەی بۆ دروست بکەنەوە، تاکو تووشی گرفت نەبێ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش پێچەوانەی زۆرێك لەو بیرکردنەوانەیە کە لەناو نەوەکەی ئەودا هەن و خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و سامانن و ئافرەت

بەلای ئەوانەوە وەکو کالاّ و وەکو نامووسی خێزان و بنەماڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەر هەڵەیەکی ئافرەت بە سەرشۆڕیی دادەنێن بۆ خۆیان و بۆ بەرزکردنەوەی ئەم سەرەش، زۆرکات کوشتنی ئافرەتەکە بە چارەسەر دەزانن، بەلاّم هۆمەری هاوتای ئەم نەوەیە بیرکردنەوەیەکی جیاواز و کراوەی هەیە.

خۆشەویستی نێوان هۆمەر و شادی یەکێکی دیکەیە لەو شتانەی پێچەوانەی وێنای ئێمەیە بۆ ئەم جۆرە خۆشەویستییانە، کە رەنگە پێمان وابێ سەرکەوتوو نابن، چونکە هۆمەر لەلایەك پیاوێکی بە تەمەنە و لە تەمەنی خۆشیدا بە هۆی پێشمەرگایەتییەوە هەر خەریکی شەڕ و کوشتن بووە و هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵ چەکدا کردووە، ئەگەر کوشتنی دوژمنیش نەبێت، ئەوا خەریکی راو و کوشتنی ئاژەلاّن بووە، لەلایەکی دیکە ئەو خێزان و ماڵ و منداڵی هەبووە و وازی لێ هێناون، ئەمجۆرە کەسە وەکو کەسانی دڵڕەق و خۆسەپێن دێنە بەرچاو، لەبەرامبەردا (شادی) لە لایەك ئافرەتێکی گەنجی جوان و شۆخ و هونەرمەندێکی شێوەکارە، لە لایەکی دیکە کەسێکی عاشقە و خالۆزاکەی زۆر خۆشویستووە، هۆمەریش بەتەواوی وردەکارییەکانی ئەمەی زانیوە، کەواتە بە پێی تەمەن و سروشتی جیاوازی هەریەکەیان، دەبوو پەیوەندی نێوان ئەم دووانە سەرکەوتوو نەبا، کە هەم لە تەمەن و هەم لە بیروبارەڕ و کەشوهەوای ژیان لەیەکتر جیان، کەچی خۆشەویستییەکەیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنێ و هەست بەوە دەکەن بوونەتە یەك پارچە، ئەوەتا شادی دەڵێت: ((وام لێهاتبوو هەست بکەم جەستەی ئەو درێژکراوەی جەستەی منە...ل١٩٤)).

دیسان بە پێچەوانەی باوەکان کە زۆربەی جار لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا هەر پیاو کاریگەری دەخاتە سەر ئافرەت و هەر گەورە کاریگەریی لەسەر کەسانی بچووکتر لەخۆی دادەنێ، هۆمەر هەم پیاوە و هەم بەتەمەن و ئەزموونیش لە شادی گەورەترە، کەچی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شادی و بێ ئەوەی بیر لەپیاوبوون و زاڵبوونی پیاوەتیش بکاتەوە، دان بەوەدا دەنێت کە شادی کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو هەبووە ((تۆ منت کرد بە ئینسان، ئەو چەند ساڵە لە تۆوە فێری زۆر شت بووم، خەمی من ئەوەیە کە تۆ منی راوچی و شەڕکەرت کرد بە بەشەر.. کە ئێستا کەمەکێ فام دەکەمەوە و خەریکە ببمە بەشەر، کەچی ئەوەندەم نەماوە و دەمرم...ل٩٨)).

(بەهرام) ئەگەرچی گەنجێکە وەکو کەسێکی سەر بە نەوەی نوێ دەردەکەوێ، پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەی ئێمە لە نەوەی نوێ هەمانە، کە هەمیشە ئەم جۆرە کەسە وەکو کەسانی نوێگەر و رزگارکەر دەردەکەون و دەشێ ببنە پێکهێنەری سەردەمێکی نوێ و عەشقێکی پاك، ببنە

کەسێك کە وەکو هەر عاشقێکی راستەقینە ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی مەعشوقەکەی، بەڵام بەهرام بە پێچەوانەی ئەم وێنانەی نەوەی نوێوە، وەکو کەسێکی خۆپەرست و خۆویست بەدیار دەکەوێت کە تەنها ژیانی خۆی لا گرنگە، بۆیەش شادی دەکاتە (ژن)، کەچی لەناو ئەو کۆمەڵگایە بە تەنیا جێی دەهێڵێت، لەکاتێکدا دەزانێ چارەنووسی ئەمجۆرە ئافرەتانە لە کۆمەڵگایەکی لەمجۆرەدا جگە لە کوشتن هیچی دیکە نییە.

لە رێگای (شادی)یەوە رۆماننووس دەیەوێ پێمان بڵێت کە مەرج نییە ئافرەتەکان هەمیشە چەوساوە و دەستەپاچە بن و بێ دەنگ بن لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆردارییەی بەرامبەریان دەکرێت، بەڵکو دەشێ هۆشیاریش بن و بەرەنگاری ئەو واقیعە ببنەوە کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، لە رێگای هەریەك لە (هۆمەر) و (بەهرام)یشەوە، دەیەوێ پێمان بڵێت: دەشێ کەسانێکی سەر بە نەوەی کۆن هەبن، بەڵام کۆنەخوازانە بیر نەکەنەوە و دنیا بە روونی ببینن و تەنها خۆیان پێ لەسەر حەق نەبێت، چونکە هۆمەر هەمیشە دان بە بۆچوونەکانی شادیدا دەنێت، ئەگەرچی بە زیانیش بۆ خۆی تەواو ببێت. هەروەها دەشێ گەنجەکانیش هەرچەندە بە تەمەن نوێ بن، بەڵام کۆنەخوازانە بیربکەنەوە و تەنها خۆیان پێ لەسەر حەق بێت، بەهرام، شادی دەکاتە ژن و لە کۆمەڵگایەکی توندوتیژدا بەجێی دەهێڵێت، کەچی کاتێ دەگەڕێتەوەش دان بەوەدا نانێت کە هەڵەی کردووە و سوورە لەسەر ئەوەی شادی رازی بکات بەو شتانەی کە خۆی دەیەوێت.

دواجار دەمەوێ ئەوە بڵێم کە (شێرزاد حەسەن) لە بەشی یەکەم و بڕێکی بەشی دووەمی ئەم رۆمانە و هەندێك لە کارەکانی پێشتریشی، بە جێناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ) چیرۆك و رۆمانەکانی دەنووسێتەوە، من وەکو خوێنەرێك کەمتر چێژ لەم جۆرە نووسینانە وەردەگرم و لەلام زیاتر چێژبەخش دەبێ ئەگەر پاڵەوانی سەرەکی، یان کاراکتەرێکی سەرەکی رۆمانەکە، رووداوەکان بگێڕێتەوە، یاخود رووداوەکانی رۆمانەکە بە کەسی سێیەمی ئاگادار بە شتەکان بگێڕدرێتەوە.

***** ***ژنێك بەسەر منارەوە (رۆمان)- شێرزاد حەسەن- چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم (٢٠١١).***

# بەشی دووەم

## چەند رۆمانێکی وەرگێڕدراو

# تاریکستانێك لە چاوەڕوانی هەڵاتنی

# (هەزار خۆری درەوشاوە)دا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: هەزار خۆری درەوشاوە**

**نووسەر: خالید حوسەینی**

**وەرگێڕ: ئازاد بەرزنجی**

**ساڵی چاپ: ٢٠١١**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

ڕۆمانی (***هەزار خۆری درەوشاوە***)* ی نووسەری ئەفغانی (خالید حوسەینی)**، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە دەتوانین بڵێین: بە شێوەیەکی پانۆرامایی بارودۆخی ئەفغانستانمان بۆ دەخاتەڕوو، ڕۆماننووس لێرەدا مێژوو نانووسێتەوە، بەڵکو ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزانەکان لە میانەی ڕەوتی مێژوویێکی کورتی چەند دەیەیەکی دیاریکراوی ئەو وڵاتە دەخاتەڕوو، لە ڕوانگەی ئەو خێزانانەشەوە (کە هێمان بۆ ژیانی خەڵکی ڕەشۆکی ئەفغانستان)، باسی بارودۆخی سیاسی ئەفغانستان دەکات، ئەو لە ناو ڕووداوەکاندا، زیاتر تەرکیز دەکاتە سەر بارودۆخی ئافرەتان، ئەویش بەو پێیەی کە ئافرەتان چەوساوەترین چینی ئەو کۆمەڵگایەن و لە چەند لایەکەوە دەچەوسێنرێنەوە، ئەگەر پیاو (هەڵبەت مەبەستم خەڵکی ڕەشۆك و گشتییە، نەك ئەو پیاوانەی بەشێکن لە دەسەڵات) تەنها بکەوێتە ژێر چەوسانەوە و زۆردارییەکانی دەسەڵات و دەوڵەت، ئەوا ئافرەت لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و پیاو و خودی ئافرەت خۆشیەوە دەچەوسێنرێتەوە.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی چەند لایەنێکی ڕۆمانەکە، بەتایبەتیش بارودۆخی ئافرەت، چونکە پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە ئافرەتن و سیمبولن بۆ ئافرەتانی ئەفغانستان، هەروەها تیشکێکی بچووك دەخەینەسەر لایەنێکی سیاسەت و شۆڕش، ئەوەش دەخەینەڕوو کە سەرەڕای ئەو توندوتیژی و بارودۆخە ناهەموارەی ئەفغانستان هەیەتی، ڕۆمانەکە گەشبینی تێدایە بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە و چەند کاراکتەرێکی تێدایە کە سیمبولی ڕووناکی و ڕزگارین بۆ ئەم وڵاتە.

## توندوتیژی دژی ئافرەتان:

لە هەموو ئەو سەردەمانەی کە ڕۆمانەکە باسی لێوە دەکات "سەردەمی حوکمی داردەستەکانی یەکێتی سۆڤییەت کە کۆمۆنیست بوون، سەردەمی لایەنە ئیسلامییەکان، سەردەمی بزووتنەوەی تالیبان، توندوتیژی بە شێوازی جۆراوجۆر بەرامبەر بە ئافرەتان کراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، ئەوەندەی پەیوەندی بە دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگاکانەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکانەوە نییە، بە تایبەت ئەو جیاکارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ناوی ئایینەوە بەرامبەر ئافرەتان دەکرێ "زادەی داوونەریتێك لە داوونەریتەکانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستە نەك ئیسلام، لە ئیسلامدا لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفە راشیدینەکاندا، لەگەڵ ئەوەی دابەشکردنی کار و ئەرکەکان لەبەرچاو دەگیرا، ئافرەتان لە هیچ چالاکییەکی کۆمەلآیەتی بێبەش نەکرابوون، تەنانەت لە شەڕیشدا ئافرەتان تەنیا پەرستار نەبوون، بگرە شەڕوانیش بوون، ئیدارەی کاریان دەکرد، خەلیفە عومەر ژنێکی وەك چاودێر لە شاری مەدینەدا دامەزراندبوو، عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر(د.خ)، زانستە ئایینییەکانی فێری خەڵك دەکرد". (١)

هەروەها ئەگەر پەیوەندی بە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکانەوە هەبا، ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتان بەپێی بیروباوەڕەکان جیاواز دەبوو، بەلآم ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم کولتوور و دابونەریتەش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، رەنگە بیروباوەڕەکان بتوانن بە تێپەڕینی کات ئەم کولتوور و دابونەریتە بگۆڕن، بەلآم ئەوەی لە ئەفغانستان دەرفەتی نەداوە ئەم گۆڕانکارییە دروست بێت، ناجێگیری بارودۆخی سیاسی و بەردەوام گۆڕانی سیستەمەکانە کە هەر سیستەمێکیش لە لایەن خاوەن بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی تەواو جیاواز لەوەی پێش خۆی، دێتە سەر کورسی دەسەلآت.

بەلآم دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم توندوتیژییە بەرامبەر ئافرەتان لە سەردەمی بزووتنەوەی تالیباندا دەگاتە لووتکە، لەمجۆرە کۆمەڵگایە دواکەوتووانەدا، بەکەمڕوانین و توندوتیژی لە شێوەی جیاواز بەرامبەر ئافرەت دروست دەبێ و هەریەکێکیش لەم تێڕوانینانە کاریگەری خۆی لەسەر بەرهەمهێنانی بەسووکسەیرکردنی ئافرەت و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەبێ، دەتوانین بڵێین: ئەم رۆمانە ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی زۆر بە وردی وێنا کردووە، لە تەمەنی سەرەتای منداڵی مرۆڤەوە تا کۆتایی، ئەمە لە ئاستی تەمەنی کچ/ئافرەتەوە کە خۆی لە (تێڕوانینی کۆمەڵگا بەرامبەر کچ و جیاوازیکردن لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ لەسەرەتاکانی تەمەنەوە دەبینێتەوە)، هەروەها وێنای بەسووکسەیرکردنی ئافرەتی کردووە لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازی تێڕوانین کە ئەوانیش بریتین لە: "تێڕوانینی دەوڵەت و دامودەزگا رەسمییەکان بۆ ئافرەت، تێڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت، تێڕوانینی ئافرەت بۆ ئافرەتی هاوڕەگەزی خۆی، تێڕوانینی ئافرەت بۆ خودی خۆی".

دەشێ ئەو بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیانەی دەسەلآت دەگرنە دەست و دەبنە بیروباوەڕی بالآدەستی ولآت، کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئەم تێڕوانینانە هەبێ، بەلآم بە پلەی یەکەم کاریگەرییەکە هی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەیە، ئەو کۆمەڵگایەی رۆمانەکەش بۆ ئێمەی

خستۆتەڕوو، یەکێکە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی ئەم ناوچەیە و پڕە لەو بیروباروەڕ و خورافیاتانەی کە هەم کۆمەڵگاکانیان دواخستووە و هەم ئایین و بیروباروەڕەکانیان شێواندووە، نموونەی ئەم دواکەوتووییەش (لەڕووی دواکەوتوویی کۆمەڵگا) لەناو کتێبەکەدا زۆرە، جەلیل کە وا دەردەکەوێت کەسێکی باش بێت و مریەمی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگا ناوێرێ کچەکەی خۆی کە بە حەرامی، یان بەهۆی هەڵەیەکەوە لەدایك بووە، بباتەوە لای خۆی و بەخێوی بکات، کە منداڵەکەشی گەورە دەبێت، دیسان لەبەر کۆمەڵگا و دابونەریتەکەی ناوێرێ لای خۆی بیهێڵێتەوە و دەیداتە کەسێك کە سی ساڵ لەو گەورەترە، لەکۆتایی ژیانیدا هەستکردنی بەو تاوانە دەبینرێ، ئەمەش لەو نامەیە بەدیار دەکەوێت کە بۆ مریەمی جێدێڵێت و دواتر دەکەوێتە دەست لەیلا، ((مریەم گیان تۆ کچێکی باش بوویت من، کە تۆم بیر دەکەوێتەوە هەست بە خەجاڵەتی و پەشیمانی دەکەم، مریەم گیان، لە ئۆقیانۆسێك خەجاڵەتی و پەشیمانیدا نقوم دەبم، بووە بە داخ لە دڵمدا ئەو ڕۆژە هاتی بۆ هەڕات و من نەمبینیت، پەشیمانم کە ئەو ڕۆژە دەرگاکەم بە ڕووتدا نەکردەوە، پەشیمانم لەوەی کە وەکو کچەکانی ترم سەیرم نەکردوویت و نەمهێشت لەگەڵ مندا بژیت (...) هیوادارم وا نەزانیت کە من بەم پارەیە دەمەوێ لێبووردنی تۆ بکڕم، ئومێدەوارم ئەوەندە متمانەم پێ بکەیت کە دەزانم لێبووردن شتێك نییە بکڕدرێ و بفرۆشرێ...ل٥٦٢-٥٦٤)).[٢]

نموونەیەکی تری دواکەوتووی و زاڵی دابونەریتە دواکەوتووەکان بەسەر کۆمەڵگا و ئایین ئەوەیە کە مریەمی تەمەن پازدە ساڵ، دەدرێتە ڕەشیدی تەمەن چل و پێنج ساڵ، واتا سی ساڵ لە خۆی گەورەتر، بێ ئەوەی خۆی ڕەزامەندی لەسەر بێ و بێ ئەوەی مریەم ئەم پیاوەی بینیبێ، ئەمە لە هیچ ئایین و بیروباوەڕێکدا بوونی نییە، بە پێی ئایینی ئیسلام (کە گوایە ئەوان لەسەری دەڕۆن) ئافرەت بێ ڕەزامەندی خۆی نادرێتە هیچ کەسێك و مارەیی نایەت، تەنانەت ئەو مەلایەی مارەبڕینەکەش بۆ مریەم و ڕەشید ئەنجام دەدات، دان بەوەدا دەنێت کە ئەم مارەبڕینە شەرعی نییە ((مەلا بەخێرهاتنی هەمووانی کرد و وتی کە ئەمە ڕێوڕەسمێکی سوونەتییانەی مارەکردن نییە...ل١٠٠)). بەڵام بەهۆی پەلەیی ڕەشید بۆ گەڕانەوە (کە پاساوێکی زۆر بێ نرخە بە بەراورد لەگەڵ پرۆسەیەکی گەورەی وەکو هاوسەرگیریی!!)، مەلاکە ئایینی خۆی فەرامۆش دەکات و زووبەزوو مارەبڕینەکە ئەنجام دەدات. لێرەدا بەکاڵابوونی ئافرەت زۆر بەڕوونی بەدیار دەکەوێ، ڕەشید بە پەلە لە (کابوڵ)ەوە هاتۆتە (هەڕات) بۆ ئەوەی ژن بێنێ و بگەڕێتەوە، تەنانەت بلیتی پاسیشی بڕیوە و کاتی گەڕانەوەی دیاری کردووە، چونکە

بێ ئەوەی مریەم پێی بزانێ، ئەو هاوسەرگیرییەکەی مسۆگەر کردووە، ئەمە رێك وەك ئەوەیە، کەسێك بەپەلە بچێتە شارێك، شتێکی پێویست و ناچارەکی بکڕیت و بەپەلەش بگەڕێتەوە.

ئەم کۆمەڵگایە وەکو هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی دواکەوتوو، کە بڕوایان بە خورافیات هەیە، پڕە لە خورافیات و دواکەوتوویی: ((خەوتن بە پێلاّوەوە دەبێتە مایەی مردنی کەسانێکی ناو ئەو خێزانە (...) ئەگەر یەکەمجار پێلاّوی چەپ لەپێ بکرێ، دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕ و ئاژاوە (...) ئەگەر قەیتانەکانی پێلاّوەکانت بە یەکەوە گرێ بدەیت و بە بزمارێکدا هەڵیان بواسیت، دەبێتە هۆی شوومی...ل١١٥)) یان ((هەموو هەفتەیەك لەیلا مقەڵییە بچووکەکەی گەرم دەکرد و مشتێك تۆوی ئەسپەندەری دەڕشتە ناوی و دوکەڵەکەی دەکرد بە دەموچاوی منداڵەکەدا تا بەچاوەوە نەبێت...ل٣٤١)).

کەواتە کێشەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا، کە خاوەنی دابونەریت و کولتوورێکی دواکەوتووانەیە و خورافیات بەسەریدا زاڵە، کێشەیەکی قووڵە و کەمتر پەیوەندی بە ئایین و بیروباوەڕەکانەوە هەیە، لێرەدا ئەو تێڕوانینە جیاوازانە باس دەکەین کە بۆ دواکەوتوویی و توندوتیژی هەن و لە رۆمانەکەدا خراونەتەڕوو، زیاتریش توندوتیژی دژی ئافرەت.

## توندوتیژی و جیاکارییەکانی سەرەتای تەمەن:

لە سەرەتای رۆمانەکەدا کەسایەتی (مریەم) بەدیار دەکەوێ، کە کچێکی حەرامزادەیە و تا ئەو رۆژەی حوکمی مردنی (بە ناشەرعی و نایاسایی) بەسەردا دەدرێ، ئەو وشەی (حەرامزادە)یەی لێ نابێتەوە و هەر بە چاوی دادەدرێتەوە و زۆرجار دەبێتە مایەی سوکایەتیپێکردنی، ئەمە لەکاتێکدا کە مریەم سەرەڕای ئەوەی کەسێکی نەخوێندەوارە و بەهۆی زوڵمی کۆمەڵگا و پیاوەوە لە دنیای دەرەوە دوورە، ئافرەتێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بووە و کەسێکی دڵنەرم بووە، لە سەرەتاوە بەهۆی گوناهێك کە هی ئەو نییە (زۆڵی)، دەچەوسێنرێتەوە و تا دەشمرێ ئەو گوناهە یەخەی بەرنادات، تەنانەت ئەوکاتەی شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێبوونی خۆشی جێهێشتووە کە (هەڕاتە) و چۆتە شوێنێکی تر (کابوڵ) کە زۆر لێیەوە دوورە و کەس نایناسێت، بەلاّم ئەو پێی وایە کەسێکی تاوانبارە و تاوانەکە لەکەیەکە بە دەموچاوی و هەموو خەڵك بەهۆیەوە دەیناسن و هەموو تاوانەکەی دەزانن و

تاوانەکەی ناسڕدرێتەوە، بۆیە کاتێ ڕەشید چارشێوی بۆ دێنێ تا لە تەوقی سەرەوە تا پێی، خۆی پێ داپۆشێ، ئەو سەرەڕای ئەوەی پێی ناڕەحەت دەبێ، بەڵام پێشی خۆشە، چونکە پێیوایە بەهۆی ئەم چارشێوەوە ئەو خەڵك بە ئازادی دەبینێ و خەڵکیش چیتر ئەو و ڕابردووی پڕ شوورەیی ئەو نابینن ((بڕوانە...ل١٢٦)).

چ بە پێی شەریعەتی ئیسلامی و چ بە پێی یاسا دانراوەکانی مرۆڤ، کەسانی حەرامزادە (زۆڵ) هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا نییە و هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، کە لەگەڵ ئەو مرۆڤانە دەکرێت کە لە دایك و باوکی شەرعیین، مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی و باشی و خراپییەکانی خۆی، نەك بۆ ڕابردووی و چۆنییەتی هاتنە دنیای. کەواتە کەسایەتی مریەم کە کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و سیمبولی بەشێکی ئافرەتانی ئەفغانییە، لە لەدایکبوونی و سەرەتاکانی تەمەنییەوە تا کۆتایی دەچەوسێنرێتەوە.

دواتر کەسایەتی (لەیلا) بەدیار دەکەوێ، لەیلا ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارە و باوکی مامۆستایە، دەنێردرێتە قوتابخانە، لە تەمەنی منداڵیدا و ئەوەندەی لە ژێر سەرپەرشتی دایك و باوکییەتی، پێدوایستییەکانی ژیانی بۆ دابین دەکرێت، بەڵام ئەو بە جۆرێکی تری جیاواز لە مریەم، لە تەمەنی منداڵیدا دەچەوسێنرێتەوە و جیاکاری بەرامبەر دەکرێ، ئەویش بریتییە لە گرنگی نەدان بەو و گرنگیدان بە کوڕەکان لە لایەن دایکییەوە. دایکی لەیلا کە دوو کوڕی چوونەتە جیهاد، هەمیشە دڵی لای ئەم دوو کوڕەیە و بە ئاگا بێ، یان بێ ئاگا، ئەوە فەرامۆش دەکات کە کچێکیشی هەیە، ئەمە وا لە لەیلا دەکات هەمیشە هەست بە کەمی و چەوسانەوە بکات و ئەوەی بۆ ڕوون بێتەوە کە جگە لە کوڕەکان، ئەو هیچ بایەخێکی لای دایکی نییە، ئەمەش لە ڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری خراپی دەبێت و هاتنە دنیای خۆی لا بێ بایەخ دەبێ، ((لە خۆی دەپرسی کە دایکی بۆچی ئەمی هێناوەتە دنیاوە، ئێستا باوەڕی وابوو کە دایك و باوك ئەگەر هەموو خۆشەویستی خۆیان بە منداڵە گەورەکەیان دا، ئیتر چ پێویست ناکا منداڵیتریان ببێت...ل١٨٥)) یان ((کە باس دەهاتە سەر باسی براکانی، لەیلا هەستی دەکرد ئەم ئافەرۆز کراوە، دەتوت ئەو ژنانە باسی فیلمێکی خۆش دەکەن کە هەر لەیلا نەیدیووە...ل١٨٧)). هەروەها ((لەیلا بڕوای وابوو کە ئەم بۆ دایکی هیچ ناگەیەنێت...ل٢١٦)) و ((دەیزانی کە هەرگیز ئەو شوێنەی لە دڵی دایکی نابێ کە براکانی هەیانبووە...ل٢١٩)).

ئەم تێڕوانینی جیکاری و گرنگینەدان بە منداڵێك بەرامبەر منداڵێکی تر، لەگەڵ عەزیزەی کچی لەیلاش دووبارە دەبێتەوە، ڕەشید (کە بە حیساب باوکی عەزیزەیە)، هیچ گرنگییەکی

پیّ نادات و تەنانەت ناویشی ناهێنیّ ((مریەم هەرگیز گوێی لیّ نەببوو ڕەشید کچەکەی بەو ناوەوە بانگ بکات کە دایکی لێی نابوو، واتە (عەزیزە) یان دەیوت منالّەکە یاخود کە هەراسان دەبوو دەیوت ئەو شتە...ل٣٣٩)). هەر بەم هۆیەشەوە رقی لە لەیلا دەبێتەوە، چونکە کچی بووە و کوڕی نەبووە. کەچی بەرامبەر کوڕەکەی (کە دواتر هەر لەیلا دەیبیّ) بە جۆرێکی تەواو جیاواز هەڵسوکەوت دەکات، ((توانای سەبرگرتنی لەگەڵ زاڵمایدا، بیرێکی قووڵ بوو کە هەرگیز وشکی نەدەکرد...ل٤١٨)).

یاخود ئەو کاتەی مریەم سکی پڕ دەبیّ، ڕەشید زۆر خۆی لیّ نزیك دەکاتەوە و لەگەڵی باشە، بەو ئومێدەی کوڕێکی بۆ بێنیّ، کاتیّ سکەکەشی لەبار دەچیّ، لێی دەکەوێتە بیانووگرتن و جارجاریش لێی دەدا و دەیکوتیّ.

## تێڕوانین لەسەر ئاستە جیاوازەکان:

### *- تێڕوانینی دەوڵەت و دامودەزگا ڕەسمییەکان بەرامبەر ئافرەت:*

لە هەموو ئەو سەردەمانەی ڕۆمانەکە دەگرێتەوە، بە جۆری جیاواز لە لایەن دەسەلاّتە جیاوازەکانی ئەو ولاّتەوە، توندوتیژی بەرامبەر کۆمەڵگا و بەتایبەتیش بەرامبەر بە ئافرەت کراوە، ئەو لایەنە جیاوازانەی بەدوای یەکدا لە ئەفغانستان دەسەلاّتیان دەگرتە دەست، بەهۆی بوونی شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی و دەرەکی و ناسەقامگیریی ولاّت، نەیاندەتوانی بە قووڵی کار لەسەر بەها و دابونەریتی کۆمەڵگاکە بکەن و بیانگۆڕن، بۆیە لەسەردەمی هەموو ئەو دەسەلاّتە جیاوازانەدا، نەتوانراوە لەو توندوتیژییە کەم بکرێتەوە کە سەرچاوەکەی دابونەریتی کۆمەڵگایە، ئەم توندوتیژییە لەسەردەمی حوکمی بزووتنەوەی تالیبان گەیشتە لووتکە، کە نەك تەنها ئافرەت، بەڵکو تێکرای کۆمەڵگایان دەستەمۆ کردبوو، هەمووشی بە ناوی ئایینی ئیسلام، لەکاتێکدا ئایینی ئیسلام دوورە لە زۆربەی ئەو کردەوانەی کە ئەوان بە ناوی ئەو ئایینەوە ئەنجامیان دەدا.

هەڵبەت بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە لایەن حکومەت و دەوڵەتەوە بەرامبەر بە هاوولاّتیانی خۆی، هەندیّ جار پێویستە بۆ کۆنترۆڵکردن و سەقامگیرکردنی کۆمەڵگا و دەستگیرکردنی لەیاسالادەران، بەلاّم نابیّ ئەم زەبروزەنگە بگاتە ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی ناشەرعی و

چەوسانەوەی خەڵك، بۆیە پێویستە زەبروزەنگ لە لایەن حکومەتەوە بە شێوەیەکی شیاو بە دامودەزگایی بکرێت و لە چوارچێوەی یاسا کاری پێ بکرێت.

"بەدامودەزگاییکردنی زەبروزەنگ، بە تەنها مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ بەکارهێنانی شەرعییانەی توندوتیژی هەیە، هەموو زەبروزەنگێك کە دەوڵەت پیادەی دەکات، مانای ئەوە نییە کە بەکارهێنانی ئەو زەبروزەنگە شەرعییەتی یاسایی هەیە، زەبروزەنگ لە دەوڵەتە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان، فۆرمێکی پیادەکردنی دەسەڵاتە، کە لەدەرەوەی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کار دەکات، زەبروزەنگ لەو دەوڵەتانەدا فۆرمێکی چاودێری نەکراوی توندوتیژییە، دەسەڵات تیایدا دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی رووت لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ، ئەو رێکخراو و دەزگایانەی کە وەزیفەی بەکارهێنانی زەبروزەنگیان پێ سپێردراوە، مافی بەکارهێنانی توندوتیژی لە سنووری یاساییەوە دەگوازنەوە بۆ سنووری ئاساییبوون". [٣]

ئاماژەمان بەوەدا کە رادەی داخرانی کۆمەڵگا و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لەسەردەمی بزووتنەوەی تاڵیبان گەیشتۆتە لووتکە. بۆیە بە گرنگی دەزانم شیکردنەوەیەکی ئەو دۆخە بکەم (هەڵبەت لە چوارچێوەی رۆمانەکەدا) کە لە سەردەمی بزووتنەوەی تاڵیبانە و ئەو کارانەی بە ناوی ئایینەوە ئەم بزووتنەوەیە ئەنجامی دەدان.

ئەم بزووتنەوەیە لە ساتی یەکەمی گرتنەدەستی حوکمڕانییەوە، بە ئاگر و ئاسن حوکمی ئەم وڵاتە دەکەن، تەلەفزیۆن قەدەغە دەکەن، بەیاننامەی نووسراو بە ماڵ و کۆڵانەکاندا بڵاودەکەنەوە و خەڵکی پابەند دەکەن بەو فەرمانانەی دەری دەکەن، یەکێك لەو بەیاننامانە فڕێ دەدرێتە ماڵی رەشید و مریەم لە حەوشەکەدا هەڵی دەگرێتەوە، [٤] بەیاننامەکە دەتوانێ وێنایەکی گشتی حوکمی سەردەمی تاڵیبانمان پێ پیشان بدات، بەشێکی زۆری بارودۆخی ئەوکات بخاتەڕوو. ئێمە بەشێکی ئەو بەیاننامەیە دەخەینەڕوو، ئەوەش دەخەینەڕوو کە خاڵەکانی بەیاننامەکە تاچەند لەگەڵ ئایینی ئیسلام یەك دەگرنەوە، چونکە ئەم بەیاننامەیە و تەواوی حوکمی ئەو وڵاتە ئەوکات بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێت.

بەیاننامەکە دوو بەشە، بەشێکیان گشتییە و بۆ هەموو کۆمەڵگا و هەندێکیشی بۆ پیاوانە، بەشێکیشی تایبەتە بە ئافرەتان.

بەشی یەکەمی بەیاننامەکە: بەپێی خاڵی یەکەم ((هەموو هاووڵاتییەك دەبێ رۆژی پێنج جار نوێژ بکات، ئەگەر لە کاتی نوێژدا خەریکی کارێکی تر بیت، لێدان دەخۆیت...)). جاری نوێژکردن لەسەر هەموو هاووڵاتییەك فەرز نییە، بەڵکو لەسەر هەموو موسڵمانێك فەرزە،

ئەگەر کەسێکیش باوەڕدار نەبوو، پێویست بەوە ناکات لێی بدرێت و بە زۆر نوێژی پێ بکرێت، لەبەرئەوەی سزای ئەو لەلای خوا و لە رۆژی دواییە نەك لەسەر زەوی، خوای گەورە لە ئایەتی (٢٩)ی سورەتی (کەهف) دەفەرموێت: "ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕبێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادەکردووە بۆ ستەمکاران کە لە هەموو لایەکەوە دەوریان دەدات".[٥] هەروەها لە ئایەتی (٢٥٦)ی سورەتی (ئەلبەقەرە)شدا دەفەرموێت: "دینداری بە زۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا". کەواتە نابێ نەك بێباوەڕێك، بەڵکو نابێ کەسێکی موسڵمانیش ناچار بە نوێژکردن بکرێ.

هەروەها ئەگەر کەسێکی موسڵمان و نوێژکەریش لەکاتی نوێژدا خەریکی کارێکی تر بێت، ئەویش بە پێی ئایین لێدان ناخوات (وەك لە بەیاننامەکەدا هاتووە)، بەڵکو رەنگە ئەو کەسە لەوکاتەدا بەکارێکی گرنگەوە سەرقاڵ بێت و نەتوانێ ئەو دەمە بچێتە نوێژ، بە پێی ئایینی ئیسلام، دەتوانێ لەکاتێکی دواتردا نوێژەکەی ئەنجام بدات، نوێژکردن لەکاتی خۆیدا سوونەتە و خێرە، بەڵام فەرز نییە تەنها لەو کاتە بکرێت، دەکرێ دواش بکەوێت، تا ئەو کاتەی بە پێی شەرع بۆی دیاری کراوە و نوێژەکە دەمێنێ، لەوەشگەڕێ کە ئەگەر بەهۆی عوزرێکی شەرعییەوە کەسەکە نەیتوانی نوێژەکەی لەکاتی دیاریکراودا ئەنجام بدات، دەتوانێ لەکاتێکی دواتر بیگێڕێتەوە.

((هەموو پیاوێك دەبێ ریش بهێڵێتەوە، بەلایەنی کەمەوە دەبێ مستێك لە خوار چەناگەیەوە بێت، ئەگەر ملکەچی ئەم فەرمانە نەبیت، لێدان دەخۆیت..))، زانایانی فیقهی ئیسلامی رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی ئایا ریش هێشتنەوە بۆ موسڵمانان فەرزە یان سوونەتە؟! بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە سوونەتێکی موئەکەدەیە و فەرز نییە، کەواتە نابێ زۆر لەخەڵك بکرێت بۆ ریش هێشتنەوە، ئەگەر فەرزیش بێت، سزاکەی لەلای خوایە نەك لەسەر زەوی.

((کوڕان دەبێ هەموو عەمامە لەسەر بکەن، گۆرانی و سەما و یاری کاغەز و کۆلارەهەڵدان و نووسینی کتێب، سەیرکردنی وێنە و... ئەمانە قەدەغەن)).

هەڵبەت ئەمانەش ئەگەر لە سنووری شەرعی ئیسلام دەرچوون، بە پێی ئایین سزاکەیان لە رۆژی دواییە نەك لە دنیا، وەك ئەوان دایانناوە.

((ئەگەر دزی بکەیت دەستت لە مەچەکەوە دەبڕدرێتەوە، ئەگەر دووبارەشی بکەیتەوە، ئەوا قاچت دەبڕدرێتەوە...)).

بڕینی دەستی دز لە ئیسلامدا هەیە، بەلاّم ئەمە پەیوەندی بە شوێن و سەردەم و کاتەکەوە هەیە، جگە لەمەش "جیاکردنەوەی ئایەتی (٣٨)ی سورەتی (ئەلمائیدە) "دەستی پیاوی دز و ئافرەتی دز ببڕن لە پاداشتی کاری ناڕەوایاندا". لە تەواوی سیاقی قورئانی، لەبارەی سزادانەوە، وەك سزای بڕینی دەست لەگەڵ وێنای قورئاندا بۆ خوا کە (رەحمان) و (رەحیم)ە ناگونجێ، ئەوە لەبیرکردنی ئایەتەکەی دواترە کە دەڵێ "ئەوەی دوای ستەم و تاوانەکەی تەوبە بکات و چاکسازی لە خۆیدا بکات، ئەوە بێگومان خوا تەوبەکەی لێوەردەگرێت". ئەوە تەنانەت لەگەڵ سوونნەتی پێغەمبەریشدا نەگونجاوە".(٦)

چونکە ئەگەر کەسێك نەیزانی و دزی کرد، دەبێ فێر بکرێت، یان ئەگەر لەسەردەمێکدا بوو کە هەژاری بلاّوببووەوە، ئەوا دەبێ بەپێی ئەو سەردەمە حوکمەکەی بگۆڕدرێت، وەکو چۆن ئیمامی عومەر لەسەردەمی خۆیدا حوکمی دەستبڕینی دزی لابرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەژاری لە ولاّتدا بلاّوببووەوە.

(رۆجیێ گارودی) لە بابەتەکەیدا ئەمە جوانتر روون دەکاتەوە و دەنووسێت: "بانگەشەی پیادەکردنی شەریعەت بە بڕینی دەستی دز وەك ئەوە وایە لە کۆتاوە دەست پێ بکەیت، یەکەم ئەرکی ئەو کۆمەڵگایەی لە هەوڵی ئەوە دایە گوێڕایەڵی شەریعەت بکات، ئەوەیە ئەو هەلومەرجە کۆمەلاّیەتییەی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ دزیکردن، هەڵبوەشێنێتەوە، واتا هەڵوەشاندنەوەی هەموو شێوەکانی ستەمی کۆمەلاّیەتی و نەهامەتی، جا ئەگەر پیادەکردنی شەریعەت بەسەرکوتکردن دەست پێ بکرێ، ئەوە هەژارترین کەس پێوە دەبن، جا ئەگەر دەستیان بڕا ئەوا ئەستەمە جارێکی تر لەڕێی کارکردنەوە لە کۆمەڵگادا جۆش بدرێنەوە. ئەم زەلیلکردن و بەکۆیلەکردنە بەرۆکی نەدارەکان دەگرێ و ئەوانەی پارە مۆڵ دەدەن، وەك بەرزەکی بانان سەلامەت دەردەچن و لە کاری بەدی خۆیان کە مایەی دابەشبوونی کۆمەلاّیەتییە، بەردەوام دەبن. کەواتە پێش بلاّوکردنەوەی دادگەری کۆمەلاّیەتی، هیچ شتێك هێندەی جێبەجێکردنی سزاکان پێچەوانەی گیانی قورئان نییە".(٧)

لە سەردەمی حوکمی بزووتنەوەی تالیبانیش لە ئەفغانستان، خەڵکەکە لە خراپترین بارودۆخدابوون، هەژاری و نەداری سەرتاپای ولاّتی گرتبووەوە. کار نەما ((برسێتی باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشا (...) برسێتی بووە بە گەورەترین کێشەی ژیانیان (...) تا دەهات ژەمەکانیان کەم دەکردەوە...ل٤٣١)). لە حاڵەتێکی وادا کە نە نان هەبێ نە کار، خەڵك تەحەمولی نامێنێ و هەموو کەس ناتوانێ خۆی لە دزی و خراپەکاری بپارێزێت، بەمەش بە دڵنیاییەوە

دەستبڕینی دز جێبەجێ ناکرێت، کەچی بزووتنەوەی تالێبان لەبەرچاوی خەڵك ئەم حوکمە و حوکمەکانی دیکەیان جێبەجێ دەکرد، ئەمەشیان کردبووە مەراسیمێك کە خەڵکیان بۆ بانگهێشت دەکرد، ئەگەر تەماشای ئەم دیمەنە بکەین دەبینین بە ترازیدیترین شێوە مێشك و ژیانی خەڵکیان داگیر کردووە، ئەوان حوکمەکانیان لە یاریگای فوتبۆڵێن بەسەر خەڵکدا جێبەجێ دەکرد، لەکاتێکدا یاریگا جێگای یاری و خۆشی و رابواردنە، ئەوان توندوتیژترین حوکمەکانیان لەوێدا جێبەجێ دەکرد و خەڵکیش سەرەڕای هەبوونی دنیایەك کێشەی خۆی و خێزان و کۆمەڵگاکەی، بۆ بینینی دەچوون، ئەمەش بەشێك بوو لە داشۆرینی مێشکی ئەم خەڵکە لە لایەن رژێمەکەوە، چونکە گەیشتبووە ئەو رادەیەی کە خەڵك بە خواست و ویستی خۆی دەچوو نەك بە زۆرلێکردن: ((رەشید هەموو شەوی چوارشەمەیەك گوێی لەدەنگی شەریعەت دەگرت کە تالێبان تیایدا لیستی ناوی ئەو کەسانەی دەخوێندەوە کە دەبوایە سزا بدرێن، پاشان رۆژانی هەینی دەچوو بۆ (ستادیۆمی قازی) و پیپسییەکی دەکڕی و سەیری رێوڕسمەکەی دەکرد، شەویش لەناوجێدا لەیلای ناچار دەکرد بە شەوقەوە گوێ لەوە بگرێت کە چۆن بینیوویەتی دەستی خەڵکیان بڕیوەتەوە، یان بە قامچی لێیان داون و یان لە سێدارەیان داون و یاخود سەریان پەڕاندوون...ل٣٩٩)).

بەشی دووەمی بەیاننامەکە، ئەم بەشەیان ئاگادارییە بۆ ئافرەتان و کۆمەڵێ کۆتوبەندیان دەخاتەسەر:

((دەبێ بەردەوام لە ماڵەوە بمێننەوە، شتێکی راست نییە ژنان بە بێکار لەشەقامەکاندا بسووڕێنەوە (...) ئیشکردن بۆ ژنان قەدەغەیە...)).

ئایین هەرگیز بەو شێوازە رێگری لە ئافرەت نەکردووە بۆ چوونە دەرەوە و نایەوێ ئافرەت لە ماڵەوە بەند بکرێت. "دوای فەرزکردنی حیجاب کاتێ یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر دەیەوێ بچێتە دەرەوە، ئیمامی عومەر و حەزرەتی عائیشە دەیانەوێ رێگری لێ بکەن، کەچی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) رێگای پێ دەدات و دەڵێت: (ئێوە ژنان مۆڵەتتان پێ دراوە کە بۆ پێویستییەکانتان بچنە دەرەوە)".[٨] هەروەها لەرباری ئیشکردنیش پێغەمبەر (د.خ) ستایشی ئافرەتانی قورەیش دەکات کە کار دەکەن و ماڵ و سامانی مێردەکانیان دەپارێزن، دەیفەرموو: "ئافرەتانی قورەیش باشترین ئافرەتن کە سواری وشتر بووبن و بە بەزەیترین ئافرەتن بۆ کۆرپەکانیان، پارێزگارترین ئافرەتیشن بۆ ماڵ و سامانی مێرد کە لەبەردەستیاندایە ".[٩]

خاڵێکی تر: ((نابێ بە هیچ جۆرێك دەم و چاوتان بە دەرەوە بێت، کاتێك لە ماڵ دەچنە دەرەوە دەبێ چارشێو بپۆشن، ئەگەر سەرپێچی بکەن، بە قورسی لێدان دەخۆن...)).

لە ئیسلامدا حیجاب، واتا داپۆشینی لاشە و پرچ لەسەر ئافرەتان فەرزە، بەڵام چارشێو کە داپۆشێنی هەموو ئافرەتە بە دەست و دەموچاویشەوە، جگە لە خێزانەکانی پێغەمبەر، لەسەر ئافرەتانی دیکەی موسڵمان فەرز نییە، کەچی ئەوان ئەمەیان کردۆتە فەرز بەسەر هەموو ئافرەتاندا و بە نەکردنی لە ئافرەتان دەدەن.

هەندێ شتی دیکەی زۆر سەیریان بەسەر ئافرەتاندا سەپاندووە کە نەك لە ئاییندا بوونی نییە، بەڵکو لە دواکەوتووترین دابونەریتی کۆمەڵگاشدا بوونی نییە و زۆر کۆمیدییە. لەوانەش:

((نابێ قسە بکەیت، مەگەر پرسیارت لێ بکەن و وەڵام بدەیتەوە (...) نابێ لەناو خەڵکدا پێبکەنیت، ئەگینا لێدان دەخۆیت، نابێ نینۆکەکانت بۆیە بکەیت، ئەگینا پەنجەیەکت دەبڕدرێتەوە...)).

هەروەها ((چوون بۆ قوتابخانە بۆ کچان قەدەغەیە، هەرچی قوتابخانەی کچانە دادەخرێن...)). لە ئیسلامدا داواکردنی زانست و زانیاری تەنها بۆ پیاوان و تەنانەت تەنها بۆ موسڵمانانیش نییە، بەڵکو شتێکی گشتییە و بۆ هەموو کەسێکە، حەزرەتی عائیشەی خێزانی پێغەمبەر، خۆی وانەشی گوتۆتەوە، کەچی ئەمانە زانست و زانیاری لە ئافرەتان قەدەغە دەکەن.

*** *** ***

لەلایەکی دیکە، لەم ڕۆمانەدا دواجار (مریەم)، (ڕەشید)ی مێردی دەکوژێت، کوشتنی ڕەشید لە لایەن مریەمەوە لەبەر بە دەسەڵاتی مریەم و لەبەرئەوە نییە کە زوڵم لە پیاو بکات، بەڵکو لە بێدەسەڵاتی و لەترسانە، چونکە کەوتووەتە دۆخێکی وا کە ئەگەر ئەمە نەکات، ئەوا ڕەشید هەردووکیان (مریەم و لەیلا) دەکوژێت، بۆیە لە ترسی گیانی خۆیان، ئەوکاتەی ڕەشید دەیەوێ لەیلا بخنکێنێ، مریەم (بێڵ)ێك دێنێ و چەند بێڵێکی لێ دەدا تا دەیکوژێت، ئەمە بەرگریکردنە لەخۆ، نەك کوشتنی بە ئەنقەست، بەرگریکردنیش هەم لەناو بیروباوەڕە دنیاییەکان و هەم بە پێی ئایینیش جیاوازییان هەیە و دەبێ جیاوازییان لە نێواندا بکرێت، فەیلەسووفی ئینگلیزی/نەمساوی، کارل پۆپەر (١٩٠٢-١٩٩٤) دەڵێت: " دەرئەنجامی گرنگ ئەوەیە کە نابێت بهێڵین جیاوازی نێوان هێرش و بەرگری بسڕدرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت جەخت

لەسەر ئەم جیاوازییە بکەین و پشتگیری لەو ئۆرگانە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتییانە بکەین کە ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە جیاوازیکردنی ورد لە نێوان دەستدرێژی و بەرگری لەخۆکردن بەرامبەر دەستدرێژی". (١٠)

لە رووی ئایینییشەوە پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکی بە ناوبانگدا دەفەرمووێت: "ئەوەی لەپێناو نەفسی خۆیدا بکوژرێت شەهیدە" و بەڵگە و فەرموودەیتریش لەمبارەیەوە زۆرن. کەواتە ئەم کوشتنەی رەشید لە لایەن مریەمەوە تاوان نییە و بەرگری لەخۆکردنە، کەچی حکومەتی بزووتنەوەی تالێبان، سزای مەرگ بەسەر مریەمدا دەسەپێنێ، لەکاتێکدا حکومەتێکە بە ناوی ئیسلامەوە حوکم دەکات.

کەواتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو فەرمانانەی بزووتنەوەی تالێبان پەیڕەویان لێ دەکات، نە لەگەڵ شەرع و نە لەگەڵ بەزەیی خوا، یەك ناگرنەوە.

### - تێڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت:

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، تێڕوانینە خراپەکانی پیاو بۆ ئافرەت، بنەمای بەسووکسەیرکردنی ئافرەتە و بە بۆچوونی من تێڕوانینەکانی دیکەش لەسەر ئەمە بنیات دەنرێن، بۆیەش بەپێی رۆمانەکە، رێڕەوی ژیانی کەسێکی نەخوێندەواری وەکو (مریەم) و کەسێکی خوێندەواری وەکو (لەیلا) دەبێتەوە یەك رێڕەو و دواجار لە یەك خانوودا کۆ دەبنەوە و دەبنە خێزانی یەك پیاوی ئاست نزم و دڕندە کە رەشیدە و پێکەوە دەژین، لەم رۆمانەدا کەسایەتی (رەشید) سیمبولی باوکسالاری و دەسەڵاتی دڵڕەقانەی پیاوە لە کۆمەڵگا و بەرامبەر بە ئافرەت.

رەشید کاتێ مریەمی تەمەن پازدە ساڵ لە شارێکی ترەوە دەخوازێ، بێ ئەوەی دیتبی و بێ رەزامەندی مریەم خۆی و بەرەو شارێکی زۆر دوور لە شوێنەکەی خۆی دەبات، بە رەوای نابینێ کە مریەم تەنانەت بشگری، لەکاتێکدا هەموو ئافرەتێك ئەگەر بە خۆشەویستیش شوو بکات، جۆرێك لە سۆزی بۆ شوێن و کەسوکاری خۆی هەیە و لەسەرەتای شووکردنیدا دەگری، بەڵام رەشید ئەو هەموو دوورکەوتنەوەی مریەمی لەبەرچاو نییە کە چەند سەعاتێك لە ناوچەکەی خۆی دووری دەخاتەوە، لەکاتێکدا مریەم نەك هەر شارەکەی رەشید و شارەکەی خۆی

نەبینیووە، بەڵکو لە گوندێك زیاتری نەبینیووە، ((رەشید بە رووێکی گرژەوە گوتی: دەزانیت من تەحەمولی گریانی ئافرەت ناکەم.. بمبوورە ناتوانم تەحەمولی بکەم...ل١٠٩)).

رەشید پێی وایە ئەگەر ئافرەت راستەخۆ قسەی لەگەڵ کەسانی نامەحرەم کرد و پیاوەکانیشیان ئاگاداربوون، ئەوا ئابڕوو و ناموسی خۆیان دەبەن ((ل١٢٣)). بە ئاشکرا ئەوە بۆ مریەم روون دەکاتەوە کە لەدیدی ئەودا، دەشێ تەنها نیگاکردنێکی کەسانی نامەحرەم، مرۆڤی لەسەر بکوژرێت ((یەك نیگای نامەحرەمانە، یەك قسەی نەگونجاو بەسە بۆ ئەوەی خوێنی کەسێك بڕژێ (...) ژن بە تەنها موڵکی مێردەکەیەتی و بەس، حەز دەکەم ئەم قسانەت بیرنەچن تێگەیشتیت...ل١٢٤)) کەچی رەشید خۆی لە ژوورەکەی خۆیدا گۆڤاری سێکسی هەیە و شەوانە تەماشایان دەکات ((ل١٣٩)).

جارێکیان کە چێشتەکەی بەدڵ نییە، لم و بەردەچەو دەرخواردی مریەم دەدات و بەهۆی ئەمەشەوە مریەم ددانێکی دەشکێت، رەشید چێژ لەم ئازاردانەی مریەم وەردەگرێت و هەمیشە بە چاوێکی سووك سەیری دەکات، بەتایبەتیش بەهۆی حەرامزادەییەکەیەوە، هەمیشە هەوڵی شکانەوەی دەدات، بڕوانە چۆن دەیناسێنێ: ((ئەو لادێییە، تەنانەت لادێی تەواویش نییە..نا، لە کولبەیەکدا گەورەبووە کە لە دەرەوەی لادێ بوو و لە قوڕ دروست کرابوو، باوکی لەوێ دایتابوو، ئەمەت پێ وتووە مریەم؟ پێت وتووەکە تۆ حەرامزادە بوویت؟...ل٣١٩)). هەڵبەت ئەمە تەنها بۆ ئەوەی لە پێش خێزانە نوێکەی کە لەیلایە سووکایەتی و گاڵتەی پێ بکات. دوای ئەوەی لەیلاش دێنێ و ماوەیەکی پێ دەچێت، هەمان توندوتیژی بەرامبەر ئەویش دووبارە دەکاتەوە و بە سووك سەیری ئەویش دەکات، ((وات دەزانی بەهۆی ئەو کتێب و شیعرانەی دەتخوێندنەوە زۆر زیرەکیت، ئادەی بابزانم ئەو زیرەکییەت بە کەڵکی چی هات؟!...ل٤٠١)).

بە هەموو یاسا و شەریعەتێك، پاراستنی خێزان ئەرکە لەسەر مێرد و بەهۆی پاراستنی لە لایەن مێردەوە، ئافرەت منەتبار نابێت، بەڵام رەشید ئەوە بە منەت و ئیمتیازێك لەسەر خێزانەکانی حیساب دەکات و منەتی پاراستنیان لەسەر دەکات، ((ئەوەی من دەیکەم (مەبەستی پاراستنی خێزانەکانییەتی) چاکەیەکی رووتوقووتە و هیچی تر (...) من وای دەبینم شایانی مەدالیای فەخریشم...ل٣١٠-٣١١)).

لەم جۆرە کۆمەڵگا دواکەوتووانەدا "پیاوان زەبروزەنگ بەرامبەر ژنان بەکاردەهێنن نەك لەبەرئەوەی پێویستە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەتوانن، بەهەمان شێوە گەورەکان توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان نیشان دەدەن نەك لەبەرئەوەی دەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی دەتوانن".(١١)

کەواتە کۆی ئەم تێڕوانینە زاڵانە و بەکەمسەیرکردنی ئافرەت لە لایەن پیاو، دەبێتە بونیادێك بۆ دروستبوونی بەسووکسەیرکردنی ئافرەت و بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەریدا بە هەموو شێواز و جۆرەکانییەوە، لە لێدان و کوتانەوە بگرە تا ژن بەسەرهێنانی بێ هۆ و چەند هاوسەری، لەکاتێکدا " کوشتنی ژن توندترین شێوەی ئازاردانی هاوسەرییە، لە پلەی دووەمیشدا چەند هاوسەری شێوازی بەکارهێنانی توندوتیژییە دژ بە ژنان".(١٢)

ئەمە ئەگەر ئەو هاوسەرگیرییە ئەو هۆکارانەی لە پشت نەبێت کە لە ئیسلامدا رێگا بە پیاو دەدرێت چەند ژنێك بێنێ، هەڵبەت ئەم رێپێدانەش بە پێی ئایین زۆر دەگمەنە و رێگرییەکان زۆر زیاترن لە رێپێدانەکان، بەڵام لەوەشدا پیاو ئایین بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردێنێ. بۆیە مریەم لەسەرەتاوە ژنێکی بێدەنگە و تەمەنێکی زۆر لەگەڵ رەشید، بە بێدەنگی و بێ داواکاری دەباتەسەر ((هەژدە ساڵە و من تا ئێستا داوای هیچ شتێکم لێ نەکردووی...ل٣٠٨)) کەچی کاتێ رەشید باسی ژنهێنان دەکات، چونکە وەك گوتمان ژن بەسەرهێنان دووەم ئاستی توندوتیژییە لە دوای کوشتن، بۆیە مریەم ئۆقرەی نامێنێ و بێ دەنگی ئەو هەژدە ساڵەیە دەشکێنێ و بە تووڕەییەوە دەڵێت: ((من رێ بەوە نادەم...ل٣٠٩)). رەشید بەمە پێدەکەنێ، لەبەرئەوەی دەزانێ کە بڕیاری سەرەتا و کۆتایی بەدەست خۆیەتی و مریەم هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا نییە تا رێی لێ بگرێ ژن نەهێنێ.

### *- تێڕوانینی ئافرەت بۆ ئافرەت:*

بەهۆی ئەم هەموو بەسووکسەیرکردنەی ئافرەت لە لایەن پیاو و لە لایەن حکومەتەوە، ئافرەتان لەناوەخۆشیاندا تێڕوانینی خراپیان بەرامبەر یەکتر دەبێت و رقیان لە یەکتر دەبێتەوە، ئەمەش لەلایەك بۆ ئەوەی خۆیان لە لای پیاو خۆشەویستتر لە ئافرەتانی دیکە نیشان بدەن و زیاتر رێزیان بگیرێ، لەلایەکیش کاردانەوەی تێڕوانینە باوەکانی پیاو و کۆمەڵگایە بەرامبەر ئافرەتان و ئەوان لە نێوان خۆیاندا بە بێئاگایی دووبارەی دەکەنەوە.

لە سەرەتای رۆمانەکەدا (نانا) کە دایکی مریەمە، هەندێ جار بە سووك سەیری کچەکەی دەکات و دەیشکێنێتەوە، چۆن کۆمەڵگا بە چاوی حەرامزادەیی تەماشای مریەم دەکەن،

ئەویش هەمان تێڕوانینی هەیە ((تۆ حەرامزادەیەکی گێژ و وێژیت...ل٣٠)) ئەمە لەکاتێکدا (نانا) خۆی سەرچاوەی ئەم حەرامزادەییە و ئەگەر تاوانێك لەمەدا هەبێت هی خۆیەتی نەك هی مریەم.

(نانا) خۆشی پێشتر لە لایەن ژنەکانی جەلیلەوە بە سووك تەماشا دەکرا و ئەمە رەنگدانەوەی لای ئەو هەبووە، ((ژنەکانی جەلیل بە کچە رەزاقورس و ناکەسەکەی پیاوە بەردتاشەکە بانگیان کردووە...ل٥٧)) ناناش چونکە کەسێك نییە رقەکەی خۆی پێ دەربکات، بۆیە رقەکەی بە کچەکەی دەردەکات.

ئەو رقەی ژنەکانی جەلیل بەرامبەر نانا هەیانبووە، دواتر بەرامبەر مریەمیش بە زیاترەوە دووبارەی دەکەنەوە، دەشزانن کە مریەم منداڵە و تاوانێکی نییە، هەموو ژنەکان بەیەکەوە گەلەکۆمەکی لێ دەکەن و بەزۆر وا دەکەن بدرێتە کەسێك کە سی ساڵ تەمەنی لەو گەورەترە ((بڕوانە بەشی حەوتەمی رۆمانەکە)) لەکاتێکدا ئەوان بەهۆی ئافرەتبوونیان ئازاری بەزۆر بەشوودان باشتر دەزانن، کەچی تەنها بۆ ئەوەی لەپێش چاویان نەمێنێ بەو دەردەی دەبەن و بەزۆر بە شووی دەدەن.

کاتێ رەشید لەیلا دێنێ، مریەم دەزانێ ئەم شووکردنە بە خواستی لەیلا خۆی نییە و لەیلاش قوربانییەکی بێدەسەڵاتە، کەچی لە سەرەتادا زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەرچی رقی لەدڵدا هەیە بەرامبەر بە رەشید و بەرامبەر بە بێزارییەکانی لە دنیا، بەسەر ئەویدا دەڕێژێ، ((مریەم هەرگیز بەو شێوازە لەگەڵ کەسدا قسەی نەکردبوو، هەرگیز ئاوەها بەتووڕەیی گوزارشتی لە خۆی نەکردبوو...ل٣٢٥)). لەیلاش بەو سادەیەی خۆی، هەمان رقی بەرامبەر مریەم بۆ دروست دەبێ و مریەمیش لەبەرامبەریدا توندتر دەبێ ((لەیلا وتی: (تۆ ئافرەتێکی نەگبەت و بەسەزمانیت)، مریەم راچڵەکی ئینجا هاتەوە سەرخۆی، لێوی لێهەڵقرچاند: تۆش قەحبەیت، قەحبە و دزیشیت، قەحبەیەکی دز، تۆ وایت...ل٣٣٥)). لەکاتێکدا هەم مریەم و هەم لەیلاش، دوو ئافرەتی بە رەوشت و چەوساوەن و سیمبولی ئافرەتی چەوساوەی وڵاتەکەن.

بە گشتی تێڕوانینە زاڵەکانی کۆمەڵگا، کاریگەری لەسەر دروستکردنی تێڕوانینی ئافرەتان بۆ خۆیان دەبێت و هەمان ئەو وێنانەیان لە زەیندایە کە کۆمەڵگا بۆ ئەوانی دروستکردووە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە لە روانگەی ئازارەکانی خودی خۆیانەوە تەماشای هاوڕەگەزەکانیان بکەن.

### - تێڕوانینی ئافرەت بۆ خودی خۆی:

ئەو بەکەمڕوانینانەی ئافرەت لە هەموو لایەکەوە، هەم لە لایەن حکومەت، هەم لە لایەن پیاو، هەم لە لایەن ئافرەتان خۆشییانەوە، وا لەئافرەت دەکات بکەوێتە دۆخێکی دەروونی ئەوتۆ کە بەکەم لە خودی خۆشی بڕوانێ و بگاتە ئەو باوەڕەی کە ژیانی ئافرەت لە بنەڕەت و بە سروشتی خۆی بەم جۆرەیە و ئافرەت دەبێ بە سووك سەیر بکرێت، ئافرەت بوونەوەرێکی کەمترە لە پیاو، بۆیە دەکەوێتە سەرزەنشتکردنی خۆی و هەمان ئەو تێڕوانینەی لا دووبارە دەبێتەوە کە ئەوانیتر بەرامبەری هەیانە، بەمەش تووشی چەند حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش دەبێت کە بەشێکی لەم رۆمانەدا خراوەتەڕوو، لەوانەش:

- خۆبەکەمزانین: بەهۆی زۆر سەرزەنشتکردنەکانییەوە، ئافرەت خۆی بەکەم دەزانێ و هەر ناخۆشییەکیشی بێتە رێگا، وا هەست دەکات ئەمە تۆڵەیەکە لێی دەبێتەوە، بۆ نموونە کە مریەم چەند جارێك سکی پڕ دەبێت و سکەکانی لەبار دەچن، خۆی وا دێتە پێش چاو کە شایانی منداڵبوون نییە، ((هەندێجار بیری لەوە دەکردەوە کە دیارە شایانی ئەو منداڵە نەبووە، ئەمە وەکو تەمێکردنێك بووە بۆی...ل١٥٢)). بێ ئەوەی تاوانێکی کردبێت هەست دەکات تەمێ دەکرێت.

- ترس لە رووی دەروونییەوە: پیاو زۆر ئافرەت دەچەوسێنێتەوە، بۆیە ئافرەت لە رووی دەروونییەوە ترسێکی بەسەردا زاڵ دەبێت کە دەرچوون لێی ئاسان نییە، ((مریەم وای لێهات کاتێ ئەو ئێواران دەگەیشتەوە ماڵەوە و دەنگی پێی دەهات، دەترسا. کە دەنگی کلیل و قفڵەکە و جیڕەی دەرگاکە دەهات، دڵی دەکەوتە تەپەتەپ...ل١٦١)). بێگومان ئەمەش بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت. بەڵکو بەهۆی ئەو هەموو سەرزەنشتکردنەی رەشید، ترسەکەش چونکە دەروونییە و چەوسانەوەکەش بە بەردەوامییە، بۆیە ئەم ترسە وازی لێ ناهێنێ ((مریەم بە درێژایی ئەو ساڵانە راهاتبوو خۆی بەرامبەر بە لۆمە و سەرزەنشتی و سووکایەتی و گاڵتەپێکردنەکانی رابگرێت، بەڵام نەیدەتوانی بەسەر ترسەکەی ناو ناخیدا زاڵ بێت...ل٣٤٤)).

- بێ ئومێدی: بەمجۆرەش ئافرەت لە ژیان بێ ئومێد دەبێ و چاوەڕوانییەکی لە دنیا نامێنێ، مریەم باوەڕی وابوو ((خۆشەویستی بەهەڵەداچوونێکی وێرانکەرە و هاوشێوەکەشی، واتا ئومێد، سەرابێکی هەڵخەڵەتێنەرە، هەروەختێکیش ئەم دوو گوڵە ژەهراوییە، لەو کێڵگەیەدا چەکەرەیان دەکرد، مریەم لە رەگوڕیشەوە هەڵی دەکێشان...ل٣٦٤-٣٦٥)).

- زوو هەستکردن بە تاوان: لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئافرەت تاوانێکیش بکات کە بەراورد نەکرێت لەگەڵ تاوانە زۆر و زەوەندەکانی پیاو بەرامبەر بەو، بەڵام ئەو زوو هەست بە تاوان دەکات، ئەوکاتەی مریەم لە ترسی گیانی خۆی و لەیلا رەشید دەکوژێت، بێ ئەوەی کەسێك پێی زانیبێ، دەروونی ئازاری دەدات و خۆی بەدەستەوە دەدات، بەو جۆرە بیر ناکاتەوە کە بەرگری لە خۆیان کردووە، بەڵکو وا هەست دەکات تاوانێکی کردووە و رەشیدی لە منداڵەکانی سەندۆتەوە، دەشزانێ کە ئەگەر خۆی بەدەستەوە بدات چارەنووسی مردنە، بەڵام ئەو کارە دەکات و دەیەوێ سزای تاوانەکەی وەربگرێت و ویژدانی ئاسوودە بێت.

- بڕوانەمان بە پیاو: لە ئەنجامدا ئەم تێڕوانینە لای ئافرەتان بەرامبەر بە پیاو دروست دەبێت کە ((میلی قیبلەنوما چۆن هەمیشە رووی لە باکوورە، پەنجەی تاوانبارکردنی پیاویش هەمیشە رووی لە ژنێکە...ل٥١٠)).

## لایەنی دیکەی رۆمانەکە:

### *- شۆڕش و هەڵگەڕانەوەی بنەماکانی شۆڕش:*

هەموو شۆڕشێك لەبنەڕەتدا، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەیە کە رووبەڕووی زوڵم و زۆرداری ببێتەوە و خۆشگوزەرانی بۆ ئەوانە دابین بکات کە بە دیدی ئەو مەزڵومن و چەوساونەتەوە، شۆڕش هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی زۆردارەکان لەسەر حوکم لابدات و خۆی دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە دروست بکات، تاکو هەم خۆی و هەم ئەو گەلەش کە دەکەونە ژێر قەڵەمڕەوی شۆڕشەکە، وەکو پێویست خۆشگوزەرانیان بۆ دەستەبەر بێ. بەڵام هەمیشەش زۆربەی ئەو شۆڕشانەی لە مێژووی جیهان بینیومانن، دوای سەرکەوتنیان ئەو زوڵم و زۆرداریيەی بەرامبەریان کراوە، خۆیان بەرامبەر دژەکانیان و هەندێ جاریش بەرامبەر ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەنەوە کە بەشێکن لە شۆڕشەکە، بەمەش شۆڕشەکە پێچەوانەی ئەو بانگەشەی دادپەروەرییە دەوەستێتەوە، کە خۆی لەپێناویدا دروست بووە، "لە دوای شۆڕشە گرنگ و گەورەکانی دنیا قۆناغێکی گرنگ هەیە کە بە گوزارەی (شۆڕش منداڵەکانی خۆی دەخوات) دەناسرێت".[١٣] ئەمە بەو واتایەی شۆڕش ئەوانە دەچەوسێنێتەوە کە لە سەردەمی پێویستدا خەباتیان بۆی کردووە و ماندووبوون.

دەشێ یەکێك لە هۆکارەکانی پێنەگەیشتنی شۆڕش و ئەو چەوسانەوەی لەسەر دەستی ئەو شۆڕشە بەرهەم دێت، ئەوەبێ کە شۆڕشەکان خاوەنی پرۆژەیەك نین هاوشان لەگەڵ ئەو هەرێم و واقیعەی دەکەوێتە ژێر دەستیان و لەبەڕێوەبردنیدا کورت دەکەن، یاخود "ساتی شۆڕش ساتێکە گوتارە کۆنەکان هێز و چالاکی خۆیان دۆڕاندووە، بەلاّم شەپۆلە نوێکان زمانی خۆیان نەدۆزیوەتەوە". (١٤)

ئەفغانستان یەکێکە لەو ولاّتانەی هەمیشە لە دەرەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن و حوکمڕانییەکەیدا، شۆڕشێك دژی سیستەمەکە لە ئارادا بووە، دوای سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکیش قەسابخانەیەك بە ناوی وەستانەوە دژی نەیارانی شۆڕش و دژی بەرژەوەندییەکانی ولاّت هاتۆتە ئاراوە. ئەم رۆمانە دەیەوێ بەشێکی ئەو زوڵم و زۆرداری و توندوتیژییە بخاتەڕوو کە لە چەند قۆناغێکی جیاوازی مێژووی ئەو ولاّتە، شۆڕشگێڕەکان هەم بەرامبەر نەیارەکانیان و هەم بەرامبەر رۆڵەکانی خۆیان ئەنجامی دەدەن.

کاتێ ولاّت لە دەست یەکێتی سۆڤیەت دەردەهێنرێ و دەکەوێتە دەست شۆڕشگێڕە کۆمۆنیستەکان، ئەوان لە جیاتی مامەڵەکردنێکی یاسایی و مرۆییانە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە سەردەمی سۆڤییەتییەکان ولاّتیان بەڕێوەبردووە و ئەلقەلەگوێی یەکێتی سۆڤیەت بوون، مامەڵەیەکی زۆر نامرۆڤانەیان لەگەڵ دەکەن، ((کۆمۆنیستەکان دەستیان کرد بە کوشتنی بە کۆمەڵی کاربەدەستانی رژێمی داودخان، چاوی هەندێ کەسیان هەڵکۆڵیوە و کارەبایان لە ئەندامی زاووزێیان داوە...ل١٦٣-١٦٤)) دواتریش کە ئیسلامییەکان شۆڕش بەسەر کۆمۆنیستەکاندا دەکەن، هەمان شت دووبارە دەکەنەوە و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە رووبەڕووی نەیارەکانیان دەبنەوە، تەنانەت دەگاتە ئەوەی کە لە نێوان خۆیاندا دەبێتە شەڕیان و ولاّت لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن ((تا دووەم درەختی ئەکاکیا بەلای چەپدا سەر بە سەرکردەیەکی سەربازییە و چوار شەقام ئەولاتر کە بە نانەواخانەیەکی وێران کۆتایی دێت، ناوچەیەکە سەر بە سەرکردەیەکی سەربازی ترە، خۆ ئەگەر ئەو ناوچەیەش تێپەڕێنێت و نیو میل بەلای خۆرئاوادا بچێت، خۆی لە قەڵەمڕەوی ناوچەیەکی سەربازییتردا دەبینێتەوە و بەمجۆرە دەبێتە نیشانەیەکی باشیش بۆ تەقەکردن...ل٢٦١)). کەواتە ئەم ڕۆمانە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت کە هەمیشە شۆڕشەکانی ئەفغانستان دەبنەوە زۆردار بەسەر گەلێ لە رۆڵەکانی خۆیان و بەسەر یاخیبووەکانیاندا و ناتوانن ئەو زمانە دروست بکەن کە بەشێوەیەکی مرۆییانە مامەڵەی رووداوەکان بکەن. ناتوانن ئازادییەکان لە یەکتر قبووڵ بکەن.

رۆمانەکە سێ قۆناغ و سەردەمی لێکجیا دەگرێتەوە کە لایەنە باڵا دەستەکانی هەر سێ سەردەمەکە دژی ئازادی بوونە:

- سەردەمی کۆمۆنیستەکان کە لایەنە ئایینییەکانیان قبووڵ نەکردووە، یەکێك لە مامۆستا ئافرەتە کۆمۆنیستەکان کە بە (پوورە رەنگماڵ) ناوی دەرکردبوو، خۆی سەری خۆی دانەدەپۆشی و رێگەی نەدەدا هیچ کچێکیش سەرداپۆشێت، ((ئەو دەیوت لەکاتێکدا پیاوان هیچ نادەن بەسەریاندا، ئەی کەواتە بۆ ژنان هیچ بدەن بەسەریاندا...ل١٧٦)). بێگومان ئەمەش دەستبەسەرداگرتنی ئازادی کەسانی ترە.

— سەردەمی ئەو لایەنە ئیسلامییانەی رۆڵیان هەبوو لە رزگارکردنی ئەفغانستان لە ژێر دەستی کۆمۆنیستەکان، ئەوان نەك رێگایان بە ئازادی لایەنە نائایینییەکان نەدەدا، بەڵکو یەکتریشیان قبووڵ نەدەکرد، لەکاتێکدا کە پێشتر هاوخەبات بوون و وەکو برا سەیری یەکتریان دەکرد، کەچی دوای ئەوەی وڵاتیان کەوتە دەست، ((دەست بە سووکایەتی یەکتری کرا، پەنجەی تاوانبارکردن بۆ یەکتری درێژکرا، کۆبوونەوەکان بە تووڕەبوونەوە ئەنجام دەدران و بەتوندی دەرگاکان بەیەکدا دەدران، شار هەناسەی تەنگ بووەوە، لە شاخەکاندا مەخزەنی کلاشینکۆفەکان لە گوللە پڕکرانەوە، موجاهیدەکان کە تا دەمووددانی خۆیان بەستبوو، ئێستا دوژمنی هاوبەشیان نەبوو، بەڵکو لەناوخۆیاندا بۆ دوژمن دەگەڕان...ل٢٥٦-٢٥٧)).

بەجۆرەش بەهۆی یەکتر قبووڵنەکردن و وەستانەوە لە دژی یەکتر، وڵاتیان وێران کرد و رێگاشیان بۆ هاتنی بزووتنەوەی تاڵیبان خۆشکرد.

— سەردەمی بزووتنەوەی تاڵیبان: لەسەردەمی ئەم بزووتنەوەیەدا ئەفغانستان بەتەواوی بووە بەندیخانەیەك و بە ئاگر و ئاسن حوکمی دەکرا، بەتایبەتیش بەرامبەر بە ئافرەتان کە بە ناوی ئایینەوە زۆر زوڵمیان لێ دەکرا (وەکو پێشتر باسمان کرد)، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان بۆ ئەوە هاتبوون گەلەکەیان لە دەست شەڕوشۆڕی لایەنەکانی دیکە رزگار بکەن، کەچی خۆیان وڵاتیان کردە گەورەترین بەندیخانەی گەل، ئازادییەکانیان بەهەموو جۆرێك بەرتەسك کردەوە.

- گەشبینی و ترووسکەی رووناکی لە تاریکستاندا:

دوو کەسایەتی لە رۆمانەکەدا هەن کە بە بڕوای من سیمبولی کەسانی رۆشنگەرن لەو رۆمانەدا، یەکێکیان (مەلا فەیزوڵڵا)یە و ئەویدیکەشیان کەسایەتی (مامۆستا حەکیم) یان (بابە)یە کە باوکی لەیلایە.

(مەلا فەیزوڵڵا) کەسێکی بە تەمەنە، مریەم فێری خوێندن و نووسین و قورئان خوێندن دەکات، کەسێکە خاوەنی بیرێکی ڕۆشنە، لەبەرامبەردا ئەگەر تەماشا بکەین، ئەوانەی بزووتنەوەی تاڵیبانیان دامەزراند و دواتر حوکم دەگرنە دەست، کەسانی گەنجن، کەچی تەسکبینن و خاوەن بیرکردنەوەیەکی تاریکن، ئەو گەنجانە خوێندن لە ئافرەتان قەدەغە دەکەن و ئەو پیرە بەتەمەنەش ڕۆژانە خۆی دێت بۆ ئەوەی وانە بە مریەم بڵێت.

کاتێ مریەم داوا لە مەلا فەیزوڵڵا دەکات دایکی ڕازی بکات بۆ ئەوەی بچێتە قوتابخانە، مەلا فەیزوڵڵا سەرەڕای ئەوەی خۆی مامۆستای مریەمە و ئەم داوایەی مریەم بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەتکردنەوەی زانیارییەکانی مەلا فەیزوڵڵایە، کەچی مەلا فەیزوڵڵا گوێ بەمە نادات و لای دایکی هەوڵی بۆ دەدات بینێرێتە قوتابخانە، بەڵام دایکی مریەم ناهێڵێ.

بەرامبەر بەوەی مەلا فەیزوڵڵا هەوڵ دەدات کچێك بنێرێتە قوتابخانە، کەچی ئەوکاتەی بزووتنەوەی تاڵیبانی (گەنج؟!) دێنە سەرکورسی دەسەڵات کە زۆربەشیان دەرچووی زانکۆن، قوتابخانەی ئافرەتان دادەخەن و خوێندن لە ئافرەتان قەدەغە دەکەن.

ڕۆماننووس دەیەوێ پێمان بڵێت: مەرج نییە مەلایەکی پیر، خاوەن بیرکردنەوەیەکی کۆن و دواکەوتووانە بێت، لەبەرامبەریشدا مەرج نییە ئەوانەی گەنجن و زانکۆ دەخوێنن، خاوەن بیرکردنەوەیەکی ڕۆشن و سەردەمییانە بن.

کەسایەتی بابە: ئەم کەسایەتییەش نوێنەرێکی دیکەی ڕۆشنگەرە لەناو ڕۆمانەکەدا کە دەتوانین سیفەتە ڕۆشنگەرییەکانی بەو شێوەیە دیاری بکەین.

خۆشویستنی وڵات و فەرامۆشکردنی ئینتیماکانی دیکە: بابە پێی وایە کە دەبێ مرۆڤ وڵات و نیشتیمانی لە هەموو شتێك لە لا گرنگتر بێت و تا پرسی وڵات لەگۆڕێدا بێ، دەبێ ئینتیماکانی دیکە فەرامۆش بکرێن، ئەمەش لە وڵاتێکی خێڵەکی و دواکەوتوودا کە هەر خێڵیش بەڕێوەی دەبات، بیرکردنەوەیەکی پێشکەوتووانەیە، ((لای من ئەم شتانە پڕوپووچ و بێ مانا و لەهەمانکاتدا مەترسیداریشن، ئەمانە هەمووی قسەی هیچن، من تاجیکم و تۆ پەشتوونیت و ئەم هەزارە و ئەو ئۆزبەکە، هەموومان ئەفغانین و دەبێ ئەمە لە هەموو شتێکی تر گرنگتر بێت لامان...ل۲۰۱)).

تێگەیشتنی بابە بۆ نەیارەکانی: بابە کە مامۆستایە، لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئەمە ڕقێکی وای بۆ دروست ناکات کە ئەگەر کارێکی باشیان کرد، ئەو نەیبینێ و بەکەمی بزانێ، بەڵکو بە شێوەیەکی بابەتییانە ستایشی کارە باشەکان

دەکات، ((بە بۆچوونی بابە ئەگەر کۆمۆنیستەکان کارێکی باشیان ئەنجام دابێت، لە بواری فێرکردندا بووە، واتا هەمان ئەو بوارەی کە خۆی کاری تیا کردووە و دواتر دەریانکردووە، بەتایبەتیش فێرکردنی ژنان، حکومەت قوتابخانەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆ هەموو ژنان کردبۆوە، نزیکەی دوو لەسەرسێی خوێندکارانی زانکۆی کابوڵ ئافرەت بوون...ل٢٠٨)).

بابە سەرەڕای ئەوەی بە بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە، بەڵام وەکو کەسێکی تێگەیشتوو، ئەوەی لا روون بوو کە هەموو ئەو شتانەی ژیان پێویستییەتی لەناو کتێبدا نییە، بەڵکو ئەزموون دەتوانێ زۆر شت فێری مرۆڤ بکات و پێویستە مرۆڤ بە دوای ئەزمووندا بگەڕێت، بۆیە بە منداڵەکان دەڵێت: ((منالینە: سەیرکەن هەندێ شت هەن دەتوانن لەمنەوە فێریان بن، بەڵام هەندێ شتی تر هەن کە دەبێ خۆتان بیانبینن و هەستیان پێ بکەن...ل٢٢٥)).

بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە باوەی لەو کۆمەڵگایەدا هەیە و بە سووك سەیری ئافرەت دەکرێت، بابە ئەو جیاکارییە لە نێوان پیاو و ئافرەت ناکات، بۆیەشە رێزی خێزانەکەی دەگرێت و تەنانەت گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە خێزانەکەی ئەمە بقۆزێتەوە و هەندێ جار خێزانەکەی لە رووی دەروونییەوە (بابە) ئازار دەدات، یان هەرچەندە خێزانەکەی دوای کوژرانی کوڕەکانی دڵی بە دنیا و بەوەش خۆش نییە کە کچێکی هەیە بە ناوی لەیلا و ئەمەش لەیلا دەڕەنجێنێ، بە پێچەوانەوەی ئەمە و بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکەش کە کوڕیان لە لا پەسندترە لە کچ، بابە دڵی بە کچەکەی خۆشە، بەتایبەتیش دوای مردنی کوڕەکانی، ((بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە تۆم هەیت، هەموو رۆژێك سوپاسی خوا دەکەم کە تۆم بۆ ماویت...ل٢٢٦-٢٢٧)).

***  ***  ***

سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناخۆشەی ئەفغانستان هەیەتی و لەسەرتاپای رۆمانەکە بەدیار دەکەوێ، بەڵام ئەم کتێبە دووریش نییە لە گەشبینی و ئاسۆیەك بۆ ژیان، گەشبینییەکە بە بڕوای من لە کوشتنی رەشیدەوە دەست پێدەکات، رەشید کە سیمبولی دەسەڵاتی زۆردارییە لەو کۆمەڵگایەدا بە دەستی کەسێکی بێ هێزی وەکو مریەم دەکوژرێت، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنە.

مەلا فەیزوڵڵا و بابە دوو نیشانەی دیکەی گەشبینین لە رۆمانەکەدا، ئەوان بەو بیرورا و هەڵسوکەوتە مرۆییانەی هەیانە و هەندێکیمان لێی باسکرد، تroوسکەیەکی رووناکی لەو تاریکستانە دەردەخەن.

دواجار کەسایەتی تاریق کە دێت لەیلا و منداڵەکان لە ئەفغانستان دەباتە دەرەوە، لە نێو شەڕوشۆڕەکان رزگاریان دەکات و پاشان بەیەکەوە ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن، دوای ئەوەش دەگەڕێنەوە بۆ وڵات و لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و خزمەتکردنی وڵات دان، نیشانەی سەرکەوتنی خۆشگوزەرانییە بەسەر ناخۆشی و ناهەمووارییەکان، تاریق لێرەدا سیمبولی (رزگاری) و خۆشگوزەرانییە بۆ وڵات، هەموو خێزانەکانی ئەم وڵاتە، چاوەڕێن (تاریق)ێك بێت و رزگاریان بکات و لە توندوتیژی و تاریکییەوە دەریان بێنێ و بەرەو ژیانێکی ئاشتییانە و رووناکیان ببات.

لەکاتێکدا کە لە واقیعدا تا ئێستاش بارودۆخی ئەفغانستان بەرەو باشی نییە و تا ئێستاش شەڕوشۆڕی تێدایە، بەڵام کۆتایی رۆمانەکە کۆتاییەکی گەشبینانەیە، کە تاریق و لەیلا و منداڵەکان دەست بە ژیانێکی نوێ دەکەنەوە و هەوڵی بونیادنانەوەی ژیان و وڵات دەدەن. ئەمە گەشبینی نووسەرێکە بۆ ئایندەی وڵاتەکەی خۆی کە چاوەڕێ دەکات لەو تاریکستانەدا هەزار خۆری درەوشاوە هەڵبێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

* هەزار خۆری درەوشاوە- خالید حوسەینی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم (٢٠١١). لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە ئەم وەرگێڕانەی ئازاد بەرزنجی وەکو کارەکانی دیکەی، یەکێکە لە وەرگێڕانە جوانەکان، هەرچەندە هەر لەو ماوەیەدا وەرگێڕانێکی دیکەی ئەم رۆمانە بە ناوی (هەزار خۆری پڕشنگدار) بلاۆکرایەوە، بەلاّم من بۆ ئەم خوێندنەوەیە، پشتم بە وەرگێڕانەکەی ئازاد بەرزنجی بەستووە.

** رۆماننووسی ئەفغانی خالید حوسەینی لە ساڵی (١٩٦٥) لە کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان لەدایکبووە، لەناو خێزانێکی رۆشنبیر گەورە بووە، لەساڵی (١٩٨٠) و لە کاتی کودەتای کۆمۆنیستەکان، خێزانەکەی ئەفغانستان جێدێڵن و دەچنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەوێ پزیشکی دەخوێنێ و دەبێتە پزیشك، تا ئێستا دوو رۆمانی هەیە کە هەردووکیان سەبارەت بە واقیعی ژیانی ئەفغانستانن، یەکەمیان (کۆلارەباز)ە و ئەوی دیکەشیان (هەزار خۆری درەوشاوە)یە.

١- پەڕگیریی نەخۆشیی بیری ئیسلامییە- رۆجیێ گارودی، وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور، گۆڤاری واتە، ژمارە (٧) شوباتی (٢٠١١)، ل,١٤٥

٢- ئەوەی لە نێوان ئەم دوو جووتکەوانەدایە ((...)) لە رۆمانەکە وەرگیراوە، لە هەندێك شوێندا دەسکارییەکی کەمی رێنووسەکەیم کردووە.

٣- زەبروزەنگ و پرۆسەی بە دامودەزگاییکردنی- ئاراس فەتاح، گۆڤاری سەردەمی رەخنە، ژمارە (٣)، بەهاری (٢٠٠٦)، ل,١٦

٤- بەیاننامەکە لە لاپەڕەکانی (٣٩٣-٣٩٤)ی رۆمانەکەدا بلاّوکراوەتەوە.

٥- بە پێویستم نەزانی دەقی ئایەتەکان بە عەرەبی بنووسمەوە و تەفسیری ئایەتەکانیشم لە (تەفسیری ئاسان)ی مامۆستا (بوڕهان محەمەدئەمین) وەرگرتووە.

٦- پەڕگیریی نەخۆشیی بیری ئیسلامییە، ل,١٥٠

٧- هەمان سەرچاوە، ل,١٥١

٨- فەرمووده هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم- ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵلاّ، لە بلاّوکراوەکانی پرۆژەی تیشك، چاپی یەکەم (٢٠٠٨)، ل٣٧٢-٣٧٣.

هەروەها بڕوانە:

- ئافرەت و کاری سیاسی: دیدێکی ئیسلامییانە- هیبە رەئوف عیزەت، وەرگێڕانی بەکر حەمەسدیق و یاسین رەسول، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی، چاپی یەکەم (٢٠٠٠)، ل١٢٤-١٢٥، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگە لەبارەی کارکردنی ئافرەتی موسڵمان لە بوارە جیاوازەکانی (سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی).

٩- فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم، ل,٤٧٧

١٠- یۆتۆپیا و توندوتیژی- کارل پۆپەر، وەرگێڕانی: یوسف محەمەد، گۆڤاری هەژان، ژمارە (١١-١٢)ی ساڵی (٢٠٠٣)، ل,٦٨

١١- زەبروزەنگ و پرۆسەی بە دامودەزگاییکردنی، ل,٢٤

١٢- توندوتیژی دژی ژنان- عەشرەت عەبدوڵڵایی، وەرگێڕانی شنۆ مێهرپەروەر، گۆڤاری واتە، ژمارە (٤)، تشرینی دووەمی (٢٠١٠)، ل,١٧٠

١٣- منداڵانی نیوەشەو- بەختیار عەلی، ماڵپەڕی رۆژنامەی ئاوێنە:
www.awene.com

١٤-شۆڕش و زمان- بەختیار عەلی، ماڵپەڕی نووسەر:
www.bachtyar-ali.com

# (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) و

# غوربەتێکی هەمیشەیی




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: وەرزی کۆچ بەرەو باکوور**

**نووسەر: ئەلتەیب ساڵح**

**وەرگێڕ: سەباح ئیسماعیل**

**ساڵی چاپ: ۲۰۰۷**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**

ڕۆمانی (***وەرزی کۆچ بەرەو باکوور***)[1]ی (تەیب سالّح) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە ناوبانگی خاوەنەکەی لە نووسەری وڵاتێکەوە، گۆڕی بۆ نووسەرێکی جیهانی و بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە. ئەم ڕۆمانە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە چێژی تایبەت بە خوێنەر دەدات و وای لێ دەکات وازی لێ نەهێنێ تا کۆتایی. ڕۆماننووس لە دەقەکەیدا کەم کەم شتەکان دەخاتە بەردەمی خوێنەر و لە شێوەی ڕستەی کورت ڕووداوەکان دەهێنێتەوە یاد، ژمارەی کاراکتەر لەڕۆمانەکەدا کەمە و بەم ڕێژە کەمەی کاراکتەر، ڕووداوگەلێکی هەستیار دەخاتەڕوو، ئەمەش وادەکات خوێنەر لە قەرەباڵغی کاراکتەرەکان بێزار نەبێ و سەری لێ نەشێوێ و لەگەڵ کارەکتەرەکان تێکەڵ بێت و وەکو کەسێکی واقیعی بیانناسێت. ڕۆمانەکە لە دەرگای گەلێ بابەتی داوە، گەلێ لایەنی لێ دەبێتەوە کە لێرەدا هەوڵ دەدەین قسە لەسەر هەندێ لایەنیان بکەین.

## حیکایەتخوان و پاڵاوتنی چیرۆکەکە:

ئەم ڕۆمانە لەلایەن کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە کە نزیکەی لە هەموو ئەو کەسانەی تری لە ڕۆمانەکە بەشدارن، درەنگتر (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەناسێت، کەسێك نییە کە خزمی پاڵەوانەکە بێت، برادەرێکی نزیکیشی نییە کە لە منداڵییەوە شارەزای وردەکارییەکانی ژیانی بێت، بەڵکو برادەرێکە لە دوادواییەکانی ژیانی بۆی پەیدادەبێت، ئەمەش گرنگییەکەی لەوەدایە کە حیکایەتی پاڵەوانەکە دەپاڵێوێ و هیچ زیادەیەکی ناگێڕێتەوە، شتە ناپێویستەکانی ژیانی باس ناکات، (مستەفا سەعید) خۆشی دەربارەی ژیانی خۆی بە حیکایەتخوانەکە دەڵێت: ((چیرۆکێکی درێژە، وەلێ هەموو شتەکانت بۆ ناگێڕمەوە، هەندێ وردەکاری بۆ تۆ بایەخێکی ئەوتۆیان نییە...ل٢٤)).[2]

هەروەها حیکایەتخوان کەسێکی ناکاریگەرە و تەنها دەبێتە گێڕەرەوەی ڕووداوەکان، تەنانەت لە ڕۆمانەکەدا ناویشی ناهێنرێ و تا ڕۆمانەکەش تەواو دەبێ خوێنەر نازانێ ناوی چییە، یان بۆ نموونە ئەوکاتەی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی حوسنەی بێوەژنی (مستەفا سەعید) خۆی نازانێت کە کەوتۆتە ئەم داوەوە ((ل١٠٥)). کاریگەرییەکی تەواوی (مستەفا سەعید)ی دەکەوێتە سەر و بەردەوام باسی دەکات، ((مستەفا سەعید بووەتە پاژێك لە جیهانەکەم، هزرێکە لە مێشکمدا، شەبەنگێکە و نایەوێ بەڕێی خۆیدا بڕوات...ل٥٣)).

بەڵام ناشیەوێ دان بەوەدا بنێت کە ئەو هەموو کاریگەرییەی بەسەرەوەیە، بۆیە لە خوێنەر دەپاڕێتەوە، ((توخوا بەڕێزان تکایەکم لێتان هەیە، هەرگیز ئەوەتان بەبیردا نەیەت کە مستەفا سەعید بۆتە مەراقێك و لێم نابێتەوە، جاری وابووە چەند مانگێك تێپەڕیووە بێ ئەوەی بە مێشکما هاتبێت..ل٦٤))، وەك ئەوەی بیەوێ لە ڕۆمانەکەدا کاریگەری خۆی بە دیار بخات و کاراکتەری ئەویش بە دیارکەوێ و لەبیر نەکرێ.

ئەویش وەکو (مستەفا سەعید) لە ئەوروپا خوێندوویەتی و دکتۆرای بەدەستهێناوە، بەڵام زۆر کەم باسی سەفەرەکەی خۆی بۆ ئەوروپا دەکات و زیاتر باسی بەسەرهاتی مستەفا سەعید دەکات.

لێرەوە خاڵی هاوبەشی حیکایەتخوان و پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە هەردووکیان لە ئەوروپا ژیاون و خوێندویانە، بەڵام لەهەمانکاتدا جیاوازیشیان هەیە، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە (مستەفا سەعید) کەسێکە رقی لە ئەوروپییەکانە و وەکو داگیرکەرێك سەیریان دەکات، وای دادەنێت کە ئەو بۆیە چۆتە ئەوروپا تا تۆڵەی وڵاتەکەی لە ئەوروپییە داگیرکەرەکان بکاتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حیکایەتخوانەکە قۆناغێك دوای (مستەفا سەعید) و قۆناغی دوای داگیرکاری سەردانی ئەوروپا دەکات، بۆیە هەڵوێستی بەرامبەر ئەوروپییەکان نەرمترە و وەکو کەسانی ئاسایی وڵاتەکەی خۆی سەیریان دەکات، ((ئەوروپییەکان هەندێ شتی لێ دەرکە، وەك ئێمەن، ژن دێنن و منداڵ بەخێو دەکەن، بەپێی دابونەریتی خۆیان ڕەوشتیان باشە، بەگشتی میللەتێکی باشن...ل٩)). یان ((ئەوێ وەك ئێرەیە، نە باشترە و نە خراپتریشە...ل٥٣)).

تەنانەت وای دەبینێ کە داگیرکارییەکەی ئەوروپییەکان لە لایەن هاووڵاتیانی وڵاتەکەیەوە زیادەڕەوی تێدا دەکرێت. ((هاتنەکەی ئەوانیش کارەسات نەبوو بەوشێوەی ئێمە بۆی چووینە، نیعمەتیش نییە وەکو خۆیان دەڵێن، کارێکی میلۆدرامی بوو، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دەبێتە ئەفسانەیەکی گەورە...ل٦٢)).

کەواتە سیفەتی سەرەکی حیکایەتخوانی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە حیکایەتەکە دەپاڵێوێ و کەسێکی ناکاریگەرە و هەڵوێستی نەرمە بەرامبەر ئەوانەی پێشتر داگیرکەری وڵاتەکەی ئەو بوون.

### مستەفا سەعید.. غوربەتێکی هەمیشەیی:

(مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، خاوەنی کەسایەتییەکی نادیارە، ئەوکاتەی لە ئەوروپا بووە لە دیدی ئەوانەی دەیناسن، کەسێکی گوماناویی بووە و هەریەکە و جۆرە بۆچوون

و گومانێکی بەرامبەری هەیە، تەنانەت خۆشی بەشێکە لە دروستکردنی ئەو گومانانە و وا خۆی بەدەستەوە نادات کە باوەڕی تەواوی پێ بێنن، ئەوکاتەی دەیەوێ ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بۆ حیکایەتخوانی ئەم ڕۆمانە بگێڕێتەوە، وەکو ڕاستییەکی تەواو ناخاتە بەردەستی و ئازادی دەکات لەوەی باوەڕی پێبکات یان نا، واتا گومانێکی لە لا دەهێڵێتەوە، ((من نامهەوێ ئەوی بۆتی دەگێڕمەوە، بچێتە عەقلتەوە. بۆت هەیە سەیرت پێیدا بێ و بەگومانیش بیت لێی...ل٢٦)). بۆیەش حیکایەتخوان دوای مردنی، یان ڕاستتر دوای ونبوونی (مستەفا سەعید)، لێی دەکەوێتە گومانەوە، هەندێك جار باوەڕ بە قسە و ڕووداوەکانی دەکات و هەندێك جاریش وای بەبیردا دێت کە مستەفا سەعید تەنها بۆ ئەوە خۆی بەمشێوە نادیار و ناڕوونە پێ ناساندووە، تاکو لەڕێگای حیکایەتخوانەوە خۆی گەورە بکات و دوای مردنی وەکو ئەفسانەیەك خۆی بە دنیا بناسێنێ.

(حوسنە)ی خێزانی کە نزیکترین کەسە لەو، نادیارییەکانی ژیانی ئەو نازانێت و لێی بەگومانە، دوای مردنی دەڵێت: ((وابزانم شتێکی لێمان شاردبووەوە...ل٩٣))، چونکە نهێنییەکانی ئەو ژیانە پڕ لە کێشە و دۆخەیەی لە ئەورووپای بەسەر بردبوو، بۆ ئەویشی باس نەکردبوو.

نادیارییەکەی مستەفا سەعید لە لای خەڵکی گوند زیاترە، مەحجوبی برادەری حیکایەتخوان کە هاوکات برادەری (مستەفا سەعید)یش بووە، بەم شێوەیە وەسفی (مستەفا سەعید) دەکات: ((لە ڕاستییا مستەفا سەعید خدری زیندەیە. لەپڕ دەردەکەوێ و لەپڕیش ون دەبێ...ل١٠٨)).

هەندێك وای دەبینن کە بەکرێگیراوی داگیرکەرە و هەندێکی دیکەش بە شۆڕشگێڕی دەزانن، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو کتێبانە بکەین کە مستەفا سەعید خۆی بە ئینگلیزی نووسیونی و دواتر لە کتێبخانەکەی لەلایەن حیکایەتخوانەوە دەدۆزرێنەوە، ئەوە بەدیار دەکەوێت کە کەسێك بووە بەتەواوی دژی داگیرکەر بووە و کاری دژی داگیرکەر کردووە، بۆ نموونە تەماشای ناوی کتێبەکانی بکە (ئابووری کۆڵۆنیال)، (کۆڵۆنیال و مۆنۆپۆل)، (خاچ و باڕووت)، (ئەتککردنی ئەفریقیا). ((ل٣٥))

هەرچەندە (مستەفا سەعید) قۆناغی خوێندن و پێگەیشتن و تەمەنی لاوێتی لە ئەورووپا بەسەربردووە و یادەوەرییەکی ئەوتۆی لە سوودانی وڵاتی خۆی نییە، بەڵام هیچ خۆشەویستییەکی ئەورووپای لا دروست نەبووە و هەمیشە وەکو داگیرکەرێك سەیری کردوون و کارلێکی لەگەڵ نەکردوون. ((وا بۆ سی ساڵ دەڕوا بوومەتە پاژێك لەم هەموو شتانە، تێیدا

دەژیم و هەست بە جوانییە راستەقینەییەکەی ناکەم، لەناوییا تەنیا ئەوەم بەلاوە گرنگە شەوانە کیێ جێیەکەم گەرم دەکاتەوە...ل٤١)). وەکو دەسکەوتێك تەماشای هەر ئافرەتێکی ئەوروپی دەکات کە رازی بێت لەگەڵی بێ. ((شارەکە بووەتە ئافرەتێك. رۆژێك رەشماڵی خۆمی لیێ هەڵدەدەم و سنگ لە لوتکەی شاخەکە دەچەقێنم...ل٤٤)). بە ئاشکراش ئەوەی گوتووە کە وەك داگیرکەرێك هاتووە، ئەمەش بۆ ئەوەی تۆڵەی ولاتەکەی خۆی بکاتەوە، کە لە لایەن ئینگلیزەوە داگیر کرابوو، ((مستەفا سەعید پێی گوتن: من وەکو داگیرکەرێك هاتوومە...ل٦٢)). یان دەڵێت: ((من وەکو داگیرکەرێك هاتمە بەردەرکی ماڵەکانتان. دلۆپێك لەو ژارەی لە خوێنبەرەکانی مێژووتاندایە، من ئۆتیللۆ نیم، ئۆتیللۆ درۆیەك بوو...ل٩٧)). ژوورەکەی وەکو مەیدانی جەنگ دەبینی و هەوڵی ئەوەی دەدا لەوێدا سەرکەوتنەکانی تۆمار بکات، ((ژووری نووستنەکەم بووە مەیدانی جەنگ...ل٣٨)).

ئەم بیرکردنەوەی مستەفا سەعید لەکاتێکدایە کە ئاستی زانست و رۆشنبیرییەکەی زۆر بەرزە و مامۆستای زانکۆیە لە زانکۆیەکی ئاست بەرزی ئەم ولاتە، بە رۆژ و لەوکاتەی لەناو خەڵکی گشتی، یان لەناو ئەو خەڵکانەیە کە دەیناسن، یان کاتیێ لە نێو قوتابییەکانی زانکۆدایە، بیرکردنەوە زانستییەکەی بەرزە و ئەو لایەنەی کەسایەتی خۆی بەکاردەهێنێت و بەدیاردەخات کە بە زمانی زانست و زانیاری قسە دەکات، کە کەسێکی رۆشنبیرە و خەڵك پیێ دەگەیەنێت، بەلاّم بە شەو و ئەوکاتەی تەنیاترە و بیرکردنەوەی زیاتر لەگەڵ خودی خۆیدایە، کەسایەتییەکی دیکەی بە دیار دەخات، ئەویش ئەوەیە کە هەمان ئەو شوێنەی بە رۆژ بە زمانی زانست لێی دەدوا، بە شەو وەکو شوێنی تۆڵەکردنەوەی دەبینی، ((بەرۆژ لەگەڵ بیردۆزەکانی کینز و تۆنیدا دەژیام. شەوانیش بە کەوان و شیر و رم و تیر درێژەم بە جەنگەکەم دەدا...ل٣٩)).

هەرچەندە ئەو لە تەمەنێکی زووەوە دەچێتە ئەوروپا، بەلاّم بەهۆی رقی زۆری بەرامبەریان، ژیانی گوندێکی ولاتەکەی پیێ خۆشترە لە ژیانی شار و شارستانییەتی ئەوروپا بۆیە دوای گەڕانەوەشی لە ئەوروپا، هەر ستایشی ژیانی گوندەکەی دەکات و کەمتر دڵی بۆ ئەوروپا لیێ دەدات ((لەم گوندەیا ژیان سادە و ساکارە، خەڵکەکەی باشن و تێکەڵاویان ئاسانە...ل١٥)).

سەرەڕای ئەو رۆشنبیرییە زۆر و هەمەلایەنەی هەیەتی، بەلاّم بەرزی ئاستی رۆشنبیرییەکەی هیچ لە بیروباوەڕی و بەداگیرکەر سەیرکردنی بۆ ئەوروپا و ئەوروپییەکان کەم نابێتەوە و تەنانەت ئەم رۆشنبیرییەشی بۆ تۆڵەکردنەوە بەکاردێنیێ، ((شیعرم دەخوێندەوە، لەبارەی ئایین و

فەلسەفەیشەوە دەدوام، رەخنەم لە تابلۆکان دەگرت، قسەم لەسەر رووحانییاتی رۆژهەڵات دەکرد، لە پێناوی ئەوەی ئافرەتێك بنێمە باخەڵمەوە هەموو شتێك دەکەم...ل٣٤)).

رقەکەی ئەو بەرامبەر ئەوروپا وەکو کەسێکی رۆژهەڵاتی و وەکو کەسێك کە وڵاتی داگیرکراوە هەر لەسەرەتاوە دروست بووە، بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆڕسکە، واتا رقەکەی ئەوە نییە کە دوای ئەوەی سەردانی ئەوێی کرد، ئینجا بۆی دروست بووبێ بەهۆی کێشەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە بەهۆی (جیاوازی رەگەزی)ی و (بەکەم سەیرکردنی بێگانە)، یان بەهەرهۆیەکی دی، چونکە ئەوان لەوێ رقیان لێی نەدەبووەوە، چ ئافرەتێکی بویستبا رازی دەکرد، بە ئارەزووی خۆی لەم وڵاتە دەژیا، تەنانەت کاتێ کە بە تۆمەتی کوشتنی ئافرەتەکان دەبرێتە دادگا و خەریکن دادگایی دەکەن، باوکی یەکێك لە ئافرەتە کوژراوەکان لەجیاتی ئەوەی ئیفادە لە دژی بدات و تۆڵەی کچەکەی خۆی لێ بکاتەوە، بەرگری لێدەکات و دەڵێت: ((سوێندخۆرانی بەڕێز، مستەفا سەعید کابرایەکی وەجاغزادەیە، ئاوەزێکی رۆژئاوایی هەیە، کەچی ئەو ژیارە دڵی شکاند، مستەفا سەعید ئەم دوو دوێتەی نەکوشت، ئەوان میکرۆبی نەخۆشییەك کوشتنی کە هەزار ساڵە تووشی بوونە...ل٣٧)).

ئەمە لەکاتێکدا کە مستەفا سەعید پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە بەرگری لێبکەن و چاوەڕوان بووە داوا بکەن حوکمێکی قورسی بەسەردا بسەپێنن و تۆڵەی لێ بکەنەوە. ((کەچی سەرەڕای ئەم هەموو شتانەش وا هەموو توانا و بەهرەی خستووەتەگەڕ بۆ قوتارکردنم لە پەتی قەنارە...ل٩٥)).

مستەفا سەعید کەسێکە خۆی ون کردووە و هەمیشە لە ژیاندا هەست بە غوربەت دەکات، ئەوکاتەی لە لەندەنە پێی وایە غەریبییەکەی لەبەر دوورە وڵاتییە، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆشی، تووشی هەمان غوربەت دەبێت، چۆن ئەوکاتەی لە لەندەن بووە هەستی بە غەریبی کردووە و نەیتوانیووە خۆی لەگەڵ کەشوهەوای ئەوێدا بگونجێنێ. سەرەڕای ئەوەی ستایشی ژیانی گوندەکەشی دەکات لە سوودان، بەڵام بەهەمان شێوەی لەندەن، لە سوودانیش هەست بەغوربەت دەکات. لە دانیشتنەکانی لەندەنی عەلمانیدا باسی ئایین و تەسەوف دەکات و لە دانیشتنی لادێیەکی دوورەدەستی کەم خوێندەواری سوودانیش، شیعری ئینگلیزی دەخوێنێتەوە، کەواتە تووشی دۆخێك بووە کە لە بوونی خۆیدا هەست بەغوربەت دەکات، بۆیەشە "ژوورەکەی لە لەندەن کەشوهەوایەکی رۆژهەڵاتی هەیە لەناو شارستانییەتی رۆژئاوا، ژوورە (تایبەتییەکەشی) لە سوودان کەشوهەوایەکی رۆژئاوایی هەیە لەناو قوڵایی رۆژهەڵات".(٣) یان

کاتێ حیکایەتخوان دەچێتە کتێبخانە گەورە و بەرفراوانەکەی، دەبینێ هیچ کتێبێکی عەرەبی تێدا نییە، تەنانەت (قورئان) و (ئینجیل)یشی بە زمانی ئینگلیزی تێدایە نەك بە زمانی عەرەبی، لە کاتێکدا قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیووە و عەرەبییش زمانی مستەفا سەعید خۆیەتی، ئەوەش دەزانین کە دەقی بنەڕەتی هەموو کتێب و سەرچاوەیەك، لە وەرگێڕانەکەی باشترە و هەر یەکێك زمانی ئەسڵی کتێبێك بزانێ، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مەبەستی کتێبەکە، بەو زمانە دەیخوێنێتەوە، بەتایبەتیش قورئان کە لە هەر کتێبێك زیاتر وردەکاری تێدایە و زۆربەی بێگانەکانیش هەوڵ دەدەن بە عەرەبی بێخوێننەوە و لێی تێبگەن، کەچی ئەو قورئانیشی بە زمانی ئینگلیزی هەیە و هەموو کتێبەکانی دیکەشی بە زمانی ئینگلیزین، واتا زمانی هەمان ئەو وڵاتەی کە تیایدا ژیاوە و رقی لێیان دەبووەوە، ((تاقە کتێبێکی عەرەبی تیا نییە...ل١٣٦)). ئەمەش جگە لە هەستکردن بە غوربەت شتێکی دیکە نییە.

دروستکردنی ئەم جۆرە لە پاڵەوان کە لە لایەن تەیب ساڵحەوە دروستکراوە، لێهاتوویەکی زۆری پێویستە، بیرکردنەوەیەکی فراوانە کەسایەتییەك دروست بکەیت لە وڵاتی خۆی نەژیابێت و هەر لەناو وڵاتی داگیرکەر ژیابێت و ئەوانیش زۆر خزمەتیان کردبێت، کەچی بەهەمان شێوەی ئەو کەسانە بیر دەکاتەوە کە هەرگیز لە وڵات دەرنەچوونە و جگە لە داگیرکاریی و زوڵم و زۆرداری شتێکی دیکەیان لە ئینگلیزەکان نەبینیووە، بەهەمان ئاست و بگرە زیاتریش رقی لە داگیرکەر دەبێتەوە، واتا تەنها بەرژەوەندی خۆی و ئەو خزمەتەی لەبەرچاو نییە کە بەرامبەر بەو دەکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زۆری زوڵمەکان بەرامبەر بەو وڵاتە و تێکچوونی بارودۆخی دەروونی تاکەکان، کە هەمیشە هەست بە غوربەت بکەن، هەروەها ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەگەر لە ئێستاشدا بارودۆخەکە ئاسایی بێت، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ململانێ و زوڵمێکی دوورودرێژی مێژوویی لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا هەیە و بە خزمەتی چەند تاکە کەسێکی دیاریکراو ناسڕێتەوە و ئاسان نییە لەبیر بکرێت.

## ململانێی نەوەکان:

رۆمانەکە باسی نەوە جیاوازەکان و کێشەی نەوەکان دەکات، نەوەی مستەفا سەعید کە دیدێکی دوژمنکارانەی بۆ رۆژئاوا هەیە، هەروەها نەوەی حیکایەتخوان کە نەوەی دوای مستەفا سەعیدە و دیدێکی میانڕەوانە و ئاسایی بۆ رۆژئاوا هەیە، نەوەی (ولدڕیس)ی دواکەوتوو،

نەوەی (مەحجوب) و (حوسنە)ی خێزانی مستەفا سەعید نەوەی نوێن و کەسانی تێگەیشتوون، بە بۆچوونی من کوشتنی (ولدڕیس) لە لایەن (حوسنە)وە ئاماژەیە بۆ دروستبوونی گیانی بەرەنگاری هەم لەلای ئافرەت بەرامبەر بە پیاو کە هەمیشە بەرامبەری بێ دەسەلاّت بووە، هەم ئاماژەشە بۆ قبوڵنەکردنی دۆخی زوڵم و چەوسانەوە کە نەوەی کۆن بەرامبەر نەوەی نوێ ئەنجامی دەدات. بەلاّم لە هەمانکاتدا لەناوچوونی (حوسنە) و ئەو سۆزەی زۆربەی خەڵکی گوندەکە بۆ (ولدریس)ی نەوەی کۆن و کۆنەپەرست هەیانە و ئەو روانینە خراپەی بۆ حوسنە هەیانە، ئاماژەیە بۆ زەحمەتی ئەم بەرەنگارییە و پێویستی ماندووبوون وخەباتێکی زۆر بۆ ئەم بەرەنگارییە و رزگاربوون لە دەست دەسەلاّتی نەوەی کۆن.

## رەخنەگرتن لە دەسەڵاتداران و گەندەڵییەکانی حکومەت:

رۆمانەکە بە توندی رەخنە لە گەندەڵییەکانی حکومەتە عەرەبییەکان دەگرێت و باسی ئەوە دەکات کە گەلیان فەرامۆش کردووە، بەتایبەتیش ئەوانەی لە شار و شارۆچکە ئاساییەکان دەژین، زۆرترین کاریش بۆ پایتەختی ولاّتەکانیان دەکەن، ئەویش نەك لەبەر هاوولاّتییەکانیان، بەڵکو لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوەی دەسەلاّتداران خۆیانە. بەمەش پایتەخت وەك سەنتەرێك گرنگی پێ دەدرێت و شار و شارۆچکەکانی دیکەش وەك پەراوێزێك پەراوێز دەخرێن و بایەخیان پێ نادرێت.

((با جارێك قوتابخانە بنیات بنێن، ئەوجا گفتوگۆی یەکخستنەوەی فێرکردن بکەن، ئەم خەڵکە چۆن بیردەکەنەوە؟ کات بە کۆنفرانس و قسەی بێ ماناوە دەکوژن، کەچی منالّی ئێمەش چەندین میل دەبڕن تا دەگەنە قوتابخانەکەیان، باشە ئێمە بەشەر نین؟! ئەوە نییە باج و سەرانە دەدەین؟! چییە لەم ولاّتە مافمان نییە؟! هەموو شتەکان لە خەرتوومن، هەموو بودجەی دەوڵەت لە خەرتووم خەرج دەکرێت، یەك خەستەخانە لە مرۆی هەیە، سێ رۆژە رێیە، ژنان لەکاتی منداڵبووندا گیانیان دەردەچێت، لێرە مامانێکی پڕوپوخت و خوێندەوارمان نییە...ل١١٨)).

وەسفی سەرۆك و دەسەلاّتدارەکان بە شێوەیەکی ورد و لەسەریانەوە تا پێلاّویان، دەرخستنی بێ خەمی و بێ ئاگاییانە لەو گەلەی کە لە بندەستی ئەواندایە و وەسفێکی تەواو پێچەوانەی ئەوانیان بۆ دەبێت.

((سەروەرانی نوێی ئەفریقیا، ئەو دەمووچاو لووسانە، زاریان گورگ ئاسا بەش کردۆتەوە، مۆری بەردی گرانبەهایان بەدەستەوە، نێوچەوانیان بۆنی خۆشی لێدێ، جلی سپی و شین و رەش و سپی لە مەرەزی نایاب و ئاوریشمی گرانبەها، لەشێوەی چەرمی پشیلەی سیامی بەسەر شانیاندا دەخزێت، پێڵاوەکانیشیان رووناکی مۆمدانەکان دەخەنەوە و لەسەر مەڕمەڕەکە جیڕەیان دێ...ل١١٨-١١٩)).

لە باسکردنی یەکێك لەو هۆڵانەی کە سەروەرانی ئەفریقیا تیایدا کۆبوونەتەوە، رۆماننووس دەیەوێ پێمان بڵێت کە دەسەڵاتدارانی وڵاتە دواکەوتووەکان هەمیشە بڕوایان بە کەلوپەلە خۆماڵییەکان نییە و ئەو شتانەی خۆیان پێویستییانە لە وڵاتانی دیکەی دەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ مشەخۆری ئەم وڵاتانە و هەوڵ نەدانی دەسەڵاتداران و گرنگی نەدان بە بەرهەمهێنان لە وڵاتدا. بڕوانە چۆن وەسفی هۆڵی کۆبوونەوەکە دەکات کە بەناوی (سەربەخۆیی)ە و پێویستە ئەو وڵاتە ناوی هۆڵەکە کە (سەربەخۆیی)ە بسەلمێنێ و ئەوە بسەلمێنێ کە ئەم وڵاتە زۆر کەم پێویستی بە کەلوپەلی دەرەکییە، کەچی جگە لەو زەوییەی هۆڵەکەی لەسەر دروستکراوە، هیچ شتێکی دیکەی خۆماڵی تێدا نییە.

((نۆ رۆژی تەواو چارەنووسی پەروەردە و فێرکردنیان لە ئەفریقیا لە (هۆڵی سەربەخۆیی) تاوتوێ کرد، کە بۆ ئەم مەبەستە ئەم هۆڵەیان بنیات ناوە و زیاد لە ملیۆنێك جونەیهی تیا خەرجکراوە، تەلارێکی خڕە، لەبەرد و چیمەنتۆ و مەڕمەڕ و شووشە دروستکراوە، نەخشەسازییەکەی لە لەندەن کراوە، ژوورەکانی لە مەڕمەڕی سپین، لە ئیتاڵیا هێنراون، شووشەی پەنجەرەکان رەنگاوڕەنگن، بە وردی بە پارچەی بچووك بچووك لە تۆڕێك لە دارساج ریزکراون، زەوی هۆڵەکە بەقاڵبی گرانبەهای ئێرانی داپۆشراوە...ل١١٩)).

ئینجا وردتر دەڕوات و نموونەی یەکێك لەو وەزیرانە دێنێتەوە کە چۆن لە وتارەکانیدا باسی نەتەوەپەروەری دەکات و منەت بەسەر خەڵکەوە دەکات. ئەم وەزیرە لە وتارەکەیدا دەڵێت: ((نابێ دژایەتی لە نێوان واقیعی میللەت و ئەوەدا هەبێ کە قوتابی لە قوتابخانەدا فێری دەبێ، ئەمڕۆ هەریەکێك فێر دەبێ، دەیەوێ لەسەر کورسی دۆشەك نەرم و لەژێر پانکە بێ و ماڵەکەشی کۆندیشنی تیا بێ و بە باخچە دەور درابێ و بە ئۆتۆمبێلی پانوپۆڕی ئەمریکی بێ و بچێ...ل١١٩)).

کەچی ئەم وەزیرە خۆی نەك هەر بەم شتانەش رازی نییە، بەڵکو لە وڵاتەکەشی رازی نییە و کاتە پشووەکانی خۆی تێدا بەهەدەر نادات!!!

((ئەم پیاوە خۆی لە مانگەکانی هاویندا لە ئەفریقیاوە رادەکات بۆ فیلّتەی سەر دەریاچەی لۆکارنۆ، ژنەکەشی پێویستییەکانی خۆی لە هاڕودز لە لەندەن دەکڕێت و بە فڕۆکەی تایبەت بۆی دێت و ئەندامانی وەفدەکەی بە دەمی خۆیان دان بە گەندەڵی و بەرتیلخۆرییدا دەنێن، لەناویا نوقم بووە و خەریکی بازرگانی و کۆشك و تەلارە، سامانێکی بێ شوومارى لە عارەقی نێوچەوانی بەشمەینەتان لەشێوەی رووت و رەجاڵی دارستانەکان پێکەوە ناوە، ئەمانە کەسانێکن لە خەمی سك و ناوگەڵیان زیاتر هیچ خەمێکیتریان نییە، دادپەروەری و راستی لە دنیایا نەماون...ل١٢٠)).

## پێکدادانی شارستانییەتەکان:

(شیلا گرینۆد) کە کاراکتەرێکی رۆمانەکەیە و یەکێکە لەو ئافرەتە ئینگلیزە (سپیپێست)انەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی رۆمانەکە دەبەستێت، بە مستەفا سەعید دەڵێت ((ئەگەر بزانن حەزم لە پیاوێکی رەشە، دایکم شێت دەبێ و باوکیشم دەمکوژێ...ل١٣٧)). ئەمە ئاماژەیەکی روونە بۆ باسی ئەو ململانێیەی لە نێوان شارستانییەتییەکان هەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تیکەڵبوونی ئەم شارستانییەتانە و قبوڵکردنی یەکتر لەنێوانیاندا کارێکی ئاسان نییە.

لە رۆمانەکەدا چەندین ئاماژەی دیکەش هەن کە ئەو ململانێیە دەخەنەڕوو. هەندێك پێیانوایە (تەیب ساڵح) یەکەمین رۆماننووسی عەرەبە کە کاری لەسەر ئەم بابەتە کردووە. تەنانەت (هانز پیتەر کۆنش) کە رەخنەگرێکی ئەڵمانییە، پێی وایە "بەماوەیەکی زۆر پێش (سامۆئێل هانتگتۆن)، تەیب ساڵح باسی بابەتی ململانێی شارستانییەتەکانی کردووە".[٤]

## وەرزی کۆچ بەرەو باکوور و دەقئاوێزان:

پێشتر و لە فەرهەنگی کۆندا (ئێستاش لای هەندێك) ئەگەر دوو دەق لەیەکتر بچووبان، یان دەقێك، بەشێك یان بیرۆکەکەی لە دەقێکی پێشتر بچووبا و هاوشێوەییەك لە هەر چ لایەنێکەوە لە نێوان هەردوو دەقدا هەبا، ئەوا ناوی وەکو دزی و لێوەرگرتن و تێکهەڵکێشان و... بۆ بەکار

دەهێنرا، بەڵاّم لە فەرهەنگی نوێدا، ڕەنگە زاراوەی (دەقئاوێزان) وەك چەمکێکی نوێ، زۆر گونجاوتر بێت لەو چەمکانەی پێشتر بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنراون، "دەقئاوێزان زاراوەیەکە سەرنجڕاکێش و پەسند، چونکە زاراوەیەکی زۆر بەهێز و جوان و نموونەییە، لەگەڵ هێزی ڕەخنەی هاوچەرخ یەك دەگرێتەوە، پێشتر ئەو زاراوانەی کە لە دەقئاوێزان نزیك بوون، تێهەڵکێشان و لێوەرگرتن و ڕاستبێژی و ویستن و دزین و بەمێشکداهاتن بوو... ئێستا هەموو ئەو زاراوانە لە دوو توێی زاراوەیەکی نوێ تواوەتەوە تا شتێکی قوڵتر و بەرفراوانتر لە چەمکی زاراوە کۆنەکە بۆ زاراوە نوێیەکە بخەنەوە ".[٥]

لەلایەکی دیکە.. من پێموایە هەندێجار ئەوەی تۆمەتبار دەکرێت بەوەی دەقەکەی خۆی لە دەقێکی دیکە دزیوە، ڕەنگە ئەو دەقەی هەر نەدیبێ کە پێی تۆمەتبار دەکرێت، خۆ دەشێ بیرۆکەی دوو مرۆڤ لەیەکەوە نزیك بن و دەقێکی نزیك لە یەکتر دابڕێژن، بێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتر هەبێت، یان دەشێ هەندێجار لە ئاکامی خوێندنەوەی زۆر (وەك دەزانین هەموو نووسەرێك خوێنەرێکی جیدی و باشە) بیرۆکەی دەقێکی پێشتری لە(نەست)دا لا مابێ و دواتر بێ ئەوەی پێی بزانێ لە دەقێکی دیکەدا بەرجەستەی بکات. ئەوەی بە ئاشکراش لە دەقێك وەردەگرێ و نکوڵی لێ ناکات دەتوانرێ بە دەقئاوێزان ناوببرێ، دەقئاوێزانیش یەك جۆر و شێوازی نییە، بەڵکو چەندین شێوازی هەیە، "دەقئاوێزان لەبەرایی ڕێککەوتنندا، بەر لەوەی لە دەقێکی نوێ خۆی بەرجەستە بکات، لە ڕێگای وەیادهێنانەوە و گفتوگۆکردن بەقۆناغی خواستندا دەڕوات، هەر لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵێك کردار بەجێدەهێنێ، لەهەندێکیاندا بەسەر فیکرەی دەقەکاندا زاڵ دەبێت و لە هەندێکیان زاراوەکان هەڵدەمژێ، گفتوگۆ لەگەڵ هەندێ لە هەڵوێستەکان دەکات، دەست بەسەر هەندێ بڕگەدا دەگرێ، لەگەڵ هەندێ لە دەقەکان بەشێوەیەکی ڕووەکی دەچنە ناویەك، دەقی خوازراو دەگۆڕێ...تاد، ئینجا دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، پارچەکان لەیەك دەکاتەوە، دوای کۆکردنەوەی پارچەکانیش دەقئاوێزان چەشن و شێوەی قوڵ و جوانی تایبەت بە خۆی لە نێو دەقدا پێك دەهێنێ، بەمجۆرە دەقئاوێزان واتا هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە دەقەکانی پێشوو لە دەقی دوایی دەیوەشێنێ".[٦]

ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) یەکێکە لەو دەقانەی کە گەلێ شتی لەبارەوە نووسراوە بەوەی کە بیرۆکە و هەندێ لە وردەکاری و بەشەکانی لە دەقی دیکەوە وەرگیراون، بەتایبەتیش باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم ڕۆمانە، بەشێکی زۆری لە ڕۆمانی (لەناوجەرگەی تاریکی)ی جۆزیف کۆنرادەوە وەرگیراوە.

لەمبارەیەوە رەخنەگری ئوردنی (فەخری سالّح)، (تەیب سالّح) بە قەرزاری (جۆزیف کۆنراد) دەزانێت و دەڵێت: "بۆمان هەیە بڵێین رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور سەرلەنوێ نووسینەوەی داهێنەرانەی رۆمانی (لەناوجەرگەی تاریکی)ی رۆماننووسی بەریتانی بەرەچەڵەك پۆڵەندییە، کە تیایدا (تەیب سالّح) ئاراستەی گەشتەکە لە باشوورەوە بۆ باکوور دەگۆڕێت".[٧] دواتر دەنووسێت: "خاڵی لێکچوون لەنێوان هەردوو رۆماندا زۆرن".[٨]

هەروەها دکتۆر (هانز پیتەر کۆنش) کە رەخنەگرێکی ئەدەبی ئەڵمانییە، هەمان تێبینی لەسەر ئەم رۆمانە هەیە و پێی وایە خاڵی لێکچوون لە نێوان (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) و (لەناوجەرگەی تاریکی)دا هەیە".[٩]

(ئەمیر حەمەد) کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کارەکانی تەیب سالّح کردووە، پێی وایە تەیب سالّح لە نووسینی ئەم رۆمانەدا کاریگەری هەر یەکە لە دەقەکانی (گەڕەکی لاتینی)ی سوهێل ئیدریس و (لەناوجەرگەی تاریکی)ی جۆزیف کۆنراد و (گەڕان بەدوای سەردەمێکی ونبوو)ی ئەمیل پرۆست و کتێبی دەروونشیکاری (نامونتەمی)ی کۆڵن ویڵسنی بەسەرەوەیە.[١٠]

(عەبدولقدوس حاتەم) لە نووسینێکدا بە ناونیشانی (تەیب سالّح لە نێوان سیمبول و وەرگرتندا) باسی چەند دەقێکی کردووە و پێی وایە بەشەکانی ئەم رۆمانە لە هەر یەکێك لە وردەکاری ئەم دەقانە وەرگیراوە.

(عەبدولقدوس حاتەم) دەڵێت: "ژووری نووستنی (مستەفا سەعید) بەم بۆیە پەمەیی و رووناکییە سەوز و ئەرخەوانی و وەنەوشەییەی بەرێکوپێکی پەرشوبڵاو بووەتەوە و بەو بەرماڵ و سەرینە ئاوریشمییەوە، هەمان ئەو ژوورەیە کە لە شانۆگەری (گالیسکەیەك کە ناوی ئارەزووە)ی ولیامزە، هەروەها دەڵێت دوا دیمەنی کوشتنی (جین مۆریس) لەلایەن (مستەفا سەعید)، وەرگرتنێکی زیرەکانەیە لە شانۆگەری (وانە)ی نووسەری رۆمانی (ئۆجین ئۆنیسکۆ)".

مامۆستا عەبدولقدوس بەردەوام دەبێت لە هێنانەوەی دەق و بەراوردکردن لەنێوان رۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) و ئەو رۆمانانەی کە لێی وەرگیراون، بۆ ئەمەش نموونەی زۆر دەهێنێتەوە.[١١]

دەشێ ئەم وەرگرتنانە لەلایەن تەیب سالّحەوە بە ئاگایانە بن و تەیب سالّح بە مەبەست ئەم دەقانەی وەرگرتبێ، بۆ ئەوەی دواجار دەقێکی داهێنەرانەی لێ بەرهەم بێنێ، هەروەها بە

پێچەوانەشەوە دەشێ بێ ئاگایانە بێت و هەندێ لەو دەقانەی پێی تۆمەتبار دەکرێ، پێشتر نەیخوێندبنەوە.

(سەعید یەقتین) دوو جۆر لە (دەقئاوێزان) دەخاتەڕوو، یەکێکیان گشتی و ئەویتریان تایبەتییە، (دەقئاوێزانی گشتی) پەیوەندی دەقی نووسەرە بە دەقەکانی دیکەی نووسەرانی دیکەوە، (دەقئاوێزانی تایبەتی)ش پەیوەندی دەقەکانی نووسەرێکە لەگەڵ یەکتردا". [١٢]

بەم پێیە بێت تەیب ساڵح جۆری (دەقئاوێزانی گشتی) بەکارهێناوە و سوودی لە دەقی نووسەرانی دیکە وەرگرتووە نەك لێی دزی بن. ئەمە ئەگەر ئەو دەقانەشی دیتبێ، چونکە وەکو لە پێشەوە گوتمان دەشێ بیرۆکەکان هی خۆی بن و بەمجۆرە داپڕشتبنەوە.

### وەرگرتنی رۆمانەکە لە واقیعی راستەقینە:

هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە کە (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی رۆمانەکە، تەیب ساڵحی نووسەر خۆیەتی، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی خۆشی لە وڵاتی بەریتانیا ژیاوە، بەڵام ئافرەتێکی بەریتانی بە ناوی (جریزلدا تەیب) کە خێزانی نووسەرێکی گەورەی سوودانییە بەناوی (عەبدوڵڵا تەیب) لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەربارەی ئەم کەسایەتییە، (کەسایەتی مستەفا سەعید لە رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکووردا) نووسیوە و تیایدا ئەو رەت دەکاتەوە کە ئەم کەسایەتییە، کەسایەتی رۆماننووسەکە خۆی بێت. [١٣]

جریزلدا، تەیب ساڵحی لە نزیکەوە ناسیووە، شارەزای سوودان و بارودۆخی رۆشنبیری و مێژوو و رووداوە رووناکبیرییەکانی ئەو وڵاتە بووە و لەوێ گەڕاوە و ژیاوە، لە لێکۆڵینەوەکەیدا جریزلدا ئەوە رەت دەکاتەوە کە (مستەفا سەعید)، تەیب ساڵح بێت، چونکە راستە تەیب ساڵح لە ساڵی (١٩٥٢) چووەتە بەریتانیا و ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیاوە و لە بەشی عەرەبی (ئاژانسی بی بی سی) کاری کردووە، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەك لەوێ نەیخوێندووە و ئەوەندە خولیای ئافرەت نەبووە، وەك چۆن (مستەفا سەعید) کەسێکی بێ ئەندازە زیرەك بووە و لەوێ دکتۆرای بەدەست هێناوە و زۆر خولیای ئافرەت بووە، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە هەندێ رووداو و کەسایەتی دیکەی ناو رۆمانەکە لە رووداو و کەسایەتی راستەقینە وەرگیراون، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین پوختەی باسەکەی (جریزلدا تەیب) بخەینەڕوو کە پێم وایە بۆ خوێنەری کورد گرنگی هەیە.

بەپێی ڕۆمانەکە (مستەفا سەعید) لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا چۆتە بەریتانیا، بەڵام (تەیب ساڵح) لە پەنجاکان چووەتە بەریتانیا، نەك تەیب ساڵح، بەڵکو هیچ سوودانییەك لە بیستەکاندا نەچووەتە بەریتانیا و سوودانییەکان لە ساڵانی سییەکاندا چوونەتە ئەم وڵاتەوە، لێرەوە جریزلدا لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوە دەدۆزێتەوە کە (مستەفا سەعید)ی ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) بە تەنیا بەرجەستەکەری یەك تاکەکەس نییە، بەڵکو کەسایەتییەکی خەیاڵییە کە نووسەر لە چەند کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی سوودانییەوە وەریگرتووە و تێکەڵ بەیەکی کردوون و ئەم کەسەی لێ دروست کردووە.

لێکۆڵینەوەکە (مستەفا سەعید) دابەشی سەر سێ ئاست دەکات، ئەویش بەم شێوەیە:

یەکەم: مستەفا سەعید وەکو کەسێکی ئەکادیمی سوودانی کە لە لەندەن ژیان بەسەر دەبات.

دووەم: مستەفا سەعید وەکو (دۆن جوان)ێك[١٤] لە لەندەن کە ئافرەتان بۆخۆی ڕادەکێشێت و زۆر خەریکی پەیوەندی دانانە لەگەڵ ئافرەتان.

سێیەم: مستەفا سەعید و گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی یەکەمی.

بەم جۆرەش بە پێی لێکۆڵینەوەکە (مستەفا سەعید) تێکەڵەیەکە لە سێ کەسایەتی دیاری سوودانی کە لە ساڵی (١٩٤٥) حکومەتی سوودانی ڕەوانەی بەریتانیای کردوون بە مەبەستی خوێندن و ناوبانگێکی زۆریان هەبووە، تەیب ساڵحیش ئەوکاتەی چۆتە لەندەن، هەرسێ کەسایەتییەکەی ناسیووە کە ئەمانە بوون و بەم شێوەیە لە ڕۆمانەکەدا سوودی لێ وەرگرتوون.

یەکەم: دکتۆر (سەعدەدین فەوزی)، یەکەم سوودانی بوو کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پسپۆری لە بواری ئابووری بەدەستهێنا، هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی بەڕێزی هۆڵەندی پێکهێنا، ئافرەتەکە وەکو ئەوانە نەبوو کە (مستەفا سەعید) لەگەڵی ڕادەبواردن، دواتر دکتۆر سەعدەدین گەڕایەوە سوودان و پلەیەکی بەرزی ئەکادیمی پێ بەخشرا، لەساڵی (١٩٥٩) بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

وەرگرتنی پلەی باڵای ئەکادیمی لە بواری ئابووری لە لایەن (مستەفا سەعید)ەوە، لە دکتۆر سەعدەدین فەوزی وەرگیراوە.

دووەم: دکتۆر عەبدوڵڵا تەیب، لە پەنجاکان لە زانکۆی لەندەن زمانی عەرەبی تەواو کرد، پاشان لە هەمان زانکۆ لە کۆلێژی تووێژینەوەی ئەفریقی و ڕۆژهەڵاتی بووە مامۆستا،

هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی ئینگلیز پێکهێنا، ئەویش وەکو ئەو ئافرەتانە نەبووە کە (مستەفا سەعید) لەگەڵی رادەبواردن.

ئەوەی کە (مستەفا سەعید) هەر لە لەندەن دەبێتەوە مامۆستا لەو کەسایەتییەوە وەرگیراوە.

سێیەم: دکتۆر ئەحمەد تەیب، کەسایەتییەکی ئاڵۆز بووە و بیرمەندێکی رۆمانسی بووە، لە رووی سۆزدارییەوە بریندار بووە، زۆر سەرسامبووە بە (د. ه. لۆرانس) و بیرۆکەی خۆشەویستی ئازاد، رەنگە لە کاتی چوونی بۆ ئینگلتەرا، هەوڵی ئەوەی دابێ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتە ئینگلیزەکان دروست بکات، دووجار سەردانی ئینگلتەرای کردووە، لە جاری دووەمدا ئافرەتێکی بەریتانی خواستووە و هاوسەرگیرییەکەیان سەرکەوتوو نەبووە، پاشان گەڕایەوە سوودان و ئافرەتێکی سوودانی بەڕێزی خواست، ئەم ئافرەتە زۆر لە (حوسنە) دەچێت کە دواجار لە رۆمانەکەدا دەبێتە خێزانی (مستەفا سەعید)، بەڵام وەکو چاوەڕێ دەکرا، دکتۆر ئەحمەد تەیب لەگەڵ ئەویشدا سەرکەوتوو نەبوو. لە سوودان بە رێگایەکی تراژیدی و نادیار گیانی لە دەستدا، پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ رۆژنامەنووسی گەنج و بەتوانا (بەشیر محەمەد سەعید) هەبوو، ئەم رۆژنامەنووسە خەڵکی ناوچەیەکی گوندنشینی دوورەدەستی سوودان بوو، گوندەکە وەکو هەمان ئەو گوندەیە کە حیکایەتخوانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی لێیە.

لایەنی سۆزداری (بە زیادەڕەوییەوە) و خواستنی ئافرەتێکی ئینگلیز و وازلێهێنانی (کە لە رۆمانەکەدا دەبێتە کوشتنی) و دواتر خواستنی ئافرەتێکی رێکوپێکی سوودانی و لەناوچوونی بە شێوەیەکی نادیاری (مستەفا سەعید) لە رۆمانەکەدا، لەو رووداوانەی (دکتۆر ئەحمەد تەیب)ەوە وەرگیراوە.

هیچ کێشەیەکی تاوانکاری لە لەندەن بەو شێوەیە نەبووە کە پیاوێکی سوودانی خێزانە ئینگلیزەکەی خۆی یان خۆشەویستەکەی خۆی کوشتبێ، بەڵام رووداوێکی دیکەی کارەساتئامێز لەوێ روویدا کە ئەوکات لە رۆژنامەکانی بەریتانیا بە فراوانی بڵاوکرایەوە و دەنگی دایەوە، کێشەکەش ئەوە بوو، کچێکی بەریتانی بەناوی (ناوومی بیدۆك)، لەگەڵ کوڕێکی گەنجی سوودانی بە ناوی (عەبدولرەحمان ئادەم) یەکتریان خۆش دەویست و بەتەمای هاوسەرگیری بوون، هەردووکیان لە زانکۆی (کەمبریدج) دەیانخوێند، باوکی (عەبدولڕحمان) لەناکاو سەردانێکی ئینگلتەرای کرد و رێگری لەبەردەم ئەو پەیوەندی و هاوسەرگیرییە کرد، ئەمە بووەهۆی ئەوەی عەبدولڕەحمان ئارامی لێ ببڕێ و بە غاز خۆی کوشت، دوای چەند رۆژێك (ناوومی بیدۆك)یش بە هەمان ئامراز خۆی کوشت. لە سەروبەندی لێکۆڵینەوەکەدا پرۆفیسۆر (دان بیدۆك)ی باوکی

کچەکە وتارێکی خەمناکی پێشکەش کرد و هاوسۆزی خۆی بۆ ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە نیشان دا، ئەم وتارە زۆر لەو وتارە دەچێت کە باوکی ئەو کچە ئینگلیزەی (مستەفا سەعید) کوشتی لە دادگا پێشکەشی کرد.

دیمەنی دادگاییکردنەکە لەو دیمەنە دەچێت کە لەساڵی (١٩٤٧) لە بەریتانیا روویدا، پاسەوانی چێشتخانەیەکی سوودانی لە لەندەن بەناوی (محەمەد عەباس) تەقەی لە کابرایەکی (جامایك)ی کرد، دواتر حوکم درا و ناوبانگی چێشتخانەکەش بەد بوو، لەکاتێکدا سوودانییەکان زۆر سەردانی ئەو چێشتخانەیان دەکرد. (مستەفا سەعید)یش لە لەندەن حەوت ساڵ حوکم درا.

ئەو گوندەی کە (مستەفا سەعید) لە دوای گەڕانەوەی لێی نیشتەجێ بوو، شێوەی لە گوندەکەی تەیب ساڵح خۆی دەچێت، جریزلدا لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە خۆی سەردانی ئەو گوندەی کردووە و دەڵێت: "لێرەوە ژیانی تایبەتی تەیب ساڵح، تێکەڵ بە دیمەنەکانی رۆمانەکە دەبێت".

ئەو ژووورە تایبەتەی کە (مستەفا سەعید) لە گوندەکەدا بۆ خۆی دروستی کردووە، وەکو ئەو ژوورەی (محەمەد ساڵح شەنقیتی)یە، کە لە گەڕەکی (عەرەب)ی شاری (ئوم دەرمان)ە، شەنقیتی یەکێك بوو لە رووناکبیرە بەناوبانگ و دەستەبژێرەکانی سوودان، دیواری ژوورەکەی لە ژێرەوە تا بنمیچەکەی رەفەی کتێب بوو، بە فەرشی فارسی گرانبەها رازێنرابووەوە و کەلوپەلی دەگمەنی رۆمانیی لێ بوو، لە ساڵیادی مردنیدا کەلوپەلەکانی ژوورەکە پێشکەشی کتێبخانەی زانکۆی خەرتووم کران، ئەم ژوورە وێنەیەکی تەواوی ژوورەکەی (مستەفا سەعید)ە کە حیکایەتخوانەکە بۆمانی وەسف دەکات.

جریزلدا وەکو لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات، جگە لە خوێندنەوە دەربارەی ئەو رووداوانەی ئاماژەی پێکردوون، خۆشی لەگەڵ زۆرێك لە رووداوەکاندا ژیاوە، بەمەش پێکهاتە ئاڵۆزەکانی کەسایەتی (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی سەرەکی رۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) و ریشەی رووداوەکانی دیکەشی دۆزیوەتەوە، ئەوەش دەڵێت کە نابێ تەیب ساڵح ئاگاداری ئەم رووداوانە نەبووبێ کە ئەو باسی کردوون.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- وەرزی کۆچ بەرەو باکوور، (رۆمان)- ئەلتەیب سالّح. و: سەباح ئیسماعیل، بلاّوکراوەی ئاراس ژمارە (٦٨٣)، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە وەرگێڕانەکەی کاک (سەباح ئیسماعیل) وەکو کارەکانی دیکەی، یەکێکە لە وەرگێڕانە جوانەکان.

٢- ئەوەی لە نێوان ئەم دوو جووتکەوانەدایە ((...)) لە رۆمانەکەوە وەرگیراوە.

**٣- موسم الهجرة إلى الشمال- د. عبدالله إبراهيم.**

**موقع:** www.alriyadh.com

**٤- الإنكليزي الأسود على ضفاف النيل- د. هانز بيتر كونش.**

**موقع:** www.ibn-rushd.org

٥- نووسین، خۆکوژییەکی تەواونەکراو، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبی و فیکرییە- و: عەبدولموتەلیب عەبدوللاّ، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرەی (٦٠)، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠٠٦). ل١٠٨-,١٠٩

٦- هەمان سەرچاوە ل ,١٠٩

**٧- رواية عربية تحاور «قلب الظلام» لجوزيف كونراد- فخري صالح.**

**موقع:** www.daralhayat.com

٨- هەمان سەرچاوە.

**٩- الانكليزي الآسود على ضفاف النيل...**

**١٠- لماذا رواية موسم الهجرة الى الشمال- امير حمد.**

**موقع:** ww.sudanile.com

**١١- موسم الهجرة إلى الشمال في ميزان الأصالة- نزار محمد عثمان.**

**موقع:** www.meshkat.net

١٢- نووسین، خۆکوژییەکی تەواو نەکراو...ل,١١١

١٣- بابەتەکە بەم ناونیشانەیە: **من هو مصطفى سعيد بطل موسم الهجرة إلى الشمال؟ جريزلدا الطيب.**

بڕوانە ماڵپەڕی: www.aawsat.net

١٤- (دۆن جوان) یان (دۆن خوان)، کەسایەتییەکی ئەفسانەییە لە فۆلکلۆری ئیسپانیدا، هەندێکیش پێیان وایە کەسایەتییەکی مێژوویی راستەقینە بووە، بەپێی ئەفسانەکە: دون جوان زۆر سەرنجی ئافرەتانی بۆ خۆی راکێشاوە و بێ هیچ گرفتێك زیاتر لە هەزار ئافرەتی لە خشتەبردووە، بێ ئەوەی ئەو ئافرەتانە لێی بێزار بن. بڕوانە ماڵپەڕی وێکیپیدیا.

# دژیەکی کولتوورەکان

# لە رۆمانی (شیکاگۆ)دا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: شیکاگۆ**

**نووسەر: عەلا ئەسوانی**

**وەرگێڕ: سەباح ئیسماعیل**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٩**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**

دکتۆر عەلا ئەسوانی نووسەری رۆمانی (**شیکاگۆ**)* ، کەسێکی میسرییە و خوێندنی باڵای لە بواری پزیشکی ددان لە شاری شیکاگۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواو کردووە، واتا هەمان ئەو شارەی کە رۆمانەکەی بەناوەوە کردووە و بەشێکی رووداوەکانی تێدا روودەدات.

بە خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، وا هەست دەکەی کە ئەسوانی بۆ نووسینی رۆمانەکەی سەردانی ئەمریکای کردووە و چۆتە ئەم شارە، لە بەشە کۆلیژەکانی زانکۆی (ئەلینۆی) و لە ناو قوتابیەکان گەڕاوە و ماوەتەوە، نەك بۆ ئەوەی لەم شارە بخوێنێ، چونکە بە وردی قسە لەسەر هەردوو کولتووری میسری و ئەمەریکی دەکات، ئەویش لە میانەی کەسایەتییە میسری و ئەمەریکییەکانی ناو رۆمانەکە (وەکو رەخنەگران دەڵێن) ئەم رۆمانە ئەوەندەی رۆمانی کەسایەتییەکانە، ئەوەندە رۆمانی رووداوەکان نییە و نووسەر لە رێگای کەسایەتییەکانەوە تیشك دەخاتە سەر پێکهاتە ئاوێتە و دژبەیەك و تێکەڵاوەکانی هەردوو کولتووری میسری و ئەمەریکی.

## کۆمەڵگای ئەمەریکی:

لەم رۆمانەدا کولتوور و واقیعی کۆمەڵگای ئەمەریکی بە هەردوو لایەنی ئیجابی و سەلبی خراوەتەڕوو. کۆمەڵگای ئەمەریکی لە ڕووی زانستییەوە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووە و باشترین دکتۆر و زاناکانی جیهان لەوێن و قوتابیان لە هەموو جیهانەوە دەچن بۆ ئەوەی لەوێ فێربن و پلەی باڵای خوێندن بەدەست بێنن، هەروەها لەوێ هەموو کەسێك بە مافی خۆی، دەگاتە پلەکانی خوێندن و پەیوەندی بەوەوە نییە کە کەسێك کاربەدەست بێت یان سەر بە دەوڵەت بێت و دەستڕۆیشتوو بێت، ئینجا بگاتە پلە باڵاکانی خوێندن و ئاستی بەرزبکرێتەوە و ئاسانکاری بۆ بکرێت، یان بە پێچەوانەوە کەسێکی بێدەسەڵات و بێ پشت و پەنا بێت و فەرامۆش بکرێت، وەکو چۆن لە رۆژهەڵات و وڵاتە دواکەوتووەکان وایە، تا دەسەڵاتدار و پارەدار و دەستڕۆیشتووەکان هەبن، خوێندنی باش و پلەی بەرز بۆ ئەوانە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئەمەریکییدا بەو شێوەیە نییە، ئەمەش لە نموونەی (ئەحمەد دەنانە) بە دیار دەکەوێ، (دەنانە) قوتابییەکی میسرییە و یەکێکە لە نێردەکانی وڵاتەکەی بۆ خوێندن لە ئەمریکا، لە باڵیۆزخانەی میسری و دەزگای هەواڵگری وڵاتەکەی نزیکە، کراوەتە سەرۆکی یەکێتی ئەو

خوێندکاره میسرییانەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخوێنن و چاوەڕێی ئەوە دەکات هەرکاتێ گەڕایەوە میسر، پۆستێکی بالآی لە حکومەت پێبدرێت و ببێتە کەسێکی دەستڕۆیشتوو، بە هۆی کارە حکومی و هەواڵگرییەکانیشییەوە لە خوێندن دوا دەکەوێت، هەرچەندە هەوڵدەدات ئەو پلەوپایەی هەیەتی بۆ دەرچواندنەکەی و تێپەڕاندنی خوێندنەکەی بەکاری بێنێ و ئەمە لە زانکۆ ئەمەریکییەکە و لای مامۆستا ئەمەریکییەکان ببێتە واستەیەك بۆی (بە هەمان ئەو عەقلیەتەی لە رۆژهەلآت و ولآتە دواکەوتووەکان هەیە، بان لە ولآتەکەی خۆی هەیە)، بەلآم لەمەدا سەر ناکەوێ و ئەمە دادی نادات، حەوت سالآن بۆ دکتۆرا لە بەشی هیستۆلۆژی زانکۆی ئەلینۆی لە شیکاگۆ دەخوێنێ، کەچی دەرناچێت، دواجار بە مەبەستی دەرچوون، ساختەکاری لە توێژینەوەکانی دەکات و بەمەش لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت. ئەمە یەکێکە لە نموونەی کولتووره باشەکانی ئەمریکا.

بەلآم لە بەرامبەر ئەو باشییانەی ئەمریکادا، (عەلا ئەسوانی) لە رۆمانەکەیدا باس لە کولتووره خراپەکانی ئەمریکاش دەکات، باسی ئەوە دەکات کە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕووی کۆمەلآیەتی و دەروونییەوە نەخۆشە، کۆمەڵگایەکی رەگەزپەرستە، بە تایبەتیش بەرامبەر بە رەشپێستەکان، بە گەڕانەوە بۆ مێژووی شاری شیکاگۆ، ئاماژە بە سەرەتای دروستبوونی ئەم رەگەزپەرستییە دەکات کە تا ئێستاش درێژەی هەیە:

((داگیرکەرە سپییەکان شەڕێکی لەناوبەری تۆقێنەریان بەرپاکرد، لەو جەنگەدا ٥ بۆ ١٢ ملیۆنیان لە هیندییە سوورەکان لە سەرانسەری ئەمریکادا کوشت.. هەر کەسێك مێژووی ئەمریکا بخوێنێتەوە، دەبێ لە بەرامبەر ئەم ناکۆکییەدا بوەستێت، ئەو داگیرکەرە سپیانەی بە ملیۆنان هیندیان کوشت و دەستیان بەسەر زەوییەکانیان داگرت و سامانی زێڕیان تالآن کرد، لە هەمان کاتدا، فەلەی تا بلێی بە ئیمان و باوەڕدار بوون. ئەم دژایەتییە هەینێ بەدەر دەکەوێت، کاتێ رای باوی ئەو سەردەمە پێ بزانین. زۆرێك لە زەوتکەرە سپییەکان لەو بڕوایەدابوون کە (سەرەڕای ئەوەی هیندییە سوورەکان هەرچۆنێك بێت ئافەریدەی خودان، لێ بە رۆحی عیسا نەخولقاون بەڵکو بە رۆحێکی شەڕەنگێزی ناتەواوی دی گووراون) هەندێکیشیان بە دڵنیاییەوە جەختیان دەکردەوە (هیندییە سوورەکان ئاژەڵێکن بۆ خۆیان، ئافەریدەگەلێکی بێ رۆح و بێ ویژدانن، بۆیە خالێن لەو بەها مرۆییانەی پیاوی سپی هەڵی گرتووە...ل٩-١٠)).

دوای ئەوەی لە رووی مێژووییەوە تیشکی خستە سەر ئەو رەگەزپەرستییەی ئەمریکاییە سپیپێستەکان، لە ئێستاشدا لە رێگای کەسایەتی (کارۆڵ)ەوە کە ئافرەتێکی رەشپێستە،

ئاماژە بەو چەوسانەوەیە دەکات کە لەو ولاّتە دژی رەشپێستەکان دەکرێت و کاریان پێ نادرێت و لەکارەکانیان دەردەکرێن:

((لە هۆڵەکە دادەنیشێت و پەڕەی کاردۆزینەوەی رۆژنامەکانی شیکاگۆ تریبیوون، سەن تایمز و ریدەر.. لەبەردەم خۆی دادەنێت و خۆی بۆ پێوەندیکردن ئامادە دەکات. زۆر لە خۆی دەکات تۆنی دەنگی بگونجێنێت، تاکو وا دیار بدات بە بایەخدانێکی بەرزەوە سووسەی دەرفەتەکارێکی بەتاڵ دەکات.. خۆ ئەو رەشپێستێکی لەکارکەوتوو نییە تاکو باربووی بکەن.. ئەو برسی نییە، ناشپاڕێتەوە و داواش لە کەس ناکات بەزەیی پێدابێتەوە. تەنیا هەواڵی کارێك دەپرسێت کە بە دڵییەتی، هەر ئەوەندە و بەس، وەکو ئەوەی پرسیاری بلیتی ئاهەنگێکی مۆسیقی، یاخود کاتی داخستنی ئەو رێستورانتەی بەلایەوە باشترینە بکات.. ئەگەر ئەوی دەیەوێت بە دەستی بێنێت ئەوە دڵخۆش دەبێت، خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەوەش روویدا خۆ دنیا کاول نابێت.. ئەمە ئەو شێوازە بوو کە بۆ بەرهەڵستیکردنی ریسوایی دایهێنابوو، گشت جارێك هەمان پرسیار و هەمان وەلاّمیشی دەدرایەوە.. لە کۆتایی رۆژیشدا ئەدرێسەکان لەبەردەمیدا کۆمەڵ دەبوون، بە درێژایی چەند مانگێك بۆ زۆرینەی شوێنەکانی شیکاگۆ رۆیشت و بۆ چەندین وەزیفەی جیاجیا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردن، سکرتێرە و کارمەندی پێشوازی، یاوەری منداڵ و سەرپەرشتیاری دایەنگا، کەچی ئینجاش هیچ کارێکی چنگ نەکەوت...ل ٢٢١)).

کارۆڵ هەرچەندە مێردەکەی دکتۆرێکی سپیپێستە، بەلاّم ئەمە نابێتە هۆکار و شەفاعەتێك بۆ ئەوەی رەگەزپەرستی لە بەرامبەردا نەکرێت، ((کەچی جیاوازی لە رەنگدا ئاریشەی زۆری بۆ دروستکردن.. ئەم سپییە و ئەویش رەش، کاتێك دەست لەملانەی یەکدی دەبوون، یاخۆ رازی دڵیان بۆ یەکتر دەردەخست تەنانەت دەستیان لەناو دەستی یەکدی بووایە، ئەوە هەستی رەگەزپەرستی گەلێکیان دەبزواند، هەر لە کیژە گەرسۆنە سپییەکانی چێشتخانە و مەیخانەوە، ئەوانەی بە ساردی و بێشەرمییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن، تا تەماشاکردنی هەندێك لە مشەخۆرە نەگریسەکانی شوێنە گشتییەکان، تەنانەت برێك لە دراوسێکانی گراهام هەینێ بەرێکەوت تووشیان دەبوون، رووی قسەیان لەو دەکرد و کارۆڵیان وا پشتگوێ دەخست، چوون ئەویان نەبینیبێت...ل ١٥٨)).

بەشێکی تر لە سەلبیاتەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئەوەیە کە سەرمایەداری کۆنترۆڵی کردووە و لە رووی کۆمەلاّیەتییەوە هەمیشە خێزانەکانیان تووشی لێکهەڵوەشانەوە دەبن. دەربارەی هەبوونی رێژەیەکی دیاریکراوی سەرمایەدار و رێژەیەکی زۆری هەژاران دەنووسێت:

((دەسەڵاتدارانی ئەمریکا رۆڵەی هەژاران بەرەو مەرگ بۆ ڤێتنام دەنێرن، تاکو سوود و قازانجیان بە ملیۆنان زیاد بکات. لەهەمانکاتدا رۆڵەکانی خۆیان ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی و دوور لە مەترسی دەبەنە سەر، خەونی ئەمریکی خەیاڵە. پێشبڕکێیەکی بێکۆتاییە و کەسی تێدا براوە نییە، لە میانەیدا پاڵ بە ئەمریکییەکانەوە دەنێن هەر بۆ ئەوەی ماڵ و ئۆتۆمبیلی گرانبەها و شوێنی حەوانەوە لە لادێ بەدەست بهێنن، مل بە کاری قورس و ململانێیەکی سەختی بێبەزەییانەوە بنێن.. ژیانیان بە راونانی تراویلکەوە دەبەنەسەر و لە دوادوایی تەمەنیاندا بۆیان دەردەکەوێ فریو دراون، هەڵبەت ئەنجامی پێشبڕکێکەش بەر لە دەستپێکردنی بڕیاری لەسەر دراوە و بڕاوەتەوە:

تاقمێکی ملیۆنێر دەست بەسەر هەمووشتەکاندا دەگرن.. ئەوانەی پەنجا ساڵە رێژەیان لەچاو ژمارەی دانیشتوانەوە بە هیچ شێوەیەك زیادی نەکردووە، لە کاتێکدا ژمارەی نەداران لە زیادبوونێکی بێ وێنە و بەرباد دایە...ل ١٥٣)).

هەروەها نموونەی چەند گەڕەکێکی شاری شیکاگۆ دەهێنێتەوە کە بەردەوام توندوتیژییان تێدا ئەنجام دەدرێت، ماددەی هۆشبەریان تێدا دەخورێت، خەڵکی ئاسایی ناوێرن بچنە ئەو گەڕەکانەوە و حکومەتیش فەرامۆشی کردوون، ئەمەش نموونەیەکی دیکەی جیاوازیکردنە لە کۆمەڵگای ئەمەریکی.

## کۆمەڵگای میسری:

کولتووری کۆمەڵگای میسری وەکو هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی رۆژهەڵات، پڕە لە دژیەکی و گرێ و پابەندی بە دابونەریت و ئایین و (کە لە هەندێك شتدا کردەوەی دژ بە ئایینیش ئەنجام دەدرێت، کەچی لەسەر دروشمە رواڵەتی و بەرچاوەکانی ئایین بەردەوامن) بۆ نموونە (ئەحمەد دەنانە) سەرەڕای ئەو کارە خراپانەی دەیکات، لەگەڵ خێزانەکەی خراپە و دەستی لەگەڵ هەواڵگری وڵاتەکەی تێکەڵە و بەرامبەر قوتابییە میسرییەکان توندە، کەچی هیچ کاتێك لە نوێژەکانی دواناکەوێت و فەرزە ئایینییەکان جێبەجێ دەکات.

تاکەکانی ئەمجۆرە کۆمەڵگایە، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ لە کۆمەڵگاکەی دووربکەوێتەوە و نکوڵی لە شوناسەکەی بکات، دواتر بە ئاگایی یان نائاگایی، هەر بۆ ئەم شووناسە دەگەڕێتەوە، یان رەنگدانەوەی کولتووری کۆمەڵگاکەی لەسەر دەبێت. وەکو لە

نموونەی (ڕەئفەت سابت) دەردەکەوێت کە پڕۆفیسۆرێکی میسرییە و چەند دەیەیەکە لە ئەمریکا ژیان بەسەر دەبات، لە بەشی هیستۆلۆژی زانکۆی (ئەلینۆی) وانە دەڵێتەوە، خێزانەکەی ئەمەریکییە و کچەکەشی کوڕێکی ئەمەریکی خۆش دەوێت، ئەم دکتۆرە هەمیشە نکوڵی لە میسریبوونی خۆی دەکات، بەڵام لە ڕەفتاریدا زۆر دژی ئەو هەڵسووکەوتە ئەمەریکییەیە کە ژنەکەی و کچەکەی ئەنجامی دەدەن، کەچی جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو ئەمەریکییە نەك میسری:

((من ئەمریکیم.. من کچەکەشم لەسەر بەهای ئەمریکی پەروەردە کردووە، من بۆ یەکجاری لە دواکەوتووی ڕۆژهەڵات ڕزگار بووم...ل ٦٧)).

بەڵام ناتوانێ واز لەو بەها و کولتوورە ڕۆژهەڵاتییەی بێنێ کە بە عەقلیەتی ڕۆژهەڵاتییانە پارێزگاری لە کچەکەی بکات، نەك بە عەقلیەتی ئەمەریکییەکان پێی ئاسایی بێت کچەکەی بە ئازادی هەڵسووکەوت بکات، (لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە کە عەقلییەتی ئەمەریکییەکان باشترە یان هی میسرییەکان، بەڵکو قسە لەسەر پابەندبوونە بە عەقلییەتی کۆنی خۆی) بۆیەش ڕەئفەت گلەیی لە کچەکەی دەکات بەوەی زۆر گوێڕایەڵی نابێت، بەمەش دکتۆر سەلاح ئەوەی بیر دێنێتەوە کە:

((سارە ئەمریکییە ڕەئفەت.. سەرجەم کچانی ئەمریکا ماڵیان جێدێڵن، تا ژیانێکی سەربەخۆ لەگەڵ دۆستەکانیاندا ببەنە سەر.. تۆ خۆت لە من باشتر ئەمە دەزانی... لەم وڵاتەدا ناتوانیت دەست بخەیتە کاروباری تایبەتی منداڵەکانتەوە...ل ٦٦)).

ترسەکەی ڕەئفەت لە جێگای خۆیدا بوو، چونکە دواجار کوڕە ئەمریکییەکە خیانەتی لێ دەکات و پاش ئەوەی وەکو هاوسەری خۆی دەیبات، دوای ماوەیەك ڕەئفەت تەرمی کچەکەی لە نەخۆشخانەیەك دەدۆزێتەوە، بەڵام گرفتەکەی ڕەئفەت لەوەدایە دان بەو ناشرینییانە نانێت کە لە کولتووری ئەمەریکیدا هەن، دان بەوەدا نانێت کە ئەو هێشتا سروشتی ڕۆژهەڵاتییانەی تێدا ماوە.

لە جێگایەکدا مامۆستا ئەمەریکییەکانیش پشتگیری ئەوە دەکەن (ناجی عەبدولسەمەد) لە بەشەکەیان وەربگرن کە قوتابییەکی میسرییە و لە میسرەوە بۆ خوێندن نێردراوەتە ئەوێ، بەڵام (ڕەئفەت سابت) ڕەتی دەکاتەوە و پێی باش نییە وەربگیرێ، ئەویش بەو پێیەی کە میسرییەکان دواکەتوون، تەنانەت لە کۆبوونەوەکەدا مامۆستایەکی ئەمەریکی (هاوشانی مامۆستایەکی دیکەی میسری بەناوی سەلاح محەمەد) هۆشداری دەدەنە ڕەئفەت بەوەی

زیادەڕەوی کردووە لەوەی کۆمەڵگای میسری زۆر بە دواکەوتوو ناو دەبات. واتا مامۆستا ئەمەریکییەکان بەرگری لە میسرییەکە دەکەن و ئەو کە میسریشە دژی دەوەستێتەوە. پێی وایە رۆژهەڵات کولتوورێکی دواکەوتوانەی هەیە و ئەو توانیویەتی خۆی لێ رزگار بکات:

((بەو حسێبەی رۆژێك لە رۆژان میسری بوومە، زۆرباش دەزانم میسرییەکان چۆن بیر دەکەنەوە، ئەوان لە پێناوی زانستدا فێر نابن، ئەوان ماستەر و دکتۆرا بەدەست دێنن، نەك لەبەر توێژینەوە زانستییەکان بەڵکو لەپێناو بەدەستهێنانی بەرزکردنەوەیەك، یاخود گرێبەستێك لە ولاّتانی کەنداودا، ئەم خوێندکارە ماستەرنامەکەی لە نۆرینگەکەیدا لە قاهیرە هەڵدەواسێت، تاکو قەناعەت بە نەخۆشەکان بهێنێت، کە توانای چاکبوونەوەیانی هەیە...ل٢٦)).

یەکێکی تر لە گرفتەکانی کۆمەڵگای رۆژهەلاّتی بە گشتی و کۆمەڵگای میسری (کە عەلا ئەسوانی باسی لێوە دەکات) ئەوەیە، هەمیشە ناتوانێ جیاوازی لەنێوان ئەو کەسانەدا بکات کە دڵسۆزن بۆ نەتەوەکەی و ئەو کەسانەشی خیانەتی لێ دەکەن، یان خۆی لێ دەبوێرن.

بۆ نموونە ((رەئفەت سابت)) کە هەمیشە حاشا لە میسریبوونی خۆی دەکات و کۆمەڵگای میسری و رۆژهەلاّتی بە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دادەنێت، هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو کەسێکی ئەمەریکییە نەك میسری، کەچی لە ناو قوتابییەکانی ئەویێ وەکو کەسێکی میسری بەدیار دەکەوێ.

لەبەرامبەردا (کەرەم دۆس) کە پرۆفیسۆرێکی قبتییە و هەمیشە بەرگری لە بەهاکانی میسر دەکات، بە دڵسۆزییەوە کار بۆ بەرەوپیشبردنی بارودۆخە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکانی میسر دەکات و لەسەر بەرگریکردنی لە میسریبوونی تووشی گرفت دەبێ، کەچی بە چاوی خائین سەیر دەکرێت.

عەلا ئەسوانی لە رێگای کەسایەتی (شەیما محەمەدی)یەوە ئاماژە بە داخراوی کۆمەڵگای میسری دەکات، کە تەنانەت لە رووی جوگرافیشەوە گەڕان و سەردانکردنیان کەمە، ئەمەش وا دەکات کاتێ دەچنە هەر شوێنێکی دیکەی دەرەوەی جوگرافیای ناوچەکەی خۆیان، زۆر زەق و بەرچاو دەبن و نازانن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرە تازەکەیان بکەن، ((شەیما محەمەدی لە کوێ ئەم هەموو مێژووە بزانێت، لە کاتێکدا گشت ژیانی لە تەنتا بردووەتە سەر؟! بە دەگمەن نەبێت جێی نەهێشتووە:

بۆ قاهیرە بۆ ئامادەبوونی لە زەماوەندی خزمێکیدا، یاخود بە منداڵی بۆ ئەسکەندەرییە، بۆ بەسەربردنی هاوین لەگەڵ خێزانەکەیدا ؟!

بەم ئاوایە شەیما لە تەنتاوە بۆ شیکاگۆ هات... تەنیا جارێك، بێ خۆ ئامادەکردن، یا خۆ ڕێکخستن، چوون یەکێك بێ ئەوەی مەلەوانی بزانێ بە تەواوی جلەکانیانەوە خۆی فڕێ بداتە ئاوەوە... هەر یەکێك بینیبێتی بەناو کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی ئەلینۆیدا... (بە جلە فەرمییە پانوپۆڕەکەی و سەرپۆشەکەی سینگی داپۆشیبوو، هەروەها بە پیلاوە نزمەکەی و هەنگاوە گەورە و رووخسارە دەشتەکییە خاڵی لە سووراو و سپیاو و زمانە ئینگلیزییە قورسە تێکشکاوەکەیەوە، کە زۆرجاران وای دەکرد تێگەیشتن لێی بە ئاماژەکردن ئاسانتر بێت، وەك لە قسەکردن)...ل ١٤)).

بۆیەش کاتێ شەیما محەمەدی بەم داخراوییەوەوە میسر جێ دێڵێ و دەچێتە ئەمریکا، هەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگایەی پێ سەیر و سەمەرەیە و سەرەتا تەحەمولی ناکات، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی خەونێك بە باوکییەوە دەبینێت و هانی دەدات بۆ مانەوە لەم وڵاتە، لەوێ دەمێنێتەوە.

بینینی ئەم خەونەش بەڵگەیەکی تری دواکەوتوویی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتییە، کە عەلا ئەسوانی بۆمانی دەردەخات، لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا زۆربەی کات، ئایندە لەسەر خەون و ئەفسانە و خورافیات بنیاد دەنرێت و واقیع لەبەرچاو ناگیرێت، بە گوێرەی خەونەکەی شەیما، بە مانەوەی لە ئەمریکا، شەیما محەمەدی گرفتی بۆ دروست نابێت و سەلامەت دەردەچێت، ئەمە راسپاردەی باوکییەتی لە خەونەکەدا، کەچی دواجار لەوێ گرفتی زۆری بۆ دروست دەبێت، تەنانەت دەگاتە ئەو رادەیەی کچێنی خۆی دەدۆڕێنێ، لەکاتێکدا شەیما کچێکی دیندار و داخراو بووە، دووربووە لە تێکەڵبوونی لەگەڵ رەگەزی پیاو.

یەکێك لەو کەسایەتییانەی کە لە رۆمانەکەدا جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکە هەیە، کەسایەتی (ناجی عەبدولسەمەد)ە.

رووداوەکانی رۆمانەکە، لە رێگای کەسی سێیەمی نادیارەوە دەگێڕدرێتەوە، واتا کەسێکی نادیاری ئاگادار بە هەموو شتەکان هەیە کە رووداوەکانی رۆمانەکە دەگێڕێتەوە، (ناجی عەبدولسەمەد) تاکە کاراکتەرێکی ناو رۆمانەکەیە کە خۆی یاداشتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، تەنانەت لە رۆمانەکەدا یاداشتەکانی ئەو لەڕووی فۆنتی نووسینیشەوە بە شێوەیەکی جیاواز لەوانی دی نووسراوە.

ناجی قوتابییەکی میسرییە، سەرەڕای هەبوونی نەیار لە ناو مامۆستاکانی زانکۆی ئەلینۆی بۆ وەرگرتنی، دواجار لەو زانکۆیە وەردەگیرێ، کەسایەتییەکە لە خەمی

نیشتیمانەکەیدایە، زیاتر وەکو کەسێکی یاخی دەردەکەوێت کە دژی دەسەڵاتی زۆرداری وڵاتەکەیەتی و لە ئەمریکاوە هەوڵی ئەوە دەدات، شۆڕشێك دژی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی ئەنجام بدات، کاتێ سەرۆکی میسر سەردانی ئەمریکا و لەوێش سەردانی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی دەکات، ئەو نەك یەکێك نییە لەوانەی لە ریزی پێشوازیکەرە میسرییەکانی ئەو وڵاتە ببینرێت، بەڵکو یەکێکە لەو کەسانەی رێگای پێنادرێت بچێتە هۆڵی کۆبوونەوەی ئەو میسرییانەی بڕیارە سەرۆك لە مەراسیمێکدا قسەیان بۆ بکات، چونکە لەگەڵ چەند کەسێکی تر (کە بیرۆکەکە هی خۆیەتی) بەیاننامەیەك دژی سەرۆکی وڵات دەردەکەن و داوای چاکسازی لە وڵات دەکەن، دەیانەوێ هاتنی سەرۆك بقۆزنەوە و بەیاننامە ناڕەزاییەکەی لەبەردەمیدا بخوێننەوە. دوای ئەوەی باڵیۆزخانەی میسری بەمەی زانی رێگای نادەن کە ئەو و چەند کەسێکی دی بەشداری کۆبوونەوە جەماوەرییەکە بکەن و لەبەردەمیدا بەیاننامەکە بخوێننەوە، بە هۆی ئەم رێلێگرتنەش لەگەڵ پڕۆفیسۆر (کەرەم دۆس)ی قیبتی، خەڵك کۆ دەکەنەوە و خۆپێشاندانێکی ناڕەزایی دژی سەردانەکەی سەرۆك رێك دەخەن.

(ناجی عەبدولسەمەد) تاکە کەسێکی ناو رۆمانەکەشە کە چارەنووسی دیار نامێنێ و لەناکاو ون دەبێت بێ ئەوەی بزانین چی بەسەرهات؟!

بە هۆی ئەوەی عەلا ئەسوانی خۆی لەم شارە و لەو شوێنانە بووە کە رووداوەکانی رۆمانەکەی تێدا روودەدات، هەروەها کەسێکی چەپیشە و بەردەوام رەخنە لە حکومەتی وڵاتەکەی دەگرێت، رەخنەگرەکان وای بۆ دەچن کە کەسایەتی (ناجی عەبدولسەمەد) کەس نییە جگە لە خودی (عەلا ئەسوانی) خۆی، هەرچەندە ئەسوانی خۆی لە چەند چاوپێکەوتنێك ئەمەی رەتکردۆتەوە کە (ناجی عەبدولسەمەد) خۆی بێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە وەرگێڕانی ئەم رۆمانە بۆ زمانی کوردی لە لایەن وەرگێڕی بە توانا (سەباح ئیسماعیل)، وردبینی پێوە دیارە و شایانی پێزانینە کە کارێکی جیهانی بە ئێمە ناساندووە، چونکە ئەم رۆمانە لەسەر ئاستی جیهان دەنگی دایەوە و بۆ نزیکەی سی زمانی جیهانی وەرگێڕدرا و گەلێ بابەتی لەسەر نووسراوە.

**** شیکاگۆ (رۆمان). ن: عەلا ئەسوانی. و: سەباح ئیسماعیل- چاپی یەکەم (٢٠٠٩). لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ژمارە (٨٤٧).***

# هاوتەریبی کێشەکانی کۆمەڵگا

# لە ڕۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان)دا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: باڵەخانەی یاقوبیان**

**نووسەر: عەلا ئەسوانی**

**وەرگێڕ: سەباح ئیسماعیل**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٩**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**

## پێش خوێندنەوە:

وەرگێڕانی ڕۆمانی (***باڵەخانەی یاقوبیان***)* ی عەلا ئەسوانی لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا (سەباح ئیسماعیل) کە وەرگێڕانێکی ورد و جوانی بۆ کردووە, جگە لەوەی وەك وەرگێڕانی هەر بابەتێکی دیکە و گواستنەوەی کولتووری (ئەویتر) بۆ ناو کورد و بۆ سەر زمانی کوردی گرنگی خۆی هەیە, بە بۆچوونی من گرنگی وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە دوو خاڵی دیکەشدایە:

١- عەلا ئەسوانی ڕۆماننووسێکی بە توانایە, نەك تەنها لەسەر ئاستی میسر, بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ناسراوە و ڕۆمانەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون, بۆیە پێویستە خوێنەری کوردیش لە خوێندنەوەی بێبەش نەبن, بەو جیهانە ئاشنا بن کە تاڕادەیەك کێشە و ڕووداوەکانی لە واقعی کۆمەڵگای کوردی نزیکە.

٢- فیلمی (بالاخانەی یاقوبیان) کە هەردوو هونەرمەندی بەناوبانگی میسری (عادل ئیمام) و (نور شەریف) ڕۆلیان تێدا بینیووە و لەم ڕۆمانەوە وەرگیراوە, هەرچەندە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و ڕێژەیەکی زۆری بینەری کوردیش بەم فیلمە ئاشنان, بەلام (وەکو سەباح ئیسماعیلی وەرگێڕیش ئاماژەی پێ کردووە) ئەم فیلمە گەلێکی لە ڕۆمانەکە لێ قرتێندراوە و دەستکاری کراوە و دەستکاریکردنەکەشی بە لایەنی جوانیدا نییە, بەڵکو لە بەهای ڕۆمانەکەی کەم کردۆتەوە, بۆیە گرنگە خوێنەری کورد بزانێ کە ڕۆمانەکە لە فیلمەکە جوانترە و بەوە نییە فیلمەکە ناوبانگێکی زوری دەرکردووە و هونەرمەندی بە توانا ڕۆلیان تێیدا بینیووە.

لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم نووسینەی من هیچ پەیوەندی بە فیلمەکە و بە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکەشەوە نییە کە لەو ڕۆمانە وەرگیراون (چونکە ڕۆمانەکە هەم کراوەتە فیلمێك و هەم کراوەتە زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنیش), بەڵکو ئەم نووسینەی من قسەکردنە لەسەر خودی ڕۆمانەکە و ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانەکەدا هەن.

## هاوتەریبی کێشەکان لە باڵەخانەیەکدا:

لەم ڕۆمانەدا, عەلا ئەسوانی توانیویەتی هەموو کێشەکانی میسر, لە ڕێگای باڵەخانەیەك, نەك لە ڕێگای کەسێکەوە بخاتەڕوو, واتا ئەو هیچ کەسێکی نەکردۆتە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی, بۆئەوەی ئەو وێنایە دروست نەبێ کە کێشەکانی کاراکتەرە سەرەکییەکە (ئەگەر

یەك کاراکتەر لە ڕۆمانەکەدا سەرەکی با)، لە شێوەی هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بەدیارکەون و کێشەکانی دیکەش بچووکتر بەدیار کەون, چونکە تاقە کاراکتەرێك ناتوانێ هەڵگری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بێت, دەکرێ بڵێین کێشەکانی هەر کۆمەڵگایەك, هاوتەریبن و بە خستنەڕوو یان چارەسەرکردن یان زەقکردنەوەی کێشەیەك و فەرامۆشکرنی ئەوانی دیکە, کەلێنێك دروست دەبێت, بۆیەش نەدەکرا پاڵەوانێك و دووان بێن و کێشە بەرفراوانەکانی میسر بە هەموو رووە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکانەوە بەیان بکەن, وەکو ئێستا ئەو باڵاخانەیە کردوویەتی کە باڵاخانەیەکی راستەقینەیە و لە شاری قاهیرەیە. لێرەشەوە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە دێن و لەو باڵاخانەیەوە رووداوەکانیان ئاراستە دەکرێت کە هەر یەکە و مەرام و جۆرێك کەسایەتی لە پشتەوەیە, تەواو جیاوازە لەوی دیکە, بۆیەش ئەگەر بمانەوێ لەم ڕۆمانەدا باسی میسر وەکو یەکەیەکی پڕ کێشە بکەین, دەبێ بڵێین: کێشەکانی ناو میسر بریتین لە کێشەکانی ناو (باڵاخانەی یاقوبیان), بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەم کێشانە ورد بکەینەوە و پۆلێنیان بکەین و یەك یەکە لێیان بدوێین, ئەوا دەبێ لەرێگای کارکتەرە جیاوازەکانەوە ئەو کارەبکەین, بۆیەش بۆ تیشك خستنەسەر ئەو کێشانە, دەبێ کارکتەرە سەرەکییەکان بەسەر بکەینەوە.

### زەکی دسوقی, سەرنەگرتنی ناوازەیی و بێ هیوا نەبوون لە ژیان:

زەکی دسوقی کە لە فەڕەنسا ئەندازەی خوێندووە, نەوەی کەسێکی دەستڕۆیشتووە, (عەبدولعال پاشا)ی باوکی پێشتر چەند جارێك بووەتە وەزیر، پاشان دوای هەڵگیرسانی شۆڕش, بە تۆمەتی گەندەڵی دەدرێتە دادگای شۆڕش و زەویوزارەکانی لێدەسەنرێتەوە و بەسەر جووتیاراندا دابەش دەکرێت, هەرچەندە ئازاد دەکرێت, بەڵام بەهۆی لەدەستچوونی ئەو رۆڵ و هەیبەتەی هەیبووە, لە داخان دەمرێ, بەمەشەوە هەیبەتی تێکڕای بنەماڵەکەی کەم دەبێتەوە. زەکی بەگیش کاری ئەندازیارییەکەی لاواز دەبێ و نووسینگەی ئەندازیارییەکەی لە باڵەخانەی یاقوبیان دەبێتە شوێنێك بۆ قاوەخواردنەوە و رابواردن لەگەڵ ئافرەتان. ئەم تێکشکانەی بنەماڵەی زەکی دسوقی, تاکە شت نییە دەبێتە هۆی ئەو کەمتەرخەمییەی زەکی دسوقی لە ژیان هەیەتی و هەمیشە بە دوای رابواردنەوەیە و هەر رۆژەی لەگەڵ ئافرەتێکدایە, بەڵکو زەکی بەگ خۆی لەم ڕۆمانەدا کاراکتەرێکە, نموونەی ئەو کەسە ناوازانەیە کە بە مەبەستی رابواردنی

تەواو لە ژیان, خۆیان بە تاکە ئافرەتێکەوە پەیوەست ناکەن و دەیانەوێ هەر بۆخۆیان بژین نەك بۆ چاودێریکردنی ژن و منداڵ, گوێش بەوە نادەن کە خەڵکی چی دەربارەیان دەڵێت, ئەمە لەو جۆرە کەسە عەبەسیانەیە کە دەیانەوێ ئەوەندەی لە دنیای ئێرەن بژین و چش لەو دنیا, بۆیەش هەمیشە بە دوای ئافرەتانەوەیە، ((راستییەکەی بە درێژیی شەست و پێنج ساڵی ژیانی تا نهۆ, بە هەموو رووداو و دژایەتییەکانی, بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە, بە دەوری بەك وشەدا دەسوورێتەوە: ئافرەت.. ئەو یەکێك لەو کەسە واقیعیانەیە بە یەکجارەکی دیلی دەستی ئافرەتە, بەلای ئەوەوە ئافرەت ئارەزوویەك نییە ماوەیەك گڕ بگرێ, هەینێ تێری بکەی دابمرکێتەوە, بەڵکو جیهانێکی تژی لە تەفرەدانە لە وێنەی بێ کۆتاییدا خۆی نوێ دەکاتەوە, چونکە بە چەندین شێوە دەتووروژێنێت...ل ١١-١٢)).

ئەسوانی دەیەوێ هەڵەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە و خۆلادان لەو کێشانەی کە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا روودەدات و دەشێ هیچ کەسێك لێی بێ بەش نەبێ, لە رێگای (زەکی دسوقی)یەوە دەربخات, نەك تەنها لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەگەر خۆی لە پابەندییەکانی ژیان بە دوور بگرێ, پیر دەبێ و ناتوانێ وەکو جاران رابوێرێ و لە رووی جەستەییەوە هەمان هێزی جارانی نامێنێ, بەڵکو لەرووی کۆمەلایەتییشەوە چەندە خۆشەویست بێت, قەدری جارانی نامێنێ, ئەمەش لە پەیوەندی (زەکی) و (دەوڵەت)ی خوشکیدا بەدیار دەکەوێت, کە سەرەتا زۆر یەکتریان خۆشویستووە, بەلام ئێستا دەوڵەت دەیەوێ ئەو شوقەیەی زەکی تێیدایە و نووسینگەی ئەندازیارییەکەش کە لەبنەڕەتدا لە باوکییانەوە بۆیان ماوەتەوە بۆ خۆی و منداڵەکانی داگیری بکات, لەکاتێکدا دەشزانێ زەکی جگە لەو, هیچ کەسێکی دیکەی نییە و هەرکاتێك زەکی بمرێ موڵك و ماڵەکە بۆ دەوڵەت و منداڵەکانی دەمێنێتەوە, لێرەوە زەکی بەگ بیردەکاتەوە و خۆزگە دەخوازێ ژن و منداڵی هەبووایە تا تووشی ئەو جۆرە کێشانە نەبێ, ئەمەش ئەو پەشیمانییەیە کە رۆمانەکە دەیەوێ لە زەکی بەگدا بۆ ئەم جۆرە کەسانەی بخاتەڕوو, دەیەوێ بڵێ پابەندبوون و کێشەکانی ژیان شتێکی مرۆییە و دەبێ هەمووان بە رێژەی جیاجیا بەریان کەوێ, بۆیەش لە کۆتایی رۆمانەکەدا, رۆماننووس ژن بۆ زەکی دسوقی دەهێنێ, لە کاتێکدا تەمەنی گەیشتۆتە سەروو (٦٥) ساڵییەوە, زەماوەندێکی بۆ لەگەڵ (بوسەینە)دا دەسازێنێ, ئەم زەماوەندەش دیوەکەی تری ئەم جۆرە کەسانەیە, زەماوەندەکە ئاماژەیە بۆئەوەی هەرچەندە تەمەن بەسەر بچێت و لە مردن نزیك بێتەوە, مرۆڤ نابێ بێ هیوا بێ و دەبێ تا دوا هەناسەی ژیان هەوڵ بدات و گەشبین بێ بە بەرەوباشچوونی بارودۆخەکان.

**حاجی محەمەد عەزام, دینداریەکی ساختە:**

حاجی عەزام, نموونەی کەسایەتییەکی ئیزدیواجیيە لە کۆمەڵگادا کە هیچ سیفەتێکی لەگەڵ ئەوی تردا یەك نایەتەوە, دەتوانین چەند ئیزدیواجییەتێکی ئەم کابرایە بەمشێوەیە دیاری بکەین.

- سەرەتا منداڵێکی بۆیاخچی پێڵاو بووە و بۆ کارکردن هاتۆتە قاهیرە, پاشان ماوەیەك ونبووە و بەهۆی بازرگانیکردن بە تلیاك و ماددەی هۆشبەرەوە دەوڵەمەند بووە, دەشزانین کە هەژارترین کەس زۆر ناچار دەبێت ئینجا دەبێتە بۆیاخچی پێڵاو (خوانەخواستە ئەمە بەکەم سەیرکردنی بۆیاخچێتی نییە و بۆیاخچێتی کارێکی شەرەفمەندانەیە, بەلام لە هەموو دنیا سروشتی ئەم کارە وایە کە ئەوانەی زۆر هەژارن دەیکەن), ئەمە ئەوە دەگەیەنێ حاجی عەزام لەوپەڕی هەژارییەوە دەگاتە ئەوپەڕی دەوڵەمەندی, بەلام ئەم هەژارییەی خۆی لەبیر نامێنێ, ئەمەشی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ سوعاد بەدیار دەکەوێت, سوعاد ئافرەتێکی هەژارە, مێردی یەکەمی مردووە, تاقە منداڵێکی هەیە, لەبەر هەژاری مێرد بە حاجی عەزام دەکات و بەردەوام ستایشی دەکات, بەلام لە دڵەوە خۆشی ناوێت, چونکە مەرجەکانی لەسەر سوعاد زۆر توندە و ئەویش بە ناچاری و لەبەر هەژاری قبوڵی دەکات, بۆ نموونە یەکەم مەرجی ئەوەیە کە نابێ تاقە کوڕەکەی لەگەڵ خۆی بێنێ و دواتریش دوای گواستنەوە ڕێگای پێنادات سەردانی ئەو تاقە کوڕەی بکات. مەرجێکی تریشی ئەوەیە کە نابێ منداڵی لێی هەبێت. مەرجێکی تر, دەبێ ئەم ژنهێنانەی بە نهێنی بێ و هەر کاتێك خێزانەکەی زانی, ئەوە سوعاد تەڵاق دەدات.

حاجی پیاوسالارانە و وەکو کەسێك کە لە ژیانیدا هەژاریی نەدیبێ, ئەم مەرجانە بەسەر سوعاددا دەسەپێنێ و ئەویش ناچار قبوڵی دەکات, بۆیەش کاتێ سوعاد زگی بە منداڵ پڕ دەبێ, حاجی هەموو ڕێگایەکی شەرعی و ناشەرعی دەگرێتەبەر بۆئەوەی منداڵەکەی لەبار ببات, چونکە لە میراتەکەی دەترسێت و نایەوێ منداڵی لە لایەکی دیکە بۆ زیاد بێ، ((بۆ ماوەی دوو هەفتە حاجی عەزام قایلکردن و هەڵخەڵەتاند و توندوتیژی بەکارهێنا.. گشت ڕێگەیەکی لەگەڵ سوعاددا تاقیکردەوە, کەچی بە مکووڕبوونەوە بیرۆکەی لەبارچوونی ڕەتکردەوە, ئەوەندەی نەبرد ژیان لە نێوانیاندا بەتەواوی وەستا...ل ٢٠٨)).

لە کۆتاییدا حاجی لە ڕێگای چەند کەسێکەوە سوعاد دەڕفێنن و لە نەخۆشخانە منداڵەکەی پێ لەبار دەبەن, حاجیش تەڵاقی دەدات و بە یەکجار لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە,

سەرەڕای ئەمەش هێشتا کوڕەکەی حاجی پێ لەسەر دینداریيەکەی باوکی دادەگرێت: ((حاجی عەزامی بابم پیاوێکی خواپەرستە. تەلاقی دایت و زیاد لە مافی خۆتی پێ دایت, خوا پاداشتی بداتەوە.. پاشەکی و پارەی بۆ بڕاوە, خوا چۆنی پێ خۆشە ئاوا بڕیمانەوە, بەڵکو بە زیادەوە, حەمیدۆی برات چەکێکی بیست هەزاری لایە.. حسابی نەخۆشخانەش دراوە و هەموو شتەکانیشت لە ماڵەوە بردمان و بۆ ئەسکەندەرییە بۆتی رەوانە دەکەین...ل٢٣٧)).

- حاجی عەزام کەسێکی دیندارە و هاتووچۆی مزگەوت دەکات و هەمیشە لە کاروبارەکانیدا راوێژی ئایینی بە (شێخ سەمان) دەکات, کەچی لەهەمانکاتدا بازرگانی بە تلیاك و مادده هۆشبەرەکانەوە دەکات. ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ دینداری, جگە لەوە چەوسانەوەی سوعادی بێوەژن بەو شێوەیەی باسکرا و ئەو مەرجانەی کە حاجی بۆی دانان, هەمووی پێچەوانەی ئایینە.

- حاجی عەزام لە هەڵبژاردنەکانی (ئەنجوومەنی گەل) بەشداری دەکات, بەلاّم راناوەستێ تا بە مافی خۆی بگاتە ئەو پلەیە و ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی گەل, بەڵکو پارە بە کەمال فولی (کە کەسێکی نزیکی دەسەلاّتە) دەدات بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەری بچوێنێ و بەم شێوەیەش دەردەچێت, ئەمە لەکاتێکدا کە رکابەرەکەی حاجی عەزام لە ناوچەکەی خۆیان (حاجی حمێدە) جەماوەرێکی زوری هەیە و ئەگەر بە ساختەکاری نەبێ, ئەگەری ئەوە هەیە ئەو دەربچێت.

دیسان ئەم ساختەچێتییە لەگەڵ تەمەن و دینداریيەکەی حاجی عەزام تەبا نییە و بەمەش ئیزدیواجییەتی حاجی لە هەموو رووێکەوە بە دیار دەکەوێت.

### تەها شازلی, توندڕەوی ئایینی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی:

کێشەی توندڕەوی ئایینی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و دەرەنجامەکانی, هەمووی لە کارکتەری (تەها شازلی) بەرجەستە بووە, تەها کوڕی دەرکەوانی باڵەخانەی یاقوبیانە, ئۆتۆمبێل بۆ خەڵکی باڵەخانەکە دەشوات و ئەگەر یەکێك لە دانیشتوانی باڵەخانەکە شتێکی بوێ بۆیان دەکڕێ, لەهەمانکاتدا قوتابی زانکۆشە, بەلاّم بەهۆی هەژارییەوە و بەهۆی ئەوەی باوکی دەرکەوانە، بە چاوێکی سووك سەیر دەکرێت, هەرچەندە هەوڵ دەدات وێناکان لەسەر خۆی بگۆڕێت و بە هەر جۆرێك بێت ژیانی دەستکاری بکات, بۆئەوەی ژیانی بە چاکتر بگۆڕێت

و ڕێزی بگیرێت, بەڵام لەلایەك بەهۆی کولتووری کۆمەڵگاکەوە و ڕوانینیان بەرامبەر هەژاران, لە لایەکی دی بەهۆی لەبەرچاونەگرتن و ڕێزدانەنان بۆ هەژاران لە لایەن دەسەڵاتدارنەوە, ئەمەی بۆ نارەخسێ, بۆیەش هەژاری و ڕێزنەگرتن, وێنەکەی تەها و ئەوەی ئەو لە ژیاندا خەونی پێوە دەبینێ ئاوەژوو دەبێتەوە و خەونەکانی یەك لە دوای یەك لەناو دەچن و بەمەش دواجار بە لەناوچوونی خۆی کۆتایی دێت.

- خەونی یەکەمی تەها (کە قوتابی زانکۆیە) ئەوەیە ببێتە ئەفسەر بۆئەوەی خزمەتی وڵاتەکەی بکات و ژیانێکی بەڕێز بژی, خۆی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی ئەفسەریی ئامادە دەکات: ((تەها زۆر باش پرسیار و وەڵامە نموونەییە مەزەندەکراوەکانی لەبەرکردبوون و لە بەرابەر لیژنەکەدا بەبێ ترس و بە هێمنییەوە بەرسڤی دەداوە.. گوتی نمرەکانی هێند باشن ئامادەیی ئەوەی تێدایە لە کۆلیژە باشەکاندا وەربگیرێت, لێ کۆلیژی پۆلیسی پێ بەگەنترە, تاکو لە شوێنی خۆیەوە, وەکو ئەفسەری پۆلیس ڕاژەی نیشتیمانەکەی بکات. هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە, کە کاری پۆلیس تەنیا ئاسایش نییە, وەك زۆرێك بۆی دەچن, بەڵکو کۆمەڵایەتی و مرۆییشە...ل٧١)).

بەڵام سەرەڕای ئەو زیرەکییەی لە بوارەکەدا, تەنها لەبەرئەوەی باوکی دەرکەوانە و هەژارە لە تاقیکردنەوەکە دەری ناچوێنن و زیرەکی و ئارەزووەکەی لەبەرچاو ناگیرێ.

"- تۆ باوکت ئیشی چییە تەها؟!

- فەرمانبەرە گەورەم.. (لە فۆرمەکە ئاوای پڕ کردبووەوە, سەد جونەیهی دابوو بە موختاری گەڕەك تا واژۆی لەسەر بکات).

لیوا سەر لە نوێ تەماشای کاغەزەکانی کردەوە و لێی پرسی:

- فەرمانبەر.. یان دەرکەوان؟!

- ..........

تەها بۆ ساتێك بێدەنگ بوو, پاشان بە دەنگێکی نزمەوە گوتی:

- باوکم دەرکەوانە گەورەم...

لیوا بزەیەکی هاتێ و شڵەژانی پێوە دیاربوو. دواتر بەسەر کاغەزەکاندا نووشتایەوە و بە ئاگادارییەوە شتێکی نووسی, بە هەمان بزەوە سەری هەڵبڕی و گوتی:

- سوپاس کوڕم برۆ... ل٧٢)).

دوای ئەو رووداوەش و پاش ئەوەی بەهۆی دەرکەوانییەکەی باوکی داواکەی رەتدەکرێتەوە, تەها لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت, تروسکاییەك هیوای لا دەمێنێ و سکالانامەیەك بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دەنووسێت, بەلاَم سەرۆکایەتی کۆمار لە وەلاَمی سکالانامەکە پێیرادەگەیەنن کە: ((بۆمان دەرکەوت سکالاکەتان لە راستییەوە دوورە...ل٩٦)). واتا لە لوتکەی دەسەلاَتەوە کە سەرۆکی ولاَتە و دەبێ هەژاران لە ئامێز بگرێ و باوکی هەژارانە, تەها فەرامۆش دەکەن, بۆیە دوای ئەوەی لە ئەفسەریی وەرناگیرێ و دەگەڕێتەوە زانکۆ, لەوێ تووشی چەند کەسێکی سەر بە گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەبێت. سەرەتا تاکە خاڵێك کە ئەو توندڕەوانە لەگەڵ تەها کۆ بکاتەوە هەژارییە, تەهاش نەوەکو تووشی هیچ بەسەرهاتێکی ناخۆش بێت، لەگەڵ دەوڵەمەندەکان و لەبەرامبەریاندا ئیحراج بێت, لەگەڵ ئەو هەژارانە تێکەڵ دەبێت و لە دەوڵەمەندەکان دوور دەکەوێتەوە, چونکە لەوێش هەژار و دەوڵەمەندەکان لەیەکتر جیان، ((هەر لە یەکەم ساتەوە چوون رۆن یەکسەر لە ئاو جیا دەبێتەوە و لە سەرەوە توێژاڵێك چێ دەکات, خوێندکارە دەوڵەمەند و هەژارەکان لێکتر جیا بوونەوە و دەستەی جیا جیا و داخراویان لە دەرچووانی قوتابخانەکانی زمان و خودان ئۆتۆمبیلی تایبەت و جلی هاوردەلەبەر و جگەرەی بیانی کێش پێکهێنا.

جوانترین و شیکترین کیژیش بۆ لای ئەمان دەچوون, هەرچی خوێندکارە هەژارەکانیش بوو, وەکو مشکی تۆقیو بە شەرمەوە چپەچپیان بوو بەیەکدا دەهاتن...ل١١٠)).

لێرەدا ئەسوانی دەیەوێ پێمان بڵێ (هەژاری) و (پەراوێزخستن), دوو هۆکاری سەرەکین بۆئەوەی کەسانێك دروست بن هەستی تۆڵەکردنەوەیان لا دروست بێت, یان وردتر هۆکاری سەرەکی دروستبوونی توندڕەوی ئیسلامین لە ولاَتانی جیهانی سێیەم و ولاَتە دواکەوتووەکان.

تەها لە کۆتاییدا ئەفسەرێکی پۆلیس دەکوژێت و خۆشی لەوێ دەکوژرێ, ئەمە وێنەیەکی گەلەك جوانی تێکچوونی شیرازەی تەندروستی کۆمەڵگایە کە رۆماننووس پێشانمانی دەدات, تەها لەسەرەتادا خۆی دەیەوێ ببێتە ئەفسەری پۆلیس و خزمەت بکات, بەلاَم لە کۆتاییدا نەك نابێتە ئەفسەری پۆلیس, بەڵکو ئەفسەری پۆلیسیش دەکوژێ, هۆکاری ئەمەش پەراوێزخستنییەتی لەلایەن کۆمەڵگا و فەرامۆشکردنییەتی لە لایەن حکومەت و دەسەلاَتەوە, کەواتە ئەگەر حکومەت رێگای دابا تەها ببێتە ئەفسەری پۆلیس چی رووی دەدا ؟!

یەکەم: ئەفسەرێکی پۆلیس زیاد دەبوو بۆ خزمەتکردنی گەل یان سیستەمەکەی خۆی کە تەهایە (ئینجا ئەم سیستەمە باش بێت یان خراپ ئەمە قسەیەکی ترە).

دووەم: کەسێك بۆ سەر گروپی تیرۆرستەکان زیاد نەدەبوو.

کە حکومەتیش رێگای نەدا ئەم گەنجە ببێتە ئەفسەر و لەبەر هۆکارێکی نارەوا و جیاوازییەکی دەمارگیرانە فەرامۆشی کرد, چی رووی دا ؟!

یەکەم: تاکێك بۆ گروپی تیرۆرستان زیادبوو, هۆکارەکەشی حکومەت بوو, لەکاتێکدا حکومەت هەموو هەولێکی ئەوەیە ئەم تیرۆرستانە لەناوببات.

دووەم: بەم کارەی, حکومەت نەك ئەفسەرێکی پۆلیسی بۆ زیاد نەبوو, بەڵکو ئەفسەرێکیشی لێ کەمبووەوە, چونکە تەها ئەفسەرێکی پۆلیسی کوشت.

بەمجۆرەش تەها تەواو گۆڕا و شێوەیەکی دیکەی وەرگرت، ((ئەوانی لە پێشدا تەها شازلییان دەناسی, ئێستا زۆر بە زەحمەت دەیناسنەوە, بە تەواوی گۆڕابوو, وەك ئەوەی کەسایەتییە پێشینەکەی بە کەسێکی تری تازەیان گۆڕیبێتەوە...ل١٣٩)).

- یەکێکی تر لە خەونە وەدینەهاتووەکانی تەها, سەرنەگرتنی هاوسەرگیری بوو لەگەڵ (بوسەینە)ی خۆشەویستیدا, کە ئەمەشی دیسان لەبەر هەژاریی بوو, بوسەینە باوکی نەماوە و لەسەریەتی دایکی و خوشك و برایەکانی بەخێو بکات, هەر کارێکیش دەکات بەهۆی ئەوەی خاوەنکارەکان دەیانەوێ لەگەڵ کارەکەدا جەستەشی بکڕن, زۆر هەوڵی خۆپاراستن دەدات, بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەمەی بە باشە بۆ بشکێتەوە, بە خراپە بۆی دەشکێتەوە, چونکە لەسەر کارەکان دەردەکرێت و خێزانەکەشی برسی تر دەبن, دواجار ناچار دەبێ خۆی بەدەستەوە دەدات, تەها داوای لێ دەکات کە لای هەموو جۆرە کەسێك کار نەکات, بەڵام ئەو داوا لە تەها دەکات کە مادام وایە با ئەو خەرجی خێزانەکەیان پێ بدات, تەهاش لەو هەژارترە و ناتوانێ, بۆیە هەژاری ئەم دووە لەیەك جیادەکاتەوە. لێرەوە (هەژاری) خۆشەویستیش دەکوژێت, ئەمە لەکاتێکدا خۆشەویستان بە ئاسانی لەیەك جیانابنەوە, تەنانەت تەها کاتێك دەبێتە ئیسلامییەکی توندڕەویش, سەرەڕای بیروبۆچوونە توندەکەی هەر (بوسەینە)ی لەبیر ناچێتەوە و خۆشی دەوێت: ((تاقە شتێك لە دڵی تەهادا کە هی سەردەمی کۆن بوو بۆی مابووەوە خۆشەویستی بوو بۆ بوسەینە, زۆری کۆشا تا هەستی لە بەرابەریدا ملکەچی بیرە تازەکەی بکات, لێ نەیتوانی...ل١٤٠)). واتا توندڕەوی ئیسلامی کە وەکو دەروونزانەکان پێیانوایە شووشتنەوەی مێشکە و بەرامبەر هەموو شتێك توندن و بیروباوەڕیان جیاوازە, بەڵام بەرامبەر (خۆشەویستی) دەستەوئەژنۆ دەوەستێت, کەواتە ئەوەی لە توندڕەوی بەهێزترە و دژی خۆشەویستییە و لێکیان جیادەکاتەوە، تەنها هەژارییە نەك شتێکی دی.

**حاتەم رەشید, هۆمۆسێکسی و بێ ئاکامی لە سڕینەوەی جیاوازییە نەخوازراوەکاندا:**

((حاتەم رەشید رۆژنامەوانێکی ناسراو و سەرنووسەری رۆژنامەی لۆکێری بوو کە بە زمانی فەڕەنسی لە قاهیرەدا دەردەچوو, هەروەها ئەرستۆکراتییەکی دێرینیش بوو, دایکی فەڕەنسی بوو, بابیشی دکتۆر حەسەن رەشیدی یاساناسی ناودار و لە پەنجاکاندا راگری کۆلیژی یاسابوو...ل٤٨)).

عەلا ئەسوانی کێشەی هۆمۆسێکسوێلی لە رێگای کەسێکی رۆشنبیرەوە دەخاتەڕوو کە ئەویش (حاتەم رەشید)ە, رۆشنبیرێکی ئاستبەرزە و سەرنووسەری رۆژنامەیەکی بەناوبانگە, ئەو دەکاتە نموونەی یەکێك لەو کەسانەی مومارەسەی هۆمۆسێکسی دەکەن کە نەك تەنها خۆی رۆشنبیرە, بەڵکو بنەماڵەکەشی لەڕووی رۆشنبیرییەوە بەناوبانگن, باوکی حاتەم ((دکتۆر حەسەن رەشید یەکێك لە ناودارانی یاسایە لە میسر و لە جیهانی عەرەبیدا, لە شێوەی تەها حوسێن و عەلی بەدەوی و زەکی نەجیب مەحمود و ئەوانی تر. هەروەها یەکێك لەو رووناکبیرە گەورانەی سالآنی چلەکانە, کە خوێندنی بالآیان لە رۆژئاوا تەواوکرد و گەڕانەوە بۆ ولآتەکەیان...ل٩٠)).

واتا ئەسوانی نایەت لەرێگای کەسێکی نەخوێندەواری بێڕەوشت, وێنەی ئەو کێشەیەی ناو کۆمەڵگامان بۆ بکات, یان لە رێگای کەسانێکی دواکەوتوو کێشەکە بخاتەڕوو, چونکە هەمیشە ئەم جۆرە کردەوانە بە کەسانی دواکەوتوو بێڕەوشتەوە دەلکێنرێن, لەکاتێکدا لەناو رۆمانەکەدا کەسانی لەو شێوەیە هەن و ئاسانبوو ئەوانی بکردبا نموونەی ئەنجامدەرانی کاری هۆمۆسێکسی. ((لە نێوانیاندا دەستکارە و پیشەوەر و لاو و بەساڵآچوویان تێدان, تەنیا نەسرۆیی پێکەوەی کۆکردوونەتەوە, نەسرۆکانیش وەکو چەتە و قۆڵبڕان و هەموو ئەو دەستە و تاقمانەی لە دەرەوەی داو و نەریت و یاسادان, زمانێکی تایبەت بە خۆیان دادەهێنن...ل٤٦)).

لێرەوە رۆماننووس دەیەوێ پێمان بڵێ کە ئەو کێشەیە پەیوەندی بە دەوڵەمەندی و ئاستی رۆشنبیرییەوە نییە و دەکرێ کەسێك لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیریشدابێت و لادانی سێکسی هەبێت, بۆیەشە زیاد لە شوێنێکی رۆمانەکە رۆشنبیربوون و بەتوانایی (حاتەم رەشید) دەهێنێتەوە یاد و دووپاتی دەکاتەوە: ((حاتەم رەشید هەر ژنانی نییە, بەڵکو کەسێکی بەهرەدار و هەوڵدەریشە, تاقیکردنەوە فێری کردووە و بە توانا و زیرەکی خۆی گەیشتۆتە

لوتکەی سەرکەوتن لە پیشەکەیدا, وێڕای ئەوەش ڕۆشنبیرێکی بەرزە و چەند زمانێك بەڕەوانی دەزانێت...ل٢١٩-٢٢٠)).

لەوەش جێی سەرنجتر ئەوەیە کە حاتەم ڕەشید پەیوەندییە سێکسییەکانی لەگەڵ کوڕەگەنجێکی پۆلیسی هەژاری سعیدی دادەنێ بەناوی (عەبد ڕەبە) و وەکو مێردی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات, ئەو کوڕە گەنجەش هەرچەندە دیندارە و چەند جارێك ئەوە بیر حاتەم دەهێنێتەوە کە ئەم کارەی ئەوان ئەنجامی دەدەن ناشەرعییە, بەڵام حاتەم وازی لێناهێنێ, ئەویش بەهۆی هەژارییەوە و بۆ پارە و بەخێوکردنی ژن و منداڵەکانی واز لە حاتەم ناهێنێ و ناچار تا ماوەیەکی درێژ بە نابەدڵی, خۆی لە حاتەمدا بەتاڵ دەکاتەوە, بەڵام ئەمە تاسەر نابێ و (عەبد ڕەبە)ش چیتر بەرگەی ئەو بارودۆخە ناگرێت, بۆیە لێی تووڕە دەبێت و بە شەڕ و ناخۆشی واز لە حاتەم دێنێ.

ئەم پەیوەندییە نابەرامبەرەی (حاتەم ڕەشید) و (عەبد ڕەبە), (دەوڵەمەند/هەژار), (ڕۆشنبیر/نارۆشنبیر), (شارستان/ لادێی) و دواتر تێکچوونی ئەو پەیوەندییە, دەربڕی ئەوەیە کە تەنانەت مەسەلەیەکی وەکو هۆمۆسێکسوێڵیش لەکاتێکدا لەئەنجامدانیدا جیاوازی لەنێوان چین و توێژەکاندا نییە و ڕێژەیەکی کەم و دیاریکراوی ئەم جۆرە کەسە لەناو کۆمەڵگادا هەن, بەڵام ئەمەش ناتوانێ ئەم جیاوازییانە بسڕێتەوە و هۆمۆسێکسوێڵەکانیش وێڕای کەمی ژمارەیان, بەڵام مادام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەیەك ئاستدا نین, ناتوانن تا سەر بەیەکەوە بن و بەهەرجۆرێك بێت جیاوازییە چینایەتییەکانیان بەدیار دەکەوێ. لە شوێنێکی دیکەش هەمان مەبەست دەخاتەڕوو, کاتێ باسی یانەی هۆمۆسێکسوێلەکان دەکات, ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کەسانەی هاتووچۆی یانەکە دەکەن, سەرەڕای ئەوەی دەزانن حاتەم ڕەشیدیش وەکو ئەوان کەسێکی نەسرۆیە, بەڵام هەمیشە ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرن و ناتوانن مەسەلەی نەسرۆیی لەگەڵدا باس بکەن و ڕێزی نەگرن.

## **کەمال فولی, تێڕوانینی دەسەڵات بۆ گەل و یاریکردن بە چارەنووس:**

(کەمال فولی) کەسێکی هەڵپەرست و خۆپەرستە, هەمیشە هەوڵی بەدەسەڵاتبوون و خۆبردنەپێشی داوە و کەسێکی نزیکە لە دەسەڵات, ((کەمال فولی بەڕیزە پێوەندی بە گشت ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتەوە کرد: دەستەی ڕزگاری و یەکێتی نەتەوەیی, پاشان یەکێتی

سۆسیالیستی و ڕێکخراوی پیشەنگان و ئینجا مینبەر و حزبی میسر لەدواییشدا حزبی نەتەوەیی. لە ماوەی ئەم هەموو گۆڕانانەدا هەمیشە شێلگیرترین ئەندام بوو بۆ پرەنسیپەکانی حزبی دەسەلاتدار..ل٩٨)).

لە ڕێگای کەمال فولییەوە, ئەسوانی شێوە و ڕوانینەکانی دەسەلاتە زۆردار و دیکتاتۆرەکان بەرامبەر بە گەلەکانیان دەخاتەڕوو, ئەویش بەمشێوەیە:

- کەمال فولی کەسێکە بە پارە خەلك لە هەلبژاردنەکان دەردەچووێنێ, وەك چۆن حاجی عەزام بە گرەنتی و بە پارەیەکی زۆر بۆ ئەنجوومەنی گەل دەردەچووێنێ. ئەمە وێنەی دەستوەردان و یاریکردنی دەسەلاتە بە یەکێك لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی کە هەلبژاردنە.

- وەکو دەسەلاتدارێك دەست لە کاروباری بازرگانی ئۆتۆمبێلی تاسۆی یابانییەوە وەردەدات, کە گرێبەستەکەی لەگەل حاجی عەزام مۆر کراوە و ئەویش بەناوی (گەورەمانەوە) کە پێ دەچێت مەبەستی لە (گەورەمان) سەرۆکی ولات بێت, داوای چارەگێکی قازانجەکەی لێ دەکەن, بێ ئەوەی هیچ پێیەوە ماندوو بووبن. ئەمەش وێنەی دەستێوەردانی بواری ئابوورییە لەلایەن حکومەت و دەسەلاتەوە.

- کەمال فولی دەربڕی تێڕوانینەکانی دەسەلاتە دیکتاتۆرەکانە بەرامبەر بە (گەل) و بە سووك سەیرکردنی (گەل), کە لێرەدا (گەلی میسر) ئاماژەیەکە بۆ ئەو مەبەستە و ئەم قسانەی کەمال فولی هەموو گەلێکی ژێر دەسەلاتی دیکتاتۆرەکان دەگرێتەوە. ((ئەم میسرییانە خوا لە سێبەری حکوومەتدا خولقاندوونی.. هیچ میسرییەك بۆی نییە لە حکوومەتەکەی هەلگەڕێتەوە, هەلبەت میلەتیش هەن رادەپەڕن و یاخی دەبن, هەرچی میسرییە بە درێژایی تەمەنی بۆ تیکە نانێك سەر دادەنەوێنێ. ئەم قسانە لە مێژوودا هاتوون, لە دنیادا گەلی میسر لە هەموو گەلێك ئاسانتر حوکمی دەکرێت. هەر کە دەسەلات دەگریتە دەست میسرییەکان گوێڕایەلت دەبن و ملت بۆ کەچ دەکەن, ئیتر بە کامی دلی خۆت بەڕێوەیان ببە...ل١٠٣)).

**بوسەینە, فشارەکانی کۆمەلگا و ژیان لەپێناو ئەوانی تردا:**

نموونەی ئافرەتێکی بە حورمەتە, کە دەیەوێ بە توانا و لێهاتووی خۆی کارێك بکات و دایك و خوشك و براکانی بەخێو بکات (چونکە باوکی نەماوە و کەوتوونەتە ئەستۆی ئەو),

هەروەها دەیەوێ جەستەی خۆی بپارێزێت و دواجاریش لەگەڵ تەهای خۆشەویستیدا بەیەك بگەن, بەڵام کۆمەڵگای دواکەوتوو بە بێ کڕینی جەستەی ئافرەت, کاری پێ نادەن, بۆیەش لە نێوان سێ ئانانجەکەی لەژیانیدا هەیەتی (بەخێوکردنی دایك و خوشك و براکانی) و (کارکردن و پاراستنی شەرەف و کەرامەت و ڕێزی خۆی) و (هاوسەرگیری لەگەڵ تەهادا), تەنها دەتوانێ یەکێکیان بێنێتە دی, ئەویش بەخێوکردنی دایك و خوشك و براکانییەتی, واتا هەم جەستەی خۆی لەدەست دەدات بۆ کارکردن و هەم بەهۆی لەدەستدانی جەستەشییەوە ویژدانی ئاسوودە نابێت و نێوانی لەگەڵ تەهادا تێك دەچێت.

ئەگەر تەماشا بکەین لەو سێ ئامانجەی بوسەینە لە ژیانی خۆیدا هەیەتی, دووانیان لەپێناو خودی خۆیەتی و یەکێکیش لەپێناو ئەوانی تر (دایك و خوشك و برایەکانی) دایە, هەردوو ئەو ئامانجەی کە لەپێناو خۆیدایە نایەنە دی و ئەوەی لەپێناو ئەوانیتردایە دێتە دی, ئەمەش ئەوەیە لە کۆمەڵگا دواکەواتووەکاندا هەمیشە مرۆڤە بە تواناکان لەپێناو ئەوانیتر دەژین نەك لەپێناوی خۆیان و هەمیشە ژیانیان دەبێتە قوربانی ئەوانی تر و دەبێ لە ژیانی خۆیان خۆش بن.

## سوعاد, قبوڵکردنی هەموو شتێك لەپێناو منداڵدا:

نموونەی بێوەژنێکی هەژارە, بۆ بەخێوکردنی تاقە منداڵەکەی, هەموو ئەو مەرجە قورسانە قبوڵ دەکات کە حاجی عەزام بەسەریدا دەسەپێنێ, لەوانەش: نەبردنی منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی مێردە نوێیەکەی و مانەوەی مێردکردنەکەی بە نهێنی (لە باسی حاجی عەزامدا ئاماژە بە مەرجەکانی تر و هەندێ شت لەبارەی سوعادەوە دراوە, بۆیە پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات), لەبەرامبەریشدا حاجی عەزام بەهۆی دەوڵەمەندییەکەیەوە و بەهۆی ئەوەی دەزانێ سوعاد کەسێکی هەژارە و ناچارە مەرجەکان قبوڵ بکات, بە کامی دڵی خۆی مەرجی قورسی بەسەردا دەسەپێنێ, لەکاتێکدا حاجی عەزام کەسێکی دیندارە, مەرجی واشی بەسەردا دەسەپێنێ کە لەگەڵ ئاییندا ناگونجێ. ئینجاش لە کۆتاییدا حاجی عەزام تەڵاقی دەدات و فەرامۆشی دەکات.

**کەسایەتییەکانی تر:**

ئەو کەسانەی تر کە پانتاییەکی کەمتریان لەناو رۆمانەکەدا هەیە, کەسانێکن کە هەم وێنە سەرەکییەکانی رۆمانەکەیان پێ تەواوکراوە و هەم مەبەستی تایبەتیشیان لە پشتەوەیە, لەوانەش: "ئەبسەخرۆن, مەلاك, ئەبو حمێدە, حامید حەواس, عەلی شوفێر, شێخ رەشید, رەزوە, شێخ بیلال و...".

- ئەبسەخرۆنی خزمەتکاری زەکی بەگ و مەلاکی برای نموونەی ئەو هەژارانەن کە بە هەموو رێگایەکی شەرعی و ناشەرعی هەوڵی دەوڵەمەندبوون دەدەن, بەڵام پێی ناگەن.

- ئەبوحمێدە: رکابەری حاجی عەزامە لەناوچەی قەسرئەلنیل بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی گەل, نموونەی کەسێکە کە ئەگەر بە حەقی خۆی بێ لە هەڵبژاردنەکان دەردەچێت, بەڵام ساختەکاری دەسەڵات وای لێدەکات دەرنەچێت و وەکو مرۆڤێکی پاك نابێ بچێتە پێشەوە.

- رەزوە: نموونەی ئافرەتێکی بەدبەختە, دوای ئەوەی مێردی یەکەمی کە سەر بە گروپە توندڕەوەکانە دەکوژرێت, مێرد بە تەها شازلی دەکاتەوە, یان راستتر لە لایەن ئەمیر و پێشەواکانی ئەم گروپانەوە دەدرێتە تەها و تەهاش لە هەمان رێگای مێردی یەکەمی رەزوە دەکوژرێت.

رەزوە, نموونەی ئافرەتە لە ناو ئەم گروپە توندڕەوانە, مێردەکانی یەکە یەکە لەم رێگایە دەکوژرێن و ئەویش هەمیشە لەچاوەڕوانیدایە و چاوەڕێی ئایندەیەکی نادیار و ژیانێکی جێگیرە, بەڵام پێی ناگات.

**** باڵەخانەی یاقوبیان (رۆمان), ن: عەلا ئەسوانی. و: سەباح ئیسماعیل. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ژمارە (٨٧١). هەولێر, چاپی یەکەم (٢٠٠٩).***

# بەشی سێیەم

## خەرمانە کتێب

# ڕۆمان

# لە گۆشەنیگای جیاوازەوە




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە**

**نووسەر: سەلاح عومەر**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

نووسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە ئەدیب و ڕۆماننووسی داهێنەر و بەتوانا, وەك ئەو کەسە وایە کە هەستی شەشەم و گشت هەستەکانی دیکەی دەکەوێتە کار. لە بەرهەمەکانیدا ڕووداوێ یان کارەستاتێ پێشبینی دەکات کە ڕەنگە لە داهاتوویێکی نزیك و داریکراودا لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا ڕووبدات و لەسەر زەمینی واقیعدا بەڕاست دەربچێ.

ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی کورتە لەبارەی ڕۆمان و چیرۆکەوە و یەکەم کتێبی زنجیرە کتێبی (لەبارەی ڕۆمانەوە)ی دەزگای موکریانییە. هەندێ لە وتارەکان سەرنجن لەسەر چەند ڕۆمانێك, لەوانەش: ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابییەکان)ی هیوا قادر و (کێوی مەزن)ی کاروان عەبدوڵلاّ و... بەشێکی دیکەی وتارەکانیش تەرخانە بۆ (ڕۆمان و پێشبینی) و (گۆشەگیری و ڕۆمان) و (ڕۆمانی نوێ) و (ڕۆمان و هونەر) و (چیرۆك لەڕووی پێکهاتە و گێڕانەوە و پێناسەکردندا) و سەرەتا و گۆشەنیگا و کاراکتەر و.. لە چیرۆکدا.

ئەدەب هەمیشە هەست بە جۆرێك لە پچڕان لەگەڵ دەوروبەر دەکات، بۆیە لە ڕێی نووسینەوە دەیەوێ سەرەداوی ئەم پچڕانە بدۆزێتەوە و سەرلەنوێ پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێتەوە.

بە بڕوای سەلاّح عومەر کە خۆشی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە، بەبەراورد لەگەڵ چەندساڵێ لەمەوبەر کە ئەوکات دەمانتوانی پرسیاری ئەوە بکەین ئاخۆ ڕۆمانی کوردی هەیە یا نا؟ یا ئەو ڕۆمانانەی کە هەن دەچنە خانەی ڕۆمانی هونەرییەوە, یان تەنیا لەپێناوی ئەوە نووسراون کە بڵێین ئێمەش ڕۆمانمان هەیە؟ ئەوکات ڕەنگە بمانتوانیبا بڵێین: ئەم ڕۆمانانە کەموکورتیان لە بنەما ڕەگەزەکاندا هەیە، یا ئەوانەی نووسیویانن تەنیا لەبەرئەوە بووە کە پێیان بگوترێ ڕۆماننووس، بەلاّم ئەمڕۆ ئەگەر ئەم پرسیارانە بکرێن، پرسیاری هەڵەن, چونکە هەم ڕۆمانی هونەری تر نووسراون، هەم بەرهەمی زۆرترمان هەن و دەبێ پرسیاری تر بکەین, وەك ئاخۆ ئەم ڕۆمانانەی ئێستا کە بلاّوکراونەتەوە و لەبەردەستدان لە چ ڕوویێکەوە ناتەواون؟ ئایا ئەم ڕەگەزانە کامانەن کە تیایاندا لاوازن؟ کەموکورتیان لە کوێدایە؟

ئەدیبی ڕاستەقینە ئەو ئەدەیبەیە کە بێدەنگ خەریکی کاری نووسین و داهێنانی خۆیەتی و لەپێناو ئەفراندنی بەرهەمەکانیدا شەونخونییەکی زۆر دەکێشێ.

# زمان، بوون، شيعر




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: زمان، بوون، شیعر.. خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندی شیعرەکانی هاشم سەڕاج**

**نووسەر: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

(هاشم سەڕاج) یەکێکە لە شاعیرە دیار و بەرچاوەکانی ئەو نەوەیەی بە تایبەت لە هەشتاکان لە شاری هەولێر بەدیارکەوتن، ئەم نەوەیە لە نووسینی دەقەکانیاندا خاوەن دیدگا و شێوازی خۆیان بوون و بە گەلێ تایبەتمەندی لە نەوەکانی پێش خۆیان جیادەکرێنەوە. لەناو ئەم نەوەیە و تا ئێستاش لە پانتایی شیعری کوردیدا (هاشم سەڕاج) خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، وەك چۆن بە پێی تەمەنیش وەك خاوەن ئەزموون شیاوی قسە لەسەرکردنە، بەڵام نەك بەو مانایەی ئەزموون وەك تاکە سەرچاوەی نووسین سەیر بکرێت، چونکە داهێنانی شیعری مەرج نییە لە چوارچێوەی ئەزموون و تێڕوانین زینداني بکرێت.. بۆیە نووسەری ئەم کتێبە لەلایەك وەك داهێنەرێك قسەی لەسەر شیعرەکانی (هاشم سەڕاج) کردووە و لەلایەکیش وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون لێی دواوە.

فەزای شیعری لای (هاشم سەڕاج) فەزایەکی سیحرئامێزە.. ئەم کتێبەش کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کارەکانی هاشم سەڕاج لە سەرەتای تەمەنی شاعیرێتی سەڕاجەوە تا ئێستا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەزموونە شیعرییەکەی بەسەر دوو قۆناغ دابەش دەکرێت، یەکەمیان: قۆناغی دروستبوونە کە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٥) دەگرێتەوە، لە دیارترین قەسیدەکانی ئەو قۆناغەش (دوکەڵ، گۆڕستانی ئەپیکۆڕس، مۆنادە جوانەکان، تاوسی سپی)ە، پاشان لە دوای ساڵی (١٩٩٤)ەوە دنیابینی و شێوازی تەعبیرکردنی شاعیر دەگۆڕێت، ئەوەش لە قەسیدەی (ورچ)ەوە دەست پێ دەکات، چونکە لە قەسیدەی (ورچ)دا وێڕای بەرفراوانکردنی کایەکانی وشە و سیاقی رستە و خرۆشانی پیت و دەنگ، هەوڵی هەڵگەڕانەوەی داڵەکان دەدات و مەستانە دەیانخوێنێتەوە، هەروەها وێنەکان تێکدەشکێنێ و بە ناخی خۆی بارگاوییان دەکات، بەو مانایەش لە دوای ساڵی (١٩٩٥) قۆناغێکی دیکە لە ئەزموونی شیعری هاشم سەڕاج دەبینرێت، دەشێ ئەو قۆناغە بە قۆناغی دەرکەوتنی شیعری (هاشم سەڕاج) وەسف بکەین،

کتێبەکە بەسەر دوو بەندی سەرەکی دابەشکراوە و هەر بەندێکیش دەبێتە چەند بەش و باسێك، بەندی یەکەم (ئەزموونی شیعری، قۆناغی دروستبوون، قۆناغی دەرکەوتن، ئەزموون وەك تاوگێرییەکانی ناوەوە، ئەزموون و دڵەڕاوکێ لە نێوان چەمکی جریوە و رەشبردنەوەدا، فەزای شیعری لە نێوان خەیاڵ و پێشبینیکردن، فەزای شیعری لە نێوان یاری زمانەوانی و مەستکردنی وشە) دەگرێتەوە، بەندی دووەمیش قسەکردنە لەسەر (پراکتیزەکردنی دوالیزمییەتی جێگیربوون و جێگیر نەبوون، شیعرییەتی دەستپێك، درەوشانەوەی دەستپێك لە

جەستەی دەقدا، ڕەنگدانەوەی دەستپێك لەسەر ئاستی دەلالەت، ڕەنگدانەوەی دەستپێك لەسەر ئاستی ئیقاع).

ئەوەی لە شیعرەکانی (هاشم سەڕاج) بەرجەستەیە، گواستنەوەی واقیع و شتەکانی ناو واقیع نییە، بەڵکو لەلایەك بارگاویکردنی وێنە و شتەکانە بە چرکە تاوگیرییەکانی ناوەوەی خۆی و لەلایەکی دیکە بەرجەستەکردنی گومانی ئەنتۆلۆژییە، ئەوەی گومانی ئەنتۆلۆژی و چرکە تاوگیرییەکان لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، ئەو دڵەراوکێیەیە کە لە پشت میکانیزمی پرۆسەی کارکردنەوە وەستاوە.

# بێرنارد کۆشنێر




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: بێرنارد کۆشنێر.. تێکشکێنەری هەژموونگەرای جیهانی**

**نووسەر: نەجات حەمید ئەحمەد**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

دوای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی راوەستا، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە، شەڕێکی سارد لە نێوان هەردوو جەمسەرە بەهێزەکەی ئەوکاتی دنیا دروست بوو، کە (یەکێتی سۆڤییەت) و (ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بوون، هەر یەکە لەم دوو جەمسەرە پشتگیرییان لە چەند ولاَتێك دەکرد و لە دژی یەکتر هانیان دەدان، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی شەڕ و پێکدادان لە نێوان چەند ولاَتێکی جیهان رووبدات و لە ناوەخۆی ولاَتانیش شەڕ دروست بوو، سەرۆکە دیکتاتۆرەکان بە بیانووی رووبەڕووبوونەوەی گێرەشێوێنی و پاراستنی سیستەم و کۆنترۆڵکردنی ولاَت، دەستیانکرد بە چەوسانەوەی گەلەکانیان. لێرەدا نەتەوەیەکگرتووەکان وەك رێکخراوێکی جیهانی لە نێو دوالیزمییەکی دژبەیەکدا دەژیا، لە لایەك بەندی ٢و ٧ی باوەڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان رێگای نەدەدا هیچ ولاَتێك دەستوەربداتە کاروباری ناوخۆی ولاَتێکی دیکەوە،. لە لایەکی دیکەش بە پێی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە ئەویش دیسانەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووبوو، مرۆڤ مافی ژیانی هەیە و مافی ئەوەی هەیە لە هەر زوڵم و زۆردارییەك بپارێزرێت.

ئەم بەندی (دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی ولاَتان) بووە هەژموونێك بەسەر جیهاندا و زۆرێك لە گەلەکانی جیهان بەهۆیەوە بوونە سووتەمەنی دەستی دەسەلاَتدارەکانیان، لەناویشیاندا گەلی کورد کە بەدەستی رژێمی بەعس دەچەوسێنرایەوە و پێویست بوو سنوورێك بۆ ئەم زیادەڕەوی و زۆردارییە دابنرێت.

لێرەوە کەسێکی وەك (بێرنارد کۆشنێر) دێت و دەبێتە یەکێك لەو کەسانەی دژی ئەم هەژموونەی جیهان دەوەستێتەوە و تێکی دەشکێنێ، ئەو لەسەر ئاستی جیهانی کاری لەسەر زاراوەی (سیاسەتی دەستێوەردان) کرد، ئەو زاراوەیەی پێویست بوو جیهان لێی دەربچێت.

(بێرنارد کۆشنێر) لە ساڵی (١٩٣٩) لەدایك بووە، پزیشك و کەسایەتییەکی سیاسییە و خەباتگێڕێکی مەدەنی مافەکانی مرۆڤە، دامەزرێنەری رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور و رێکخراوی پزیشکانی جیهانییە، لە فەڕەنسا پۆستی وەزارەتەکانی تەندروستی و وەزارەتی دەرەوەی پێدراوە، بووەتە نوێنەری باڵای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆسۆڤۆ، ئێستا وەزیری دەرەوەی حکومەتی فەڕنسا و ئەوروپایە.

ئەم کتێبە باس لە ژیان و هەڵوێستەکانی (بێرنارد کۆشنێر) دەکات، بەلاَم نەك لایەنە سیاسییەکانی، بەڵکو باسی ئەو هەڵوێستە مرۆییانە دەکات کە کۆشنێر هەیبووە.

ژیانی کۆشنێر هەمووی گەڕان و گەشت و ململانێی سیاسی و فیکری و مرۆڤایەتییە، بەردەوام ئیشی لەسەر تێکشکاندنی ئەو سیستەمە جیهانییە کردووە کە لە ئاست قەسابخانەکانی کوشتن و هەژاری و نەداری و کارەساتی سروشتی مرۆیی و مرۆڤ بە گشتی لە جیهاندا بێدەنگ بووە.

ئەوکاتەی کە گەلی کورد لە ساڵی (١٩٩١) لە دژی رژێمی بەعس راپەڕی و بەعسیش هێرشی توندڕەوانەی کردە سەر رەشە خەڵکەکە بۆ سەرکوتکردنیان، بۆ یەکەمجار (بێرنارد کۆشنێر) لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی فەڕەنسا باسی لەوە کرد کە کورد پێویستی بە هاوکاری مرۆڤایەتی هەیە.

# پییەر بۆردیۆ و

# کۆمەڵناسی فەلسەفی




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی**

**نووسەر: ڕێبوار سیوەیلی**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوە و موکریانی.**

ئەم کتێبە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە (فەلسەفە) رەگی (کۆمەڵناسی)یە. فەلسەفە درەختێکە و کۆمەڵناسی یەکێکە لە بەرهەمەکانی, رەخنە لە سیستەمی زانکۆیی لە کوردستان دەگرێت بەوەی لێکدابڕان و تۆرانێك لە نێوان بەشە جیاوازەکانی خوێندن و فەلسەفە لە زانکۆکانی کوردستاندا هەیە, لەکاتێکدا هەموو زانستەکان ئەگەر بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەیان تێدا نەبێ و فەلسەفە نەبێتە بناخە بۆیان, ئەوا زانستی کرچوکاڵ دەردەچن, بەتایبەتیش کتێبەکە تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵناسی, چونکە گرنگترین گەورە کۆمەڵناسەکانی جیهان, لانی کەم لە دامەزرێنەرانی ئەم بوارە زانستییە, یا پسپۆرییان فەلسەفەیە, یان لە هەوڵی دامەزراندن و خەملاندنی بیرۆکەی فەلسەفیدا بوون, یاخود لە ژێر کاریگەری فەیلەسوفەکاندا بوون, بە هەمان شێوە لەڕووی میتۆدی و دەستەواژە و سیستەمی زاراوەییشەوە, کۆمەڵناسی و فەلسەفە بوارێکی هاوبەش و کایەیەکی فراوانی کارکردنیان هەیە.

ناوی کتێبەکە (پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی)یە, بەشێکی زۆری تەرخانکراوە بۆ یەکێك لە کۆمەڵناسە هەرە گرنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم, کە ئەویش (پییەر بۆردیۆ)یە, ناوی ئەم کتێبە بەیادهێنانەوەی ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان کۆمەڵناسی و فەلسەفەیە کە بۆردیۆ زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە, ئەمەش نەك هەر لەبەرئەوەی بۆردیۆ خۆی فەلسەفەی خوێندبوو, بەڵکو لەبەرئەوەی دواجار بە بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی فەلسەفییانەوە تەماشای بابەتی توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانی خۆی دەکرد, ژمارەیەکی زۆر لەو زاراوانەی لە شیکردنەوەکانیدا بەکار دەهێنان, تایبەت بوون بە فەلسەفە و ئەویش بۆچوون و راڤە کۆمەڵناسییەکانی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکردن.

کتێبەکە لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکهاتووە, لەپێشەکیدا باس لە ئاشتکردنەوەی کۆمەڵناسی و فەلسەفە دەکات, بەشەکانی تریش ئەمانەن: (پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی, کایەکانی دەسەڵات, قەیرانی هوشیاریی لێبوردەیی, بەربەرییەت و قارەمان, ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات: دۆستن یان دوژمن؟! کۆمەڵناسی لە قەیراندا).

لە شیکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی تەواوی ئەم کتێبەدا, تێڕوانینێکی فەلسەفی ئامادەیە تا بوار بۆ خوێنەر بڕەخسێنێت, ئەو شتەی تێگەیشتنی ئاسان نییە, روونتر و خۆمانەیی تر بێتە بەردەست.

نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە بیرکردنەوەی بۆردیۆییانە و بیرکردنەوە بە کەرەستە تیۆرییەکانی بۆردیۆ, لە دنیای ئێمەدا بایەخێکی تایبەت و گرنگی هەیە, ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمە

کۆمەڵگایەکین, بە قۆناغی گواستنەوەی کەلتووری و گۆڕانی کۆمەلآیەتیدا تێپەڕ دەبین, کە ململانێیەکی چڕ لە نێوان کایە کۆمەلآیەتییەکان و سنوورەکانیاندا هەیە لەسەر خۆجیاکردنەوەیان لەیەکتر و لە نێوان ئەندامانی پیری خاوەن سەرمایەی رەمزی و ئەندامانی نوێی کەم سەرمایەی هەمان پانتایشدا لەسەر پاراستن و تووڕدانی بەها کۆنەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە, وردبینترمان دەکات لە تیڕوانینمان بۆ ئەو بابەتانەی کتێبەکە دەیانخاتەڕوو, چونکە هەریەکە لەم بابەتانە هەنووکەیین و بە وردبینییەوە شرۆڤە کراون و قسەیان لەسەر کراوە.

# هوتێل ئەوروپا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: هوتێل ئەوروپا**

**نووسەر: فەرهاد پیربالْ**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**

ئەم ڕۆمانە چ وەك ڕووداوێكی ڕاستەقینە (وەك ڕۆماننووس باسی دەكات كە ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە ڕاستەقینەن، بەڵام لەبەر باری ئاسایش ناوی زۆربەی پاڵەوانەكان و هەندێ لە شوێنەكانی گۆڕیوە) چ وەك دەقێكی ئەدەبی، گرنگی و كاریگەریی خۆی هەیە. ڕۆمانەكە یەكێك لە كێشە هەرە گرنگەكانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو كە ئەویش كێشەی كۆچ و ئاوارەبوون و بێ جێگەبوون و بێكاری و لەوێشەوە تووشبوونە بە چەندین كاری وا كە لەگەڵ بیروبۆچوونی مرۆڤە كۆچبەر و ئاوارەكان یەكناگرێتەوە.

جگە لە حیكایەتخوان، ڕۆمانەكە دوو كەسایەتی سەرەكی و چەند كەسایەتییەكی لاوەكی تێدایە.

(محەمەدی حاجی زادە) كە مەلایەكی ئێرانییە و دەرچووی حەوزەی عیلمیە لە تاران، یەكەمین كەسایەتی سەرەكی ڕۆمانەكەیە، لەدەست شەڕوشۆڕی سەردەمی جەنگی عێراق-ئێران و ناجێگیری بارودۆخی ئێران رای كردووە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی خاوەنی بیروباوەڕێكی ئازادانەیە و پێی وایە دەبێ تارادەیەك دین لە دەوڵەت جیابكرێتەوە و هەموو نەتەوەكانی غەیری فارس دەبێ خاوەنی مافە كلتوورییەكانی خۆیان بن، بەم هۆیەوە ئەم وتاربێژەی مزگەوتی زەینەبە لە تاران (خەلعی لیباس) دەكرێ و دادگایی دەكرێت. (خەلعی لیباس) لە ئێران بۆ ئەو مەلایانەیە كە بیروباوەڕیان لەگەڵ بیروڕای ئایەتوڵڵاكانی ئێران یەكناگرێتەوە، بەمەش پلەی مەلایەتیان لێ وەردەگیرێتەوە. لە ئەنجامی ئەم خەلعی لیباسەدا، محەمەدی حاجی زادە لە دەست ڕژێمی ئێران را دەكات، بەرێگای قاچاغ خۆی دەگەیەنێتە پاریس، لەوێ هیچ كارێكی دەست ناكەوێت، تووشی چەند كارێكی نەشیاو دەبێ كە لەگەڵ بۆچوونەكانی مەلایەكی ئایینی خۆپارێزی وەكو محەمەدی حاجی زادە یەكناگرێتەوە، لەوانەش: هۆمۆسێكسوێلی و بیرە و مەشروبخواردنەوە و خواردنی پارەی حەرام... چەند ساڵێك لەسەریەك لە فەڕەنسا داوای ئیقامە دەكات، بەڵام هەمووجارێك داواكەی ڕەت دەكرێتەوە و ئیقامەی پێ نادرێت، بۆیە ناچارە بە كاری ڕەش خۆی بژیێنێ.

كەسایەتییەكی تری سەرەكی ڕۆمانەكە (مسیۆ لووسیانا)یە، ئەو دەوڵەمەندێكی جوولەكەیە، بڕوانامەی دكتۆرای هەیە و چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی لە لێكۆڵینەوەكانیدا بەدەستهێناوە، خاوەنی چەند هوتێلێكە لە (پاریس و سانفرانسیسكۆ و تەلئەبیب) و چەند دەرمانخانەیەكیشی لە شارەكانی فەڕەنسا هەیە، پارەوپولێكی زۆری هەیە، شێوە و ڕووخساری زۆر لە محەمەدی حاجی زادە دەچێت، بەهۆی عاشقبوونی بۆ كچێكی ئێرانی دەیەوێ سەردانی

ئێران بکات، بەڵام لەبەرئەوەی پاسپۆرتەکەی ڤیزەی ئیسرائیلی لەسەرە، ناتوانێ بچێتە ئێران، پاش ئەوەی حیکایەتخوانەکە کە ناوی (فەرهاد)ە، (محەمەدی حاجی زادە) و (مسیۆ لووسیانا) پێك دەناسێنێ، ئەم دووانە ڕێك دەکەون کە (مسیۆ لووسیانا) بە پاسپۆرتەکەی (محەمەدی حاجی زادە) سەردانی ئێران بکات، ئەو ئەم سەردانە دەکات و وەك ڕۆماننووس لە کۆتاییدا دەڵێ: مسیۆ لووسیانا تا ئێستاش لە ئێران بێ هەواڵ و بێ سەروشوێنە و نەگەڕاوەتەوە، بەمەش ماڵ و سەروەتەکەی بۆ محەمەدی حاجی زادە مایەوە.

# فەلسەفە




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: فەلسەفە**

**نووسەر: ژیل دۆلۆز و کۆمەڵێك نووسەر**

**وەرگێڕ: ڕێبین رەسول ئیسماعیل**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**حەڤدەمین کتێبی پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.**

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا دوو کتێبە و لێرەدا بەیەکەوە چاپ کراون.

**کتێبی یەکەم:**

یەکەم کتێب سێ بەشە و بریتییە لە یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانی فەیلەسووفی فەڕەنسی (ژیل دۆلۆز) بەناوی (فەلسەفە چییە؟)، لە سێ بەش پێکهاتووە: (فەلسەفە چییە؟. ڕەوتێکی هزری. سارتەر مامۆستام بوو).

**کتێبی دووەم:**

ئەم کتێبەشیان لە چەند وتارێك پێکهاتووە کە لە لایەن چەند نووسەرێکی عەرەبەوە نووسراون و هەر دەربارەی فەلسەفە و (ژیل دۆلۆز)ن.

وتارەکان بریتیین لە (فەلسەفە کۆچەرییە, لە نووسینی عومەر مهێبل)، (فەلسەفە هونەری داهێنان و دروستکردنی چەمکەکانە, لە نووسینی عومەر کوش)، (واژووی دۆلۆز بۆ چەمکی فەلسەفە وەکو داهێنانێك, لە نووسینی زوهێر ئەلخویلەدی)، (ژیل دۆلۆز و پرسیاری فەلسەفی, لە نووسینی: ئەمەل فوئاد عوبێد).

فەیلەسووفی فەڕەنسی (ژیل دۆلۆز) لە ساڵی (١٩٢٥) لە پاریس لەدایکبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە, دواتر بۆتە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆکانی لیۆن و فنسین، سەرەتای ژیانی نووسینی بە کۆمەڵێك توێژینەوە دەستپێکردووە لە باری مێژووی فەلسەفە و کتێبەکانیشی دەربارەی فەلسەفە و کۆمەڵناسین، تێزی دکتۆراکەی کە بە ناونیشانی (جیاوازی و دووبارەبوونەوە)یە لە ساڵی (١٩٦٩)دا نووسیوییەتی، لەو کتێبەدا دۆلۆز ڕەخنە لە هەموو ئەو فەلسەفانە دەگرێت کە هەوڵیان داوە جیاوازی بسڕنەوە، ئەو فەلسەفانەی پێیان وابووە فەلسەفە شەڕانگێزییەکی ناپەسندە.

ژیل دۆلۆز لە ساڵی (١٩٩٥) لە نهۆمی شەشەمی باڵەخانەی ماڵەکەیدا و لەپەنجەرەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوە بۆ سەرشەقام و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ژیل دۆلۆز پێی وایە کە فەلسەفە ڕانامێنێت و بیرناکاتەوە و پەیوەندیش نییە، تەنانەت ئەگەر لەسەریشی بێت چەمك بۆ ئەو جۆرە کار و هەڵچوونانە دابهێنێت، تێڕامان و بیرکردنەوە و پەیوەندی کایەی مەعریفی نین، بەڵکو ئامرازن بۆ پێکهێنانی هەمەکێتی لە نێو سەرجەم کایەکاندا.

(زوهێر ئەلوخویلەدی) لە باسەکەیدا کە لەم کتێبەدا بڵاوبۆتەوە دەربارەی (ژیل دۆلۆز) دەنووسێت: "دۆلۆز پێی وانییە تایبەتمەندی فەلسەفەکاری بە تەنیا بۆ پیاوان بێت، بەڵکو پێی وایە دەشێت ئافرەتیش ببێتە فەلسەفەکار و هەرگیز ڕێگر نییە کە ئافرەتێك ببێتە

فەلسەفەکار، بۆیە پێی وایە رۆزا لۆکسمبۆرگ و هانا ئارێنت و جولیا کریستیڤا باشترین نموونەی فەلسەفەکارن، بەلاّم مەرجێکی سەرەکی دادەنێت کە ناکرێت بەلاوە بنرێت، ئەویش مەرجی بەرەنگارییە، چونکە فەلسەفەکاری هاوچەرخ ئەگەر بیەوێت ببێتە فەلسەفەکارێکی راستەقینە، دەبێت بەرەنگاری ئێستا ببێتەوە و رووبەڕووی ئەو هەموو شوورەییە ببێتەوە و ئابڕووی هەموو ئەو تێوەگلاّنە شەرمەزارکەرانە ببات...ل١٤٢"

ژیل دۆلۆز کۆچی دوایی کرد (وەکو عومەر کوش لە وتارەکەیدا)، (فەلسەفە هونەری داهێنان و دروستکردنی چەمکەکانە) باسی دەکات، بەلاّم لە ماوەی نیو سەدە لە بیرکردنەوە و کارکردندا بەرهەمێکی جیاواز و پوختی بۆ جێهێشتین.

# خواجه نەسرەدین




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: خواجە نەسرەدین کە لەپێناو پێکەنیندا دەکوژرێت**

**نووسەر: عەتا محەمەد**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، ژمارە (٦٤)**

لەم ڕۆمانەدا نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ کە گاڵتەکردن و پێکەنین لە هەموو کات و شوێنێکدا مومکین نییە و ناکرێ، لە هەندێ سەردەم و لە هەندێ کۆمەڵگادا، بەتایبەتیش ئەو کۆمەڵگایانەی دیموکراسی نین، دەشێ گاڵتەکردن ببێتە هۆی لەدەستدانی گیان و ژیان، ڕۆماننووس بۆ کارەکەی کەسایەتی کۆمیدی بەناوبانگی مێژوویی (خواجە نەسرەدین)ی هەڵبژاردووە، ئەوەی لەناو کورد بە (مەلا مەشهور) و لەناو عەرەب بە (جوحا) ناسراوە، دەنووسێت: "لەناو دەیان قۆشمەچی بەناوبانگدا، زیاتر خەیاڵم بۆ یەکێك لە کەسایەتییە زۆرەکانی ئەو پیاوە قۆشمەیە چوو، لای ئێمە بە مەلا مەشهور و لای تورکەکان بە خواجە نەسرەدین ناسراوە، تا توانای زەفەربردنی هەبێت بە چیرۆکەکە، چونکە وەك دەڵێن ئەو پیاوە قۆشمەچییە، توانی شارەکەی لە تالاَن و بڕۆ و سووتان بە دەستی لەشکرەکەی تەیموری لەنگ ڕزگار بکات، پاش ئەوەی تەیموور لەنگی بینی و داوای لێکرد".

ڕۆماننووس ئەم کەسایەتییە لە سیاقە مێژووییە کۆنەکەی دەردەهێنێ و لە مێژوویێکی هاوچەرخ و لە شاری سلێمانی ئامادەی دەکاتەوە، لێرەدا خواجە نەسرەدین لە سەروبەندی شەڕوشۆڕەکانی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی کوردستان و لە گەڕەکێکی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی کۆمیدی لەدایك دەبێت، کە بە کورتی بەم شێوەیە: چوار ئافرەت بەیەکەوە ژانی منداڵبوون دەگرن و تەنها یەك مامانیش هەیە، ئەو مامانە بۆ ئەوەی بە هەموویانڕابگات، ناچارە هەموویان لەیەك ژووردا کۆ بکاتەوە، دوای لەدایکبوونی هەرچوار منداڵەکە، مامانەکە لەوێ دەمرێ، لەناو ئافرەتەکان دەبێتە قیژە و گریان، بەمەش منداڵەکان تێکەڵ بەیەك دەبن و کەسیان منداڵەکەی خۆی ناناسێتەوە، هەریەکە و بە زۆر منداڵێکی پێ دەدرێت کە پێی ڕازی نییە و پێیوایە کە ئەمە منداڵەکەی ئەو نییە، لەمەش سەیرتر.. دوای دابەشکردنی چوار منداڵەکە، ئەو ئافرەتەی بەردەستی بۆ مامانەکە کردووە و یارمەتی داوە، منداڵێکی بەدەستەوە دەمێنێ، واتا بە بێ ئەوەی هیچێك لە ئافرەتەکان سکیان بە جمك پڕبووبێ، منداڵێك زیاد دەکات، ناچارن ئەم منداڵە بە زۆر بدەنە یەکێك لە ئافرەتە سکپڕەکان، خواجە نەسرەدین یەکێکە لەو منداڵانە و گومان دەکرێت منداڵە زیادەکە بێت.

ناونانی (خواجە نەسرەدین)یش یەکێکی ترە لە ڕووداوە سەیرەکان، کاتێ ئەو ڕۆژەی دەچن ناوی لێ بنێن، بەردەستێك کە ناوی نەسرەدینە، لە شوێنی فەرمانبەری ناونووسینەکە دانیشتووە، تەنها دەزانێ ناوی خۆی بنووسێت، بۆیە ئەو منداڵانەی ئەو ڕۆژە ئەو تۆماریان دەکات، هەمووی بەناوی خۆیەوە دەنووسێت.

خواجە نەسرەدین درێژە بە ژیانە قۆشمەییەکانی دەدات و ڕۆژانە لەناو ئەم ژیانە کوردییەیدا، ڕووبەڕووی هەڵوێست و ڕووداوی سەیر دەبێتەوە، بۆ نموونە ڕۆژێکیان کە لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی، یادی ڕاپەڕین دەکرێتەوە "دوای ئەوەی پاسەوانەکان نەیانهێشت کەرەکەی بەرێتە ژوورەوە، خەریك بوو لێدان بخوات لەسەر ئەوەی وتی: ئەم کەرەی من وەك کورد بەدبەختە و لە هیچ شوێنێك جێگای نابێتەوە".

# تێکست




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: تێکست**

**نووسەر: هاشم سەڕاج**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.**

ئەم کتێبە، کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی (هاشم سەڕاج)ی شاعیرە، سەڕاج یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا خاوەن تایبەتمەندی و جێپەنجەی خۆیەتی، شاعیر و رەخنەگر (عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا) کە پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیووە، لە بەشێکی پێشەکییەکەیدا دەڵێت: "بە بڕوای من تێگەیشتن لە جوانیی لای هاشم سەڕاجی شاعیر، وەك چۆن پەیوەندی بە مەعریفەی هەستییەوە هەیە، بە دیوەکەی دیکە لەسەر درێژکردنەوەی مانای وشە و دەستەواژە خۆی هەڵدەنێت، بۆئەوەی قسە لەو دوو ئاستە لە پرۆسەی نووسینی تێکستەکان بکەم، دەبێت ئاماژە بە یەکێك لە رەگەزە سەرەکییەکانی شیعریی بکەم کە خەیاڵە (...) بە بڕوای من بە شێوەیەکی گشتی خەیاڵی شیعریی لای هاشم سەڕاج، دەکەوێتە میانی خەیاڵی زمانەوانی و خەیاڵی ئیستێتیکییەوە، واتا لەلایەك لە رێگەی وشە و مانا و دەستەواژەوە خەیاڵی شیعریی بەرەو بونیادێکی رستە هەڵدەنێت، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی مەعریفەی هەستییەوە، جوانییە شاراوەکان و وسبەلێکراوەکان وێنە دەگرێت و دەیانهێنێتە گۆ".

لەم کتێبەدا شیعر وا لە شاعیر دەکات کە خۆشەویستی وەك جەستەیەکی یەك پارچە و بێ جیاوازی ببینێ:

"حەزم لێیە لە وڵاتی بێ پایتەختتدا
قاروورەیەك قاوەی کەسك بخۆمەوە.."

لەکاتێکدا ئەگەر تەماشای ئافرەت بکەیت سەنتەرێك، یان پایتەختێکی (وەکو شاعیر بەکاری هێناوە) تێدا دەبینییەوە و شوێنێکی جەستەی لە شوێنەکانی دی سەرنجڕاکێشترە، بەڵام ئەو هەموو جەستەکە وەك یەکەیەکی هاوتا و وەك یەك دەبینێ، دانیش بەوەدا دەنێ کە ئەمە جوانییە وڵاتی شیعر بێ پایتەخت دەکات و زەین پەرت دەکات و شیعریش ئاڵۆز دەکات.

"خەیاڵم دەوروژێنێ
جوانیت زەینم پەرت دەکات خودا
ئەو تێکستە ئاڵۆسکاو و کراوەیە.."

شیعر لای سەڕاج گەمەیەکی ئیرۆتیکییە، ئەمەش هەم دەنگدانەوەی لەناو شیعرەکانیدا هەیە و هەم بە ئاشکراش لە هەندێ دەربڕینیدا بەدیار دەکەوێت.

"لەسەر لەوحی سینەی پیرۆز و باسکی رووت رووتت

دەنووسم
شیعر
گەمەیەکی ئیرۆتیکییە.."
یان
"لە دووررا
سنەوبەرێکی شەکەری دەشنێ و
ئارەزووە ئیرۆتیکییەکانی شیعر
تێکەڵ
بە خەم و شادی و هێمنبییەکی
پەتی دەکا.."

تەنانەت لای ئەو، ئافرەت و جوانی هاندەرن بۆ گەڕان بەدوای نهێنییەکانی ژیان و تێگەیشتن لە نووسین.

"تۆ نەبای
لە
نێهنییەکانی
کرمگەلی
نیهلیست و
دۆزەخی
نووسین
نەدەگەیشتم.."

# کۆلارەباز




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: کۆلارەباز**

**نووسەر: خالید حوسەینی**

**وەرگێڕ: ئارام سۆڤی**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان.**

ئەم کتێبە یەکەم ڕۆمانی ڕۆماننووسی ئەفغانی (خالید حوسەینی)یە، ڕۆمانەکە چیرۆکی گەنجێکە بەناوی (ئەمیر) کە باوکی کەسێکی دەوڵەمەندە و دایکیشی نەماوە، کەسێك کە هاوتەمەنی باوکییەتی و لە منداڵیشەوە لەگەڵی گەورە بووە خزمەتکاریانە، ئەو کەسە ناوی (عەلی)یە و کوڕێکی هاوتەمەنی (ئەمیر)یشی هەیە بەناوی (حەسەن)، هەرچەندە عەلی لەگەڵ باوکی ئەمیر گەورە بووە، بەڵام باوکی ئەمیر (بە هۆی جیاوازی چینایەتی و ئەتنییەوە) هیچ کات ئەوی بە برادەری خۆی نەزانیوە، باوکی ئەمیر (پەشتۆنە) و (سوونئەیە)، عەلی (هەزارەیی)یە و (شیعە)یە. ئەمە لەکاتێکدا عەلی زۆر بە کەڵکی باوکی ئەمیر هاتووە و خزمەتی زۆری کردووە. ئەمیریش لەسەرەتادا هەمان هەستی بەرامبەر بە حەسەنی کوڕی عەلی هەبوو، حەسەن خزمەتێکی زۆری ئەمیر دەکات و هەمیشە لە خزمەتیدایە، چەندین جار لەسەر ئەمیر تووشی لێدان دەبێت، دواجار ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسیش دەبێتەوە، بەڵام ئەمیر هاوشێوەی هەڵوێستی باوکی بەرامبەر بە باوکی حەسەن، هیچ کاتێك وا دانانێت کە حەسەن برادەرییەتی، تەنانەت دواجار تۆمەتی دزی دەداتە پاڵ حەسەن و ئەمەش عەلی و حەسەن دەڕەنجێنێ و وا دەکات ماڵەکەی ئەوان جێبێڵن، ئەمە لەکاتێکدا کە باوکی ئەمیر عەلی و حەسەنی زۆر خۆش دەوێت و زۆر هەوڵدەدات نەڕۆن، بە تایبەتیش زۆر دڵی بە حەسەنەوەیە، بەڵام ئەوان دەڕۆن، لێرەدا ئەمیر هەست بە تاوانێکی زۆر دەکات و هەمیشە وا هەست دەکات کە ئەو لە ژیانیدا کەسێکی درۆزنە و هەموو کەسەکانی دیکە لەو ڕاستگۆترن، دواتر بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئەفغانستان، خۆی و باوکی دەچنە ئەمەریکا، لەوێ لەگەڵ پەشیمانییەکانیدا دەژیێت و لە ناخەوە زۆر ئازار دەخوات، دوای مردنی باوکی و پاش چەندین ساڵ، کاتێ لەسەر داوای برادەرێکی باوکی بە سەفەرێك دەگەڕێتەوە پاکستان، لەسەر زاری ئەو برادەرەی باوکی، ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێ کە حەسەن کوڕی عەلی نەبووە، بەڵکو کاتی خۆی باوکی بە شێوەیەکی ناشەرعی چۆتە لای خێزانەکەی عەلی و حەسەنی لێ بووە، واتا حەسەن زڕبرای خۆیەتی، نەك خزمەتکار، لەمەوە ئەوەی بۆ بەدیار دەکەوێت کە باوکی و ئەوانەی بە دڵسۆز و ڕاستگۆ بەدیار کەوتوون، هیچیان ڕاستگۆ نەبوونە. ئێستاش حەسەن نەماوە و کوڕێکی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە بەناوی (سوهراب)، ئەمیر هەوڵ دەدات بەرامبەر چاکەکانی حەسەن، خزمەتی سوهرابی کوڕی بکات، ریسك دەکات و دەچێتەوە ئەفغانستان و بەدەستی چەکدارانی تاڵیبان لێدان دەخوات و ماندووبوونی زۆر دەبینێ تا سوهراب دەباتەوە

ئەمەریکا، ڕۆمانەکە دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو کە ئەم نەوەیەی ئێستای وڵاتەکە، لە جیاتی بە درۆ ژیانکردن، بە گوناھ و تاوانەکانی خۆیدا دەچێتەوە و ئەوەندەی بۆی بکرێ ڕاستیان دەکاتەوە.

ڕۆماننووسی ئەفغانی (خالید حوسەینی) لە ساڵی (١٩٦٥) لە کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان لەدایکبووە، لە ناو خێزانێکی ڕۆشنبیر گەورە بووە، لەساڵی (١٩٨٠) و لە کاتی کودەتای کۆمۆنیستەکان، خێزانەکەی ئەفغانستان جێدێڵن و دەچنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەوێ پزیشکی دەخوێنێ و دەبێتە پزیشك.

# کاروانی ئەندێشە




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: کاروانی ئەندێشە**

**هەڵبژاردن و ئامادەکردن و وەرگێڕانی: جەلیل عەباسی (قەقنەس)**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.**

ئەم کتێبە باسی فیکر و بەسەرهاتی چەند کەسایەتییەکی گەورە و بیرمەندی جیهانییە، کە هەریەکە لەو کەسایەتییانە، بە دەوری خۆیان کاریگەری فیکریی گەورەیان هەیە لەسەر کۆی قوتابخانە فیکرییەکانی جیهان. (عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا) پێشەکییەکی کورت، بەڵام جوان و ڕێکی بۆ کتێبەکە نووسیوە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بیرمەندانەی لێرە باسکراون، زۆرێك لە بنەمای فیکری ئەمڕۆیان لەسەر ڕۆ نراوە. بیرمەندەکانیش ئەمانەن:

- کۆنفۆشیوس (٥٥١-٤٧٩ پ.ز): بەناوبانگترین و بەڕێزترین فەیلەسووفە لە مێژووی چیندا، ئەندێشەکانی لە ساڵی (١٠٠ پ.ز) تا ساڵی (١٩٠٠)ی زایینی، زۆرترین کاریگەرییان هەبوو لەسەر کۆمەڵگای چین، حکومەتی چین ئەوی کردبووە بنەمای فەلسەفەی ڕەسمی چین و زۆربەی وڵاتە دراوسێکانیش ڕێزی زۆر و تایبەتیان لە بیروبڕواکانی دەگرت.

- ئەرەستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز): ئەم فەیلەسووفە یۆنانییە قوتابی ئەفلاتوون و مامۆستای ئەسکەندەری گەورە بوو، لە زۆر بواردا نووسینی هەبووە، لەوانە: فیزیا، میتافیزیك، شیعر، شانۆ، مۆسیقا، لۆژیك، ڕەوانبێژی، سیاسەت، حکومەت، ئەخلاق، بایۆلۆژیا، ئاژەڵناسی.. یەکێکە لە گرنگترین کەسایەتییە بونیادنەرەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا.

- سوکرات (٤٦٩-٣٩٩ پ.ز): بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دادەنرێت، سوکرات هیچ کتێبێکی لەدوای خۆی بەجێنەهێشتووە، ئەوەی ئێمە لەوەوە دەیزانین، ئەوەیە کە قوتابییەکانی بۆمانی دەگێڕنەوە، بەتایبەتیش ئەو گفتوگۆیانەی ئەفلاتوون (کە یەکێك بووە لە قوتابییەکانی ئەو) بۆمان دەگێڕێتەوە و نووسیویەتییەوە.

- ئەفلاتوون (٤٢٨،٤٢٧؟-٣٤٨،٣٤٧؟ پ.ز): کۆمەڵێ دیالۆگی فەلسەفی نووسیوەتەوە و دامەزرێنەری ئەکادیمیای ئەسینایە کە یەکەم ئامۆژگای خوێندنی باڵایە لە جیهانی ڕۆژئاوا، پێگەیشتن و توانا گەورەکەی ئەفلاتوون لە نووسیندا، لەو دیالۆگە فەلسەفییانەی سوکرات دەردەکەوێ کە ئەو نووسیویەتییەوە و تایبەتن بە بابەتەکانی: مەعریفە، لۆژیك، زمان، بیرکاری، میتافیزیك، ئەخلاق و سیاسەت..

- ئەمانوئێل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤): یەکێك بوو لە مەزنترین فەیلەسووفەکانی سەرجەم سەدە و چاخەکان، بەرهەمە گشتگیر و تایبەتمەندەکانی لەمەڕ زانست و ڕەوشت و جوانناسی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەرجەم فەلسەفەکانی پاش خۆی خستە ژێر کاریگەرییەوە، بەتایبەت قوتابخانە ئەڵمانییەکانی وەك ئایینی کانت و ئامانجگەرایی.

- رێنییه دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠): کوڕی یەکێك لە ئەشرافزادەکان بووە و سەرتاسەری ئەوروپا گەڕاوە، لە بوارەکانی: ماتماتیك، زانست، ماف، پزیشکی، ئایین و فەلسەفە خوێندوویەتی. کاریگەریی بیرمەندەکانی چاخی رۆشنگەریی لەسەربووە، دیکارت بەو وتەیە بەناوبانگە کە دەڵێت: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم.

- کارل گۆستاو یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١): رەوانپزیشکی سویسری و بنیاتنەری پاراسایکۆلۆژی شیکاریی بوو، بڕوای وابوو کە دەبێ هاندان وەکو توانایەکی داهێنەرانە و هەمەلایەنەی ژیان بناسین، ژیننامەیەك کە دەکرێ لە رێگا جۆربەجۆرەکاندا پشتی پێ ببەسترێت و بەشێوەی جۆراوجۆر لەبەرچاو بگیرێت، یۆنگ بۆ ئەم ژیننامەیە دوو رێگای سەرەکیی پیشانداوە: بەرەو ناوەوە (ناخ، هەرێمی خەیاڵ، تێڕامان و نەست)، بەرەو دەرەوە (دەرەوەی خود، جیهانی تاکەکان و شتی دی).

## دەروازەیەك بۆ

## ئاشنابوون بە زانستی کەلام




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: دەروازەیەك بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام**

**نووسینی: هاوژینی مەلا ئەمین**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بلاۆکراوەکانی پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای توێژینەوە و بلاۆکردنەوەی موکریانی.**

ئەم کتێبە دەروازەیەکی پێویستە بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام، کە بەشێکە لە بەشە گرنگەکانی فەلسەفەی ئیسلامی.

بە بڕوای نووسەر، زانستی کەلام ئێستا لە رابردوو زیاتر گرنگی و پێویستی هەیە و ئامادەیی و نائامادەیی ئەم زانست و کایەیە و داهێنان تیایدا، باس لە نشوستی و سەرکەوتن، باس لە ئامادەیی و نائامادەیی رۆحی ئیسلامی و فەلسەفەی ئیسلامی، باس لە ئامادەیی و نا ئامادەیی عەقل و دڵی موسوڵمانان لەمڕۆدا دەکات.

کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا پێناسەی زانستی کەلام و پەیوەندی بە فیقھ و سۆفیزم و فەلسەفە دەکات و بەشەکە بەسەر پێنج باسدا دابەشکراوە: "پێناسەی زانستی کەلام، هۆکارەکانی ناولێنانی ئەم زانستە بە زانستی کەلام، پەیوەندی کەلام و فیقھ، پەیوەندی کەلام و سۆفیزم، پەیوەندی کەلام و فەلسەفە".

لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە مێژوو و قۆناغەکانی گەشەکردنی زانستی کەلام کراوە و ئەویش پێنج باسە "سەرەتا و سەرهەڵدان و ژینگەی کلتووری و ئایینی، قۆناغی پێش کاریگەربوون بە فەلسەفەی یۆنان، قۆناغی پاش کاریگەربوون بە فەلسەفەی یۆنان، قۆناغی کاریگەربوون بە سۆفیزم و گنووسییەت، ئایندەی زانستی کەلام".

بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ گرنگترین گروپ و میتۆد و کێشە کەلامییەکان کە سێ باسی سەرەکی دەگرێتەوە: "گرنگترین گروپە کەلامییەکان، گرنگترین میتۆدە کەلامییەکان، گرنگترین کێشە کەلامییەکان".

لە کلتووری ئیسلامیدا زاراوەی زانستی کەلام بەکارهاتووە بۆ رەوشێکی تایبەت لە بیرکردنەوە لە بواری پرسە ئایینییەکاندا کە پەیوەندی بە بوونی خودا و سیفەتەکانی و کۆمەڵێك کێشە و پرس و بیروباوەڕی ئایینییەوە هەیە، بەرلەوەی کە موسوڵمانان بە فەلسەفەی یۆنانی ئاشنابن.

هەڵبەت پرسی کەلام، یان زانستی کەلام پرسێکی بێ کێشە نەبووە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە کێشە و پرسە کەلامییەکان لەگەڵ هاتنی ئیسلام خۆیدا بۆ موسوڵمانەکان دروست دەبێت و قورئان خۆی، هەروەها بیروباوەڕە تازە و هەندێجار نامۆکانی ئیسلام بە خەڵکی نیوەدوورگەی عەرەبی ئەوکات، خۆیان دروستکەری ئەو ژینگەیەن و بەشداریش بوون لەو مشتومڕە کەلامیانەدا، ئەو مشتومڕانە تا ئێستاش بە شێوەی جیاواز خۆیان بە دیار دەخەنەوە.

کەلامییەکان لە چەند گروپێکی جۆراوجۆر پێکهاتوون، لەم کتێبەدا بە سێ شێوە پۆلێنبەندی گروپە کەلامییەکان کراوە، جارێك بە پێی ئەو گروپبەندییە زیاتر کۆمەلآیەتی و سیاسییەی کە زۆر لە توێژینەوە بنەڕەتی و مێژووییەکان پەیڕەویان کردووە، جارێك بەپێی ئەو میتۆدانەی کە لە لێکۆڵینەوە کەلامییەکاندا کاریانپێکردووە و جارێکیش بەپێی کێشە و بیروڕا کەلامییەکان.

# شیعری کراوە

# لە ئەزموونی نوێی شیعری کوردیدا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا**

**نووسینی: سەلاح حەسەن پاڵەوان**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**

بەشی هەرە زۆری ئەم کتێبە، لێکۆڵینەوەیە لە دوو دیوانی (سەباح رەنجدەر)ی شاعیر، دیوانەکانیش بریتین لە (سەدویەکشەوە) و (خەون وا خۆی گێڕایەوە).

(سەباح رەنجدەر) یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لە نووسینی شیعردا شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و لەو شاعیرانەیە کە ئەگەر ناویشی بەسەر شیعرەکانییەوە نەبێت دەناسرێتەوە.

نووسەری ئەم کتێبە لە رێگای شیعرەکانی سەباح رەنجدەرەوە تیشك دەخاتەسەر شیعری کراوە لە ئەزموونی نوێی شیعری کوردیدا.

دیوانی (سەدویەکشەوە)ی سەباح رەنجدەر، لەو شێوە دیوانانەیە کە پێویستی بە چەندبارە خوێندنەوەی قووڵی زمانەوانی و فیکریی و مێژوویی و کولتووری هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی سیمۆلۆجیانە هەیە، خوێندنەوەی بیرکردنەوە و دارِشتنەکانی خودی شاعیر، ئەو ژمارە و ناو و ئەو بەسەرهات و شیعر و شاعیر و گیانلەبەرانەی بەکاری هێناون.

بەسەرهاتی ناو دیوانی سەدویەکشەوە، بەسەرهاتی شەو و رووداوەکانێتی، بەسەرهاتی هەموو ئەو مێژووەیە کە شاعیر لەگەڵیدا ژیاوە.

نووسەر لەم کتێبەدا لەژێر چەند سەرناوێکی وەکو "سپی و رەش، سێبەر و گۆڕینەوە، رووبەری تاریکی و روون، بازنەکانی دووبارەبوونەوە، فۆرمەکانی بازنە، سەدویەك بیرەوەهاتن، بەشیعربوونی کەسایەتییەکان.." لەم دیوانەی کۆڵیوەتەوە.

هەروەها لەبارەی دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)، سەلاّح حەسەن پاڵەوان ئەوە دەخاتەڕوو کە شیعر تەنیا لە سنووری زمان ناوەستێ، شیعر پرسیاری ئەو وەلاّمانەیە کە باس لە ژان و بێدەنگییەکان دەکەن، ئەو هەستانەی سووتان و بەسەرهاتی رۆخ و کەنارەکان دەگێڕنەوە، باس لە تەنیایی ئەو دوورگانە دەکەن کە پڕن لە مرۆڤی تەنیا و مەرگاوی، شیعر لە دنیای ئەودا تەنیا زەمەنێکە بەرەو تێکشکاندنی مەرز و تابۆکانی سەرەتا و کۆتایی دەڕوا، شیعر لێرە و لەم دیوانە و لە نێو دنیای تایبەتی وشەکاندا، باس لەو هێزە ناوەکییانەی رۆح دەکات. شیعر لێرەدا نیشاندانی دژایەتییەکانە، ئەوەی ئەم شیعرانە لە مێژووی پڕ شیعرماندا جیا دەکاتەوە، تێکشکاندنی زمانە، تێکشکان بە مانای بەخشینی مانا، ئەو کاتەی کە زمان تێکدەشکێ، لێرەدا لە کتێبی (خەون وا خۆی گێڕایەوە) دەبێتە مانا.

لەبارەی پەیوەندی زمان بە شیعرەوە، نووسەر پێی وایە لە شیعری نوێی کوردیدا زمان هەوڵ دەدات ئەو رووبەرە بەجێ بێڵێ کە پێی دەوترێ زمان و هەوڵ دەدا خۆی بهاوێتە نێو

گەمەی دەرەوەی زمان، واتا لە دەرەوەی زمان گەمە بە زمان بکات و لە دەرەوەی زمان باس لە ژیان و داهێنان بکات، لە شیعر هەندێ هەوڵی پڕ تەوژم هەن کە لە نێو زمانەوە دەردەپەڕن و یارییەکانی خۆیان نیشان دەدەن.

بەشی کۆتایی کتێبەکە چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلە لەگەڵ نووسەری کتێبەکە و چەندین بابەتی وەکو شیعر و چیرۆك و رۆمان و زمان قسەیان لەبارەوە کراوە.

# لە کەناری هزر و زمان و ئەدەبدا




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: لە کەناری هزر و زمان و ئەدەبدا**

**نووسینی: عەبدولڕەحمان مەعروف**

**ساڵی چاپ: ٢٠١١**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.**

نووسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە مادام ئەدەب داهێنان و ئیفرازاتی ئادەمیزاد بێت و مادامەکێ ئادەمیزادیش دەچەوسێتەوە، دەکرێ بڵێین ئەدەب خۆی لە خۆیدا بەرەنگاربوونەوەیە.. بەرەنگاربوونەوەی ئەو شتانەی کە کراون و هەڵەن، یان ئەوانەشی کە رەنگە بکرێن و هەڵە بن، بۆ ئەوەی راستتر لە ماهیەتی ژیان بگەین! دەشتوانین بڵێین: مادام ئازار هەیە، کەواتە دەبێ بەرەنگاربوونەوە و پیاهەڵشاخان بە رووی ئازار بەردەوام بێ.

ئەم کتێبە لە سێ تەوەری سەرەکی هزر و زمان و ئەدەبدا، قسە لەسەر چەند بابەتێکی پەیوەست بەم سێ بوارە و چەند نووسەر و روناکبیرێکی کورد و جیهانی دەکات.

لەو بابەتانەی باسیان دەکات (ئەدەبی بەرەنگاری، دەقێکی فۆلکلۆری، چەند سەرنجێکی زمانەوانی، خۆشەویستی چییە؟، خۆشەویستی لە روانگەی ئەریك فرۆمەوە....).

لە چەند بەشێکدا قسە لەسەر نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن و هەندێ لایەنی شاعیر و نووسەرە گەورەکانی وەکو هێمن و مەحوی و نالی و ئەحمەدی کۆر و سامی عەوداڵ و مەستوورەی ئەردەلانی دەکات، جگە لەمانە باسی دوو نووسەری ناوداری جیهانی دەکات، نووسەری گەورەی رووسی مەکسیم گۆرکی (١٨٦٨-١٩٣٦)، کە نووسەری چەندین چیرۆك و شانۆگەریی و رۆمانی گەورەیە و ناوبانگێکی زۆری لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە.

هەروەها باسی شاعیری سوریالی ناوداری فەڕەنسی گییووم ئەپۆلینێر (١٨٨٠-١٩١٨) دەکات، ئەپۆلینێر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیست ژیاوە و لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتی لە ئەدەبیات فەڕەنسیدا سەری هەڵداوە، واتا لەو سەردەمەدا چەندین رێبازی جۆراوجۆر لە ئەدەبیاتی فەڕەنسیدا لە ئارادابوون.

نووسەر لە رێگای (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەندا، کە تەوەری سەرەکی رۆمانەکە دەسەڵاتی باوك و باوکسالاریی و کاریگەرییەکانی ئەم دەسەڵاتەیە، تیشك دەخاتەسەر ئەوەی کە مانەوەی دەسەڵات، فشار و زەبروزەنگ وەکو ئەلتەرناتیڤێك درێژە بە بوونی ئەو دەسەڵاتە دەدەن، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئایا زەبروزەنگ و فشار خستنەسەر وەکو بەدیلێکی هەمیشەیی رۆڵی خۆیان دەبینن بۆ مانەوەی دەسەڵات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش دەڵێین: فشار، زەبروزەنگ و زوڵم، لە هەربارێکدا بێت، دەتوانێت وەکو رێگاچارەیەکی کاتی بدرێتە قەڵەم، ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بەکارهێنانی زەبروزەنگ کاریگەری نابێت، هەرچەندە دەتوانێت بە هۆی بەکارهێنانی زۆر و فشار و

پاڵەپەستۆی زیاترەوە، ئەوا بۆ ماوەیەکی کەم، ڕێژەیەکی پتر لە خەڵك بخرێتە ژێر باڵی دەسەلاتەوە، بەلاّم پەنابردنە بەر ئەم ڕەفتارە، بە هەر چ شێواز و بابەتێك بێت، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ.

زمان، بوون و ناسنامەی نەتەوەییە و بە ڕەشبوونەوە و لەبەینچوونی زمان، نەتەوەش لە پەلوپۆ دەکەوێت، بەلاّم نووسەری ئەم کتێبە پێی وایە ئێمە خۆمان غەدر لە زمانی خۆمان دەکەین و پێویستە لە نووسین و وەرگێڕان و دۆبلاژکردنی فیلم و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، ڕێز لە زمان بگیرێ و گرنگی پێ بدرێ.

# ئایندەسازی




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: ئایندەسازی**

**نووسینی: د. ئەحمەد ئەبوزەید**

**وەرگێڕانی: تاهیر عوسمان**

**ساڵی چاپ: ٢٠١١**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.**

ئەم نووسینانەی لێرەدا وەرگێڕدراون و کراون بە کتێب، لە بنەڕەتدا گۆشەیەکە کە دکتۆر (ئەحمەد ئەبوزێد) لە گۆڤاری ئەلعەرەبی کوەیتیدا لە ژێر ناونیشانی (مستقبليات-ئایندەسازی) بڵاویان دەکاتەوە. وەرگێڕ چەند بابەتێکی ئەم گۆشەیەی هەڵبژاردووە و وەریگێڕاون و لەم کتێبەدا چاپی کردوون.

زانستی ئایندەسازی: یەکێکە لە زانستە پێشکەوتووە تازەکانی جیهان، لێکۆڵینەوە و بابەتی تێروتەسەلی لەبارەوە نووسراوە و دەنووسرێ، دکتۆر ئەحمەد ئەبوزێدیش لە ژێر ڕۆشنایی ئەم زانستەدا درێژە بە نووسینی گۆشەکەی دەدات.

دکتۆر ئەحمەد ئەبو زەید مامۆستای زانکۆ و نووسەرێکی ناوداری میسرییە، لە ساڵی (١٩٢١) لە ئەسکەندەرییەی میسر لەدایکبووە، بە شێخی زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی عەرەب ناسراوە، یەکێکە لە زانا ناودارەکانی ئەم بوارە و براوەی چەندین خەڵاتی بوارەکەیە، پێشتر پسپۆری نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە، مامۆستای گەڕۆکە لە ژمارەیەك زانکۆی عەرەبی و جیهانی، لە هەردوو زانکۆی ئەسکەندەریە و ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی و خاوەنی دەیان کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوەیە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە سەرنجڕاکێشن، بۆ نموونە، لە بابەتێکدا لە ژێر ناونیشانی (ئایا دەکرێ دەوڵەت بوونی نەمێنێ؟) نووسەر ئەو پرسە دەوروژێنێ کە ئایا دەکرێ دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی سیاسی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوونی نەمێنێ و لە جێگای ئەودا کۆمپانیاکان ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن؟ دەنووسێت: "سەرباری دان نان بەوەی کەوا (دەوڵەت/نەتەوە) ئێستا ئەو شێوە بنەڕەتییە زاڵەیە کە پەیوەندییە سیاسییەکانی زۆربەی بەشەکانی جیهان پێکدەهێنێ، بەڵام گومان و مشتومڕێکی زۆر ئێستا لەمەڕ ئەگەری بەردەوامبوون و پێویستی مانەوەی ئەو پێکهاتە لە ئایندەدا لە ئارادایە. بە تایبەتی کە چەندین بارودۆخ و فاکتەر و دیاردەی کۆمەڵایەتی و هۆکاری سیاسی و ئابووری هەن، بەیەکەوە کار بۆ تێکدانی قەوارەی (دەوڵەت/نەتەوە) دەکەن وەکو ڕێکخستنێکی کارا، کە لەوانەیە ببێتە هۆی نەمانی یەکجارەکی لە زۆربەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا".

هەروەها لە بابەتێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە ئایا "پەیوەندییە پتەوەکانی نێوان ڕۆبۆت و مرۆڤ بە چی دەگات؟". تیایدا ئەو پرسیارانە دەوروژێنێ "ئایا پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ڕۆبۆت پەرەدەستێنن؟ ئایا ڕۆبۆت توانای هەست و سۆز و هەڵچوونەکان بەدەست دێنێ تاوەکو پەیوەندی نێوان خۆی و ئادەمیزادی پێ پتەو بکات؟" لە ڕێگای ئەم پرسیارانەوە،

نووسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و رۆبۆت شی دەکاتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو کە ئاخۆ دەکرێ مرۆڤ پەیوەندی سۆزداری لە جیاتی رەگەزی بەرامبەر یان لەجیاتی پەیوەندی هاوسۆزی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، ئەو جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ رۆبۆتتدا ببەستێت؟!

هەروەها لە چەند بابەتێکدا باس لە رۆلی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێ دەکات لەوانەش: "ئینتەرنێت.. دواگۆڕەپانی دیموکراسییەتی ئەلیکترۆنی ــ تۆڕی ئینتەرنێت و ئەگەری دروستبوونی زمانێکی جیهانی ــ رەوشت و بەها کۆمەلاّیەتییەکانی دوارۆژ لە ژێر گوشاری پێشکەوتنی زانستدا.."و چەندین بابەتی دیکە.

# دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە




**پێناس:**

**ناونیشانی کتێب: دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە**

**نووسینی: سەباح رەنجدەر**

**ساڵی چاپ: ٢٠١١**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**لە بلاّوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی.**

سەباح رەنجدەر لە دووتوێی یەك كتێبدا, دوو كتێبی لەبارەی شیعرەوە چاپكردووە:

كتێبی یەكەم: لە حەوت مانیفیستی شیعریی پێكهاتووە كە نووسەر لە كاتی جیاوازدا نووسیوونی, مانیفێستەكان لە ژێر ئەم ناونیشانانەن: "(ناسینی بوونی شیعر و خۆدەستنیشانكردن), (شیعر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانی بۆ هەموومان), (بەشداریكردنی شیعر لە ئامادەكردنی هەقیقەتدا), (شیعر و چالاككردنی هەستەكان), (ئەفراندنەوەی جوانییەكان لە دووبارەكردنەوەیاندا), (لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا), (شوێنی زەینی لە شیعردا)". لە میانەی ئەو مانیفێستانەوە نووسەر (وەك شاعیرێك) باس لە ئەزموونی نووسینی خۆی و تێڕوانینەكانی خۆی بەرامبەر شیعر و شاعیر دەكات.

ئەركی شاعیر ئەوەیە گۆڕان لە ڕوانین و نەریتی باوی كۆمەڵگا دروست بكات، واتە شۆڕشگێڕ بێ لە ڕوانین و گۆڕینی چێژ بۆ جوانی. كە جوانیشی خۆشەویست كرد لەناو كۆمەڵگادا، واتە تەواوی ژیانی خۆشەویست و پەسند كردووە.

بە لای نووسەرەوە شیعر لە ژیان و بینینی كورددا ڕۆڵ و ئامادەیی كاریگەری خۆی سەلماندووە و خاوەنی شوێنی ناوەندە، لەبەر ئەمەشە وەك دیاردەیەكی پێویست و دامەزرێنەر تەماشای دەكرێت، ئەم تەماشاكردنەش وای كردووە لە چالاكییەكانی بیركردنەوەی كۆمەڵگای كوردیدا، شیعر پێشەنگی وەربگرێت و زۆرینەی شتەكانی لەسەر دابمەزرێندرێت، ئەم دامەزراندنەش دەگوازێتەوە ناو ژیانی شیعر، شیعریش پڕۆژەیەكە لەمێژە بەردەوامە، ئەم هەوڵانەی لەمەودواش دەدرێن، تێكەڵ بەو هەوڵانە دەبن، كە لەمەوپێش پرسیاربوون و لە ژیان كراون، بەردەوامیش پڕۆژەی شیعریی پرسیاری ترسناك و وروژێنەر لە ژیاندا دەكات و مەرگ لە ژیاندا ئامادە دەكات.

كتێبی دووەم: سەرنج و تێبینییە لەبارەی دە كۆمەڵە شیعری كوردی, كە هەر یەكێك لەم شاعیرانەی قسەیان لەسەر كراوە كاریگەریی و تایبەتمەندی خۆیان لە ناو ئەدەبیاتی كوردیدا هەبووە و هەیە, نووسەر ئەزموونی هەر یەكە لەم شاعیرانەی بە وردی خوێندۆتەوە و دواتر هەر یەكە و قەسیدەیەكی وەك نموونە لێ وەرگرتوون قسەی لەسەر كردوون, شاعیرەكانیش ئەمانەن: "جەمال شارباژێڕی, جەلالی میرزا كەریم, لەتیف هەڵمەت, ئەنوەر قادر محەمەد, سەلام محەمەد, جەلال بەرزنجی, عوسمان شەیدا, سەلاح شوان, دڵشاد مەریوانی, سەلاح محەمەد".

له بارەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەم شاعیرانە و قسەکردن لەسەریان دەنووسێت: "ئەو بەرهەمەم وەك سەرنج و تێبینی رۆژنامەوانی نووسیوە, بەلاّم ئەو شیعرانەم هەڵبژاردوون کە شتێکیان تێدا هەبووە و هەستم پێکردوون, ئەم هەستپێکردنەش بە هۆی بایەخی داهێنانەوە لە بیرکردنەوەدا دەبێتە رووداو, نەشهاتووم قسە لەبارەی کڕۆك و شیکردنەوە و پەیژەی سەرکەوتن و دابەزینیان بکەم, بگرە قسەم لەبارەی هەستپێکردنیانەوە کردووە".